# نووسەری کورد

٣
ئابی
٢٠٢٥

**گۆڤارێکی ئەدەبی و رووناکبیرییە یەکێتیی نووسەرانی کورد/ مەڵبەندی گشتی دەریدەکات/ خولی نوێ**



**خاوەنی ئیمتیاز**
**یەکێتیی نووسەرانی کورد**

**سەرنووسەر**
**پرۆفیسۆر د. هیمداد حوسێن**

**جێگری سەرنووسەر**
**ئازاد عەبدولواحید**

**دەستەی نووسەران**
**ئەحمەد عارف**
**ئەنوەر محەمەد تاهیر**
**ئاکۆ کەریم مەعروف**
**حەمە عەباس**
**د.عادل گەرمیانی**
**موحسن قوچان**
**نیازی حەمەعەزیز**

**هەڵەچن**
**حەمە ئەحمەد جاف**

**بەڕێوەبەری هونەری**
**فەهد شوانی**


* ناوەرۆکی بابەتەکان گوزارشت لە بۆچوونی نووسەرەکانیان دەکات.
* دەتوانن بابەتەکان بۆ ئەم ئیمێڵانە بنێرن:


nusarikurd@gmail.com
hemdad9@gmail.com

ژمارەی سەرنووسەر
٠٠٩٦٤٧٥٠٤٦١٧٢٦٧



بەڕێز (د. ڕێواس فایەق) تێچووی ئەم ژمارەیەی لە ئەستۆ گرتووە.

نرخ: ٢٠٠٠ دینار
تیراژ: ٥٠٠ دانە

**ناونیشان: هەولێر - جووت سایدی عەداله.**

## لەم ژمارەیەدا:


گرفتی ناسنامەی دەق.. سەرنووسەر ........................ ٣

*** رەخنە و توێژینەوە:**

تەکنیکەکانی دووپاتکردنەوە لە رۆمانی (تۆڵە).. د. نەجم ئەڵوەنی ........................ ٤

پەیوەندیی نێوان رۆمان و کۆمەڵگە.. د. عەبدوڵڵا رەحمان ........................ ٢٨

ناهۆشیاری میتۆدبەندی و نەپاراستنی.. د. ڕێبین خەلیل قادر ........................ ٤٥

موفتی پێنجوێنی و کاریگەریی رۆژنامە.. د. نەوزاد عەلی ئەحمەد ........................ ٧١

*** وتار:**

لدەمێ ئەدەب ل ماهییەتێ دگەڕیێت دبیتە فەلسەفە.. د. ڤژان نعمان حجی ........................ ٩١

ڤێرن و کالڤینۆ و مارکیز: بەپیتیی جیهانی واقعی.. و: سەباح ئیسماعیل ........................ ٩٩

هێڵ و گونجاندنی هێزی خود لە ئەزموونی سەباح ڕەنجدەردا.. بڵند باجەلان ........................ ١٠٤

مێژووی ئەدەبی دژە شەڕ.. لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن ........................ ١١٥

*** شیعر:**

ئەو شوێنەی کە فڕۆکەکە دیار نەما.. جەلال بەرزنجی ........................ ١٢٠

پەناگەهـ.. هلبین باقر ........................ ١٢٣

تێکەڵەیەک بە چەند تامێکەوە.. موحسین ئاوارە ........................ ١٢٥

باخچەکانی ژیان گوڵی مردنیش دەگرن.. حەمە عەباس ........................ ١٢٨

*** چیرۆک:**

خاتوون.. سەبا ئەحمەد ........................ ١٣١

سێ گریانی چۆنیەک، سێکاتی جیاواز.. ئەحمەد عارف ........................ ١٣٧

دیاریی جادووگەر.. لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق ........................ ١٤٠

ماتۆڕی کارەبا.. و: خالید ڤاتیحی ........................ ١٤٨

*** خوێندنەوەی کتێب:**

خوێندنەوەیەک بۆ دیوانە شیعری ئەو ڕۆژانەی.. د. سەعید محەمەد بەرزنجی ........................ ١٥٤

بەیاننامەی یەکێتیی نووسەرانی کورد ........................ ١٦٠


هەواڵنامەی کتێب

# گرفتی ناسنامەی دەق



سەرنووسەر


جاران لە مێژووی ئەدەبیاتی میللەتاندا کێشەی ناساندنی ناسنامەی دەق کەمتر بوو.ژانرە ئەدەبییەکان لەنێوانی شیعر و پەخشاندا زیاتر نەبوو. کە رەگەزە سەرەکییەکانی شیعری تێدا بووایە وەکو وێنەی شیعری و کێش و سەروا و رەوانبێژی و مۆسیقا و ریتم ئیتر ئەو بەرهەمە شیعر بوو، ئەوانەی تێدا نەبووایە بە پەخشان دادەنرا. ئەمرۆ لە سەردەمی نوێدا و بە تایبەتی لە مێژووی ئەدەبیاتی ئەوروپا دوای رێنیسانس و گەشەکردنی هزر و دەسکەوتە زانستییەکان ئەدەبیاتیش بە تایبەتی پێویستی سەردەم و فراوانبوونی کایە مەعریفییەکان، گێڕانەوە کێشەو ململانێ فەلسەفی و ئایدیۆلۆژییەکان چیتر شیعر دەرەقەت نەدەهات. تا ئەو جێگەی دەگوترا شیعر زمانی هەست و سۆزەو دەربڕی کۆمەڵگەی کشتوکاڵییە و پەخشان (بە هەموو هونەر و فۆرمەکانییەوە) دەربڕی ژیری و هزرە.

دوای بڵاوبوونەوەی ریبازە ئەدەبی و میتۆدە رەخنەییەکانی سەردەم بە تایبەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا میتۆدە فۆرمالیستییەکان ناسنامەیەکی تازەیان بۆ بەرهەمی ئەدەبی بەناوی دەق و بە تایبەتی جیهانبینی بنیاتگەرەکان خوڵقاند و بەشداری پێکردنی خوێنەر بووە لایەنی سێەم لە پرۆسەکەدا، لەپاڵ نووسەر و بەرهەمدا. ئەمەش لەلایەکەوە ئاسۆیەکی فراوانتری بۆ بەرهەمی ئەدەبی هێنایەپێشەوە و لەلایەکی دیکەشەوە ئاڵۆزییەکی لێکەوتەوە، کە نەتوانرێ بە ئاسانی ناسنامەی بەرهەمەکە دیاری بکرێت و بەناوی (دەق)ەوە پێشکەشی خوێنەر بکرێت. هەرچی پاساوێکیشی بۆ بێنیتەوە دواجار بەناوی ئازادی لە دیدی رەخنەگر و بەناوی خوێندنەوەی جیاوازەوە رێگەی خۆی دەگرێت.

لە ئەدەبی کوردیشدا هەندێ بەرهەمی ناکامڵ و ناپێگەیشتوو لێرەو لەوێ بەناوی (دەقی ئەدەبی) بڵاودەکرێنەوە هیچ بنەمایەکی نووسین و داهێنان و چێژی ئەدەبییان تێدانییەو بەناوی نوێخواز و نوێخوازترەوە،کە لە قسەی هەلەق و مەلەق زیاتر هیچی تر نین.

# تەکنیکەکانی دووپاتکردنەوە لە ڕۆمانی (تۆڵە)ی (محەمەد موکری)دا

٢ - ٢



هەواڵنامەی کتێب

پ. د. نەجم ئەڵوەنی

لەبەرئەوەی ئەم گێڕانەوەیە (دووپاتکردنەوەیە) لەڕێی پاشخەرییەوە ئەنجامدراوە واتە بەپڕۆسەی بیرهێنانەوە پێشکەشکراوە و زەینی کارەکتەر واتە مچە بووە بە ئامڕازی بیرهێنانەوەکە، هەموو بیرهێنانەوەکەیش گەڕانەوەیە بۆ رابردوو، بۆیە هەروەکو (ژنێت) دەڵێ: ((ئەم گەڕانەوەیە دەبێتە بەشیک لەبەشەکانی گێڕانەوەی ناوەکی و لەمەیاندا لەنێوان ماوەیەک بۆ ماوەیەکی دیکە گێڕانەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ بەسەرهاتەکانی رابردوو لەڕێی بیرهێنانەوەوە)) (٤٠).

لەم رۆمانەدا هەندێ رووداو لەڕێی تەکنیکی پێشخەرییەوە دووپاتکراوەتەوە.

پێشخەری جگە لەوەی کە رووداوێک پێشوەختی خۆی دەگێڕێتەوە، لەهەمانکاتدا (ئەرکێکی دیکەش لەسستەمی رووداو دا دەگێڕێت کە ئەویش بریتییە لە دروستکردنی حاڵەتی چاوەڕوانی لای خوێنەر..)) (٤١) ئەم حاڵەتەش لەم نموونەدا روونەبێتەوە، مچە دەڵێ:

جارێکیان مامۆستا بەکر لەقوتابییەکانی دێی پرسی:

(-حەز دەکەن لەدوا رۆژدا ببن بە چی ؟

هەر هەموو قوتابییەکان بەیەک دەنگ وتمان:

-پێشمەرگە) (٤٢)

ئەم پێشخەرییە لەلاپەڕە (١٥٠) ی رۆمانەکەدا بەدیدێت و مچە بەم شێوەیە باسی دەکات:

(ئەو ساڵە گەلێ لە قوتابیانی قوتابخانەکەی دێیەکەی خۆمانم بینی، هەموو گەورە ببوون، دابەش ببوونە سەر مەفرەزەو تیپەکان، لەناوچەکانی دیدا پێشمەگە بوون...).

ئەم رووداوە لەدوو زەمەنی جیاوازدا روویداوە، یەکێکیان زەمەنی رابردووەو دووەمیان زەمەنی ئێستای گێڕانەوەیە، هەروەها لەرووی شوێنیشەوە، لەدوو شوێنی جیاوازدا روویداوە. ئەمەش یەکێکە لە خاسیەتە گرنگەکانی ئەو دووپاتکردنەوەیە. ئەم تەکنیکە ئەوە دەخوازێ کە رووداوە دووبارە بووەکە لەهەردوو حاڵەتدا تەواو لەیەک نە چن.

باوکی مچە وەک خۆی باسی دەکات، کەسێکی زۆر تووڕەو مۆن بووە و لەزۆر شوێنی ئەم رۆمانەدا باسی ئەو تووڕەبوونە دووبارە بۆتەوە. بۆ نموونە مچە دەڵێ: ((باوکم هەمیشە مۆن بوو، هەر لەهیچە تووڕە دەبوو، دەنگی بەرزدەکردەوە، نەک تەنها لەگەڵ مندا کەزۆر ئەزیەتی دەدام و حەزی نەدەکرد بمبینێ، بەڵکو لەگەڵ زڕ براکانم و هەموو خەڵکی دێیەکەشمان وابوو...)) (٤٣). ئەم تووڕەبوونە سیفەتێکی ناسراوی حاجی محێدین بووە و بەشێک بووە لە کەسایەتی ئەو کارەکتەرە، بەڵام تووڕەبوونی نائاسایی حاجی محێدین پەیوەندی بەهەواڵێکی سیاسییەوە هەیە کە

ئەویــش هەواڵــی نســکۆی شۆڕشــی ئەیلوولــە کــە مچــەی کارەکتــەری ســەرەکی ئــەم ڕۆمانــە لەلاپــەڕە (٣٣) دا، بــەم شــێوەیە باســی دەکات: ((چ جــارێ باوکــم وابەتوڕەییــەوە نەبینــی بــوو، ســەرتاپا لەشــی دەلــەرزی، چاوەکانــی ســوور هەڵگەڕابــوون، ڕووخســاری هەنــد گرژبــۆوە، خەریــک بــوو برۆکانــی بەیەکەوەگەیشــتن، ئــەو ڕۆژە لەپۆلــی شەشــی ســەرەتایی بــووم، لــە پەنجــەرەی قوتابخانەکــەوە چــاوم پێــوە بــوو، بەدەنگــی بــەرز لەنێــو خەڵکەکــەدا قســەی دەکــرد:

– نابێ... چۆن شتی وا دەبێ؟))

لــە حاڵەتــی یەکەمــی تووڕەبوونەکــەی حاجیــدا تەنیــا باســی دەنــگ بەرزبوونەوەکــراوە و ئامــاژەش بــەوەوە دراوە کــە لەهیچــە حاجــی تــووڕە دەبــوو، بــەڵام لەحاڵەتــی دووەمــدا وەســفی ســوور هەڵگــەڕان و گرژبوونــی ڕووخســارو بەیــەک گەیشــتنی برۆکــراوە، هەروەهــا ئامــاژەش بــەوە دراوە کــە ئەمجــارە تــووڕە بوونەکــە لــەڕادە بــەدەرەو پەیوەنــدی بەنســکۆی شۆڕشــی ئەیلوولــەوە هەیــە. کەواتــە شــێوەکانی گێڕانــەوەی ئــەو ڕووداوە لــەڕووی وەســف و مەبەســتەوە، دەقــاو دەق لەیــەک ناچــن ئەگەرچــی هــەردوو حاڵەتەکــە پەیوەندییــان بەیــەک دیــاردەوە هەیــە کــە ئەویــش تووڕەبوونــی حاجییــە.

ئەگەرچــی ئــەم جــۆرەی دووپاتکردنــەوە، لەدووپاتکردنــەوەی تــاک تــا ڕادەیــەک زیاتــر لــەم ڕۆمانــەدا بەرچــاو دەکــەوێ، بــەڵام هیشــتا لەدووپاتکردنــەوەی دووبارەکــراو و هاوچەشــن گەلــەک کەمتــر لەدەقەکــەدا بەکارهاتــووە و لــەم لاپەڕانەشــدا نموونــەی دیکــەی دەبینــرێ: (١٠، ١٩، ٣٠، ٣٣، ٥١، ٥٤، ٥٥، ٥٧، ٦٣، ٦٨، ٨١، ١٠٦)و...هتــد.


**ج/دووپاتکردنەوەی دووبارەکراوە:**

ئەمجــۆرە دووپاتکردنەوەیــە لــە ڕۆمانــی نوێــدا زۆر بەکارهاتــووە و هۆیەکەشــی بــۆ ئــەوە دەگەڕێتــەوە کــە زەمەنــی مێژوویــی ڕووداوەکان زۆر کورتــرە لــە زەمەنــی گێڕانــەوە. هەمــان ئــەم دیاردەیــەش لەڕۆمانــی (تۆڵــە) دا بەئاشــکرا دیــارە، چونکــە ڕۆماننــووس بــۆ درێژەپێدانــی گێڕانــەوە و زەمەنــی خوێندنــەوە، بەفلاشــباک

(پاشخەری) بۆ گەلێ رووداوی جۆراو جۆر گەڕاوەتەوە و زۆربەی ئەو فلاشباکانەش بریتین لە گەڕانەوە بۆ زەمەنێک کەدەکەوێتە دەرەوەی زەمەنی دەستپێکردنی رووداوەکانی رۆمانەکە. بەشێکی زۆری ئەو رووداوانە لەرێی دووپاتکردنەوەوە خراوەتە نێو تەونی دەقەکەوە، ئەمەش رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە لە راگرتنی زەمەنی رووداوەکان لەشوێنی خۆیاندا، چونکە ((هەرجارێک گێڕانەوەی (رووداو) دووبارە ببێتەوە، زەمەنیش دووبارە دەبێتەوە... لەبەر ئەوە هۆشەکاریمان (موبالەغەمان) نەکردووە کە بڵێین دووپاتکردنەوەی دووبارەکراو بناغەیەکی سەرەکییە لە بناغەکانی دووپاتکردنەوەی زەمەن لەرۆمانی شەپۆلی هۆشدا)) (٤٤).

دووپاتکردنەوەی دووبارەکراوە بریتییە لە (چەند جار گێڕانەوەی ئەوەی یەکجار روویداوە. ئەمجۆرەیان پێی دەگووترێت گێڕانەوە، یان دەقی دووبارەکراوە. لەمجۆرەدا، رووداو زیاتر لەجارێک دەگێڕدرێتەوە، یان بەگۆڕینی گێرەوە بە گێرەوەیەکی دیکە و گۆڕینی کارەکتەر بەکارەکتەرێکی دیکە)) (٤٥).

لەرۆمانی تۆڵەدا دەیان نموونەی تەکنیکی دووپاتکراوی دووبارەکراوە بەکارهاتووە، هەندێکیان پەیوەندییان بەدووپاتکردنەوەی ناوو هەندێکیان تایبەتە بە دووپاتکردنەوەی کردارو هەندێکی تریان تەنیا یەک سیفەت دووبارەو سێ بارە دەکەنەوە. لەزۆربەشیاندا (کارەکتەر، گۆشەنیگا) دەگۆڕێن و هەندێکیان زەمەنی رابردوو بەئێستاوە دەبەستن بۆ ئەوەی بەراورد لەنێو دۆخەکانی یەک حاڵەتدا بکەن و هەندێکی تریشیان سەرەتای رۆمان بەکۆتایی رۆمانەکەوە گرێدەدەن و سیفەتێکی بازنەیی بەگێڕانەوەکەی دەبەخشن. بۆ نموونە مچە لەلاپەڕە هەشتی رۆمانەکەدا دەڵێ: ((خۆ ئەگەر کەسەکە روو وەرچەرخێنێ و بەدیوی لای مندا بڕوانێ، ئەوا لەدامێن و لەنێو هەندێ داری زل و شاشدا دەیان مرۆڤ دەبینێ، بەسەد مەترێ لەژوورەوەی ئەوانیشەوە (من) دەبینێ، لەپاینی گابەردێکدا رووە و چیا دانیشتووم... دەشێ کەسەکە بپرسێ (ئەرێ بۆ ئەو تاقە نەفەرە لەو دەپانزە کەسە




جیا ببوەتەوە و بەتەنها دانیشتووە؟) ئەڵبەتە ئەو نازانێ بۆ؟ بەڵام من باسی دەکەم، بۆ دوورە پەرێز دانیشتووم- پیش ئەوەی بێمە سەرباسەکە دەپرسم:

-ئەرێ دەشێ، مرۆ کەڵکی ئەوەی هەبێ لەیەککات و شوێندا، سەرکەوتنێکی گەلێ مەزن و کۆستێکی سەخت گەمارۆیان دابێ و بتوانێ تەحەموول بکات؟!

پێویستم بە چ وەڵامێک نییە. پێشەکی دەڵێم (ئا) چونکە مرۆ لەسەرکەوتنی مەزن مەزنترەو خۆی خاوەنێتێ (کۆستیش هەرچەندە ئەستوور و سەخت بێ، تینی هیوای ژیانویستی رایدەماڵێ..)، ئێستاش _ ئەوە_ منم لەنێوانی ئەو دوو دژەدا نیمچە حەپەساوم)) (٤٦).

لێرەدا مچە باسی ئەوە دەکات کە چۆن بەحەپەساوی و کۆستکەوتوویی لەپەنای گابەردێکدا دانیشتووەو لەنێوان چێژی سەرکەوتن بەسەر دوژمن و خەمی شەهید بوونی مەحموودی برایدا دۆش داماوە.

پاشان مچەی کارەکتەر و سەنتەری گۆشەنیگای گێڕەوە، جارێکی دیکە دێتەوە سەر باسکردنی ئەم حاڵەتەی خۆی و دەڵێ: ((من (ئێستا) لەپەنای ئەم گابەردەیا دانیشتووم، چاوم بڕیوەتە چیا سەخت و رووتەکەی بەرانبەرم، دەروونم دەکوڵێ، چ هەست بەجوڵەی ئەو هاوڕێیانەی دەوروبەرم ناکەم- کە خۆیان لەبەر من- دوورگرتووە، نایانەوێ ئەم تەنهاییەم لێ

بشـێوێنن... (ئێستا) کە بەچاوی دڵ سـەیری ئـەم کۆسـتە دەکـەم وادەزانـم مـن هـەر بـۆ کۆسـت لەدایکبـووم...)) (٤٧).

لـەم بڕگـەدا بەهەمـان شـێوە باسـی شـوێنی دانیشـتنی خـۆی کـردووە و جەختـی لەسـەر کۆسـتکەوتوویی خـۆی کردووەتـەوە، بـێ ئـەوەی ئامـاژە بـە سـەرکەوتنەکە بکاتـەوە. لەهەمـان کاتـدا ئـەوەی روونکردووەتـەوە کـە هاوڕێیەکانی لەبـەر دڵـی ئـەو نایانـەوێ ئـەم تەنهاییـەی لـێ بشـێوێنن. دوای ئـەوە جارێکـی تـر دێتـەوە سـەر باسـکردنەوەی هەمـان رووداو و ئامـاژە بەهەمـان جـێ و حەپەسـانی خـۆی لەنێـوان سـەرکەوتن و کۆسـتکەوتندا دەکاتـەوە و دەڵـێ: ((ئایا ئینسـان... ئینسـانی ئـەم سـەدەیە... لـەم ڕۆژهەڵاتـە، دەتوانـێ بەرگـەی سـەرکەوتنێکی مـەزن و پشتشـکانێکی مەزنتـر بگـرێ، بتوانـێ باوەڕیـش بەخـۆی بێنـێ کـە (هەیـە) و دەتوانـێ بەردەوامـی بەژیانـی بـدات؟.. ئەمـە مـن و جێیەکـەم و چیـا سـەخت و رووتەکـەی بەرانبـەرم و ئاگرسـتانەکەی ئـەو دیـوی، ئـەو دیـوەی کەبەشـێکی تـەواوی تەمەنـی هەرەخۆشـی و منداڵـی و هەرزەکاریمـی هەڵمـژی بـوو، لەنێـو تـرس و حەپەسـان و دۆکەڵـدا، فێـری پشـت بەخـۆ بەسـتنی کـردم... )) (٤٨).

لـەم بڕگـەدا کـە دەکەوێتـە کۆتایـی رۆمانەکـە، هەمـان رووداو دووبـارە بۆتـەوە کـە لەسـەرەتای رۆمانەکـەو لەلاپـەڕە (٨) دا ئامـاژەی پێکـراوە. جیاوازییەکـەی لەوەدایـە کـە نـاوی ڕۆژهـەڵات، وشـەی پشتشـکان، باسـی تەمەنـی منداڵـی و هـەرزەکاری مچـە هاتووەتـە نـاو یەکەکانی رووداوەکـەوە. بەمشـێوەیە بۆمـان دەردەکـەوێ کـە ئـەم رووداوە کـە یەکجـار روویـداوە، چەندیـن جـار دووبـارە بووەتـەوە، دووبارەبوونەوەکـەش دابـەش بـووە بەسـەر سـەرەتا و کۆتایـی رۆمانەکـەدا. ئەگـەر لەروانگـەی پرۆسـەی گێڕانـەوەوە تەماشـای ئەمجـۆرە دووپاتکردنـەوەی ئـەو رووداوە بکەیـن دەبینیـن ئـەم رۆمانـە لەکۆتاییـەوە دەسـت پـێ دەکات و بەرەوتێکـی داشـکاو بـەرەو سـەرەتا گەڕاوەتـەوە، بـۆ ئەمـەش سـوود لـە تەکنیکـی شـەپۆلی هـۆش و زەینـی کارەکتـەری سـەرەکی وەرگیـراوە.

دیاردەی گرتن و کوشتن و زیندانی کردن و سووتاندنی گوندی کوردان بەپێی ئەم رۆمانە ((تەنیا لەبەر ئەوەیە کە کوردن)) ئەم دەستەواژەیە چەند جارێک دووپاتکراوەتەوە و هەرجارێک لەرێی کارەکتەرێکەوە جەختی لەسەرکراوەتەوە. بۆ نموونە کاتێ هەرزەکارەکانی دێ لەحاجی دەپرسن:

((-ئەرێ حاجی بۆ وایانلێدەکرێن؟

-باشە چەند جارم پێگوتن، چونکە کوردین، کورد!)) (٤٩)

ئەم گفتوگۆیە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی حەرەس قەومییەکان. ئەوانە هاتوون و هەندێ کەسیان لەخەڵکی دێ کوشتووە و ماڵ و سامانێکی زۆریان بەتاڵان بردووە و گوندەکەشیان سووتاندووە و پاشان ئەوەی ماوەتەوە لەگەڵ زەوییدا تەختیانکردووە.

کاتێ مچە پرسیار لەباوکی دەکات سەبارەت بەوەی کە بۆچی حکومەت گوندەکانی کوردستان وێراندەکات و باخ و باخات و دارو درەختیش دەسوتێنێ، لە وەڵامدا باوکی دەڵێ: ((ئەی چەند جار پێموتن لەبەرئەوەی کوردین!)) (٥٠)

لەلاپەرە (١٠٤)ی رۆمانەکەدا مچە هەمان دەستەواژە دووپات دەکاتەوە کاتێ کەباسی بارودۆخی ناو شار دەکات لەسەردەمی دەسەڵاتی بەعس، پاش نسکۆی شۆرشی ئەیلوول و دەڵێ:

((شارەکان لە خراپەوە بۆ خراپتر دەچوون، ئیعدامکردن لەبرەودا بوو، بەندیخانەکان ئاوەدانتر ببوونەوە، میری گەورە و بچووکی نەدەزانی پیرەمێرد گەر لەژێر تەعزیبدا نەکوژرابا ئەوا ئیعدام دەکرا، منالّ، ئافرەت، ئەوی دەستی کەوتبا، تاوانی سەرەکییان ئەوەبوو کە کوردبوون و هیچی تر...)).

لەلاپەرە (١٥٤) دا، (جوان)ی دەزگیرانی مەحموود جەخت لەسەر هەمان دەستەواژە دەکاتەوە کە دەڵێ: ((ئەوسا من دە ساڵان بووم، نەمدەزانی بۆ وامانلێدەکەن، هەر ئەوەندەم دەبیست... لەبەر ئەوەی کوردین، بۆیە وامانلێدەکەن)).

ئەم دەستەواژەیە، چەند جارێک دووپاتکراوەتەوە، جاری یەکەم و دووەم لەلایەن (حاجی محێدین)

ی باوکی مچەوە، کە جاریّ بۆ هەرزەکارانی دێ و جارێکیش بۆ مچەی کوڕی دووبارەی کردۆتەوە. جاری سێیەم لەلایەن مچەوە دووپاتکراوەتەوە و باسی خراپی وەزعی کوردان دەکات لەناوشاردا، بەتایبەتی پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول. جاری چوارەمیش لەلایەن (جوان)ی دەزگیرانی مەحموودەوە دووپاتکراوەتەوە. هەروەها جاری یەکەم و دووەم و چوارەم پەیوەندی بەسووتانی گوندەوە هەیە، کەچی جاری سێیەم پەیوەندی بەخەڵکی ناوشارەوە هەیە و باسی چۆنێتی گرتن و کوشتن و ئەشکەنجەدانی خەڵکی شارەکانی کوردستان دەکات. بەچەندبارکردنەوەی ئەو دەستەواژەیە، رۆماننووس دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە گۆڕینی دەسەڵات هیچ سوودێکی بۆ کورد نەبووەو لەسایەی دەسەڵاتە جیاوازەکان و لەزەمەن و شوێنە جیاوازەکاندا کورد هەر ستەمی لێکراوە بێ ئەوەی جگە لە کوردبوون، هیچ تاوانێکی دیکەیان هەبوو بێ.

بەگوێرەی ئەوەی کەباسمانکرد، بۆمان دەردەکەوێ کە دووپاتکردنەوەی یەک رووداو یان یەک دەستەواژە، یاخود یەک دیمەن، پشت بە هاوچەشنی تەواوی نێوان ژمارەی دووپاتکردنەوەکە نابەستێ، بەڵکو دەبێ پشت بەجیاوازی نێوانیان ببەستێ، وەکو گۆڕینی کارەکتەر، زمان، شوێن، بێ ئەوەی گۆڕان لەچەمکی سەرەکی رووداوەکەدا رووبدات.

رووداوی دەرکردنی مچەو فڕێدانی لەکەلاوەیەکی گونددا، کاریگەرییەکی دەروونیی سەخت لەسەر کەسایەتی ئەم کارەکتەرە بەجێدەهێڵێ و ئەم کاریگەرییە لەسەرەتاوە تا کۆتایی رۆمانەکە بەردەوام دەبێ و لەگەڵی شوێن و کاتی جیاوازدا، مچە، باسی دەکاتەوە. بۆ نموونە لەلاپەڕە (٩) دا مچە دەڵێ:

((من خەڵکی ئەو دێیەم، ناوم مستەفایە و زۆر جاریش پێم دەڵێن (مچە).. باوکم یەکێ بوو لەو جوتیارانەیساڵی یەکدوو جار هاتوو چۆی شاری دەکرد.. دایکم نەمابوو، باوەژنم هەبوو.. من لەماڵی باوکم دەرکرا بووم، لەماڵی (حەمە)ی

خاڵۆمدا ژیانم دەگوزەراند..)).

لەلاپەڕە (١١-١٢)دا، مچە باسی ئەوە دەکات کە تەنیا خاڵۆ حەمەی دەیتوانی لەناو گونددا، لەرووی باوکی بووەستێ و بڵێ:

((قوربان.. تۆ زیارەتی ماڵی خوات کردووە، بەناو (حاجیت) هەی تانجی! گەر تۆزقاڵێ غیرەتت هەبا، سەبرت دەکرد چڵەی ژنەکەت بچێ ئەوجا ژنێکی دیت دەهێنا.. گەر زەرەکیش رەحمت هەبا، لەبەر ژن، مناڵێکی سێ چوار مانگت دەرنەدەکرد!!)). لەلاپەڕە (١٢)دا، مچە لەسەر زاری خەڵکی دێ چۆنێتی فرێدان و دیتنەوە و بردنی بۆ ماڵی خاڵۆ حەمە باس دەکات و دەڵێ:

((وەک دەشگێڕنەوە- ئۆباڵەکەیشی بە ئەستۆی ئەوان- پاش ئەوەی نەنکم دەمرێ رۆژێ یان دووان بە برسێتی دەمێنمەوە، گریانە بێ ئامانەکەم دەوروبەر هەراسان دەکات، گوایە حاجی باوکم و باوەژنەکەم فرێمدەدەنە کەلاوەیەکی تەنیشتی ماڵەکەمان- خەڵکی ئاواییش نازانن چەن سەعات لەو کەلاوەیەدا ماوەتەوە.. تەنها ئەوەندە دەزانن، بەڕێکەوت مناڵێ دەبینن، دەمی بەگوانی دێڵە سەگێکەوەیەو دەیچەکێنێ!! ئیدی خەڵکی ئاوایی لێی کۆدەبنەوە، دەیبەنە مزگەوت، لەحەوزە ئاوەکەیدا گڵاوی دەردەکەن!! پاشانیش دەیسپێرنە دەستی (حەمەشێت) پێیدەڵێن: هەرچی ئەرک و مەسروفاتیشی هەیە لەسەر ماڵانی گوندەکەیە)).

لەلاپەڕە (١٠٩-١١٠) دا، مچە، بەمۆنۆلۆگ جارێکی دی دێتەوە سەر باسکردنی رووداوی دەرکردنەکەی و بەگرێکوێرەی سەردڵی دادەنێ ودەڵێ:

((منیش لەباتی ئەو بام، لەوکات و شوێنەی ئەودا، هەرهەمان ئەو رەفتارانەم دەکرد کە باوکم کردوونەتی تەنها یەک رەفتاری نەبێ، ئەویش تا لەژیاندابووم کەمتر ئەو رەفتارەیم وەبیری خۆم دەهێنایەوە، کەمتریش روو بەروو و راستەو راست لەخۆمم دەپرسی، تالەسەر ئەنجامدا حوکم لەسەر ئەو رەفتارەی باوکم بدەم رەفتارەکەیشی گەلێ نهێنی ئامێزبوو، تا ئێستاش وەک گرێیەک لەدڵمایەوە، دەرفەتی

ئـەوەم بـۆ نەڕەخسـا، پـێ بەجەرگـی خۆمـا بنێـم، بـێ شـەرم و تـرس، پرسـیاری لـێ بکـەم، تـا لەدەمـی خۆیـەوە وەڵامێـک ببیسـتم، داخەکـەم باوکـم نەمـا، پرسـیارەکەیش بـووە گرێکوێرەیەکـی سـەر دڵـم.. نەمزانـی بۆچـی باوکـم دەریکـردم، لەسـەرچی بـوو، تـۆ بڵێـی، ئـەو پیـاوە بـەو هەمـوو تەجرەبـە تێـرو تەسـەلە ئینسـانیەی خـۆی ئەوەنـدە بـێ ڕەحـم و ویـژدان بووبـێ؟ یـا شـتێکی دیـی ئـەو تـۆی قـورس و گرنـگ، پەیوەسـت بەرەوشـت و بۆچوونـی خـۆی، ئـەم کارەی پێکردبـێ؟ مـن شـیرە خـۆرە بـووم دەرکـرام، پێموانییـە چ گوناهێکـم هەبـوو بـێ)).

لێـرەدا، مچـەی کارەکتـەری سـەرەکی ڕۆمانەکـە، پەنـای بردووەتـە بـەر تەکنیکـی مۆنۆلـۆگ بـۆ ئـەوەی باسـی بـاری دەروونـی خـۆی بـکات، پـاش تێپەڕبوونـی چەندیـن سـاڵ بەسـەر ڕووداوی دەرکردنەکەیـی و پـاش ئـەوەی باوکـی دەیگێڕێتـەوە لای خـۆی و سـەرلەنوێ پەیوەنـدی خۆشەویسـتی لەنێوانیـان دروسـت دەبـێ و چەنـد ساڵێک پێکـەوە دەژیـن و دەبنـە هاوسـەنگەری یەکتـر تـا ئەوکاتـەی باوکـی شـەهید دەبـی. ئـەم مۆنۆلۆگـە بـە میکانیزمـی بیرهێنانـەوە ئەنجامـدراوە. باسـی بەشـێک لـە یادگارییـە تاڵەکانـی مچـە دەکات و پەیوەنـدی بەژیانـی منداڵـی ئـەوەوە هەیـە، ئەگەرچـی کاریگەرییەکانـی بـەردەوام بـووە لەساڵانی دیکـەی تەمەنیـدا، ((یادگاریـش دۆخێکـی ئاڵـۆزی هەیـە، پەیوەنـدی بـەدوو مـاوەی جیـاوازی ڕابـردووە هەیـە: ڕابـردووی ئـەو بەسـەرهاتانەی کـە بیردەهێنرێنـەوە، و ڕابـردووی کاتـی بیرهێنانەوەکـە، چونکـە ئەگـەر ڕۆمانەکـە چەنـد ڕووداوێـک بگێڕێتـەوە کـە لەڕابـردوودا ڕوویانـداوە، ئـەوا ئـەو شـتە بەشـێوەیەکی سـەرەکی بەمیکانیزمـی بیرهێنانـەوە ئەنجـام دەدات...)) (٥١).

هەروەهـا مچـە ڕووداوی دەرکردنەکـەی جارێکـی دیکـە لەڕێـی تەکنیکـی پاشـخەرییەوە دووبـارە دەکاتـەوە و ئەمجـارە دەیـەوێ تەئویلێکـی دیکـەی بداتـێ و دەڵێ: (حەمەشـێت)ی خاڵـم وەک باسـی دەکـەن، هـەر لـە مناڵییـەوە شـێتۆکە بـوو، بشـێ شـێتایەتی،

نەخۆشییەکی وراسی خانەوادەکەیان نەبووبێ، دایکیشم گیرۆدەی هەمان نەخۆشی نەبووبێ، باوکیشم بەئازاری ئەو نەخۆشییەی دایکم تلابێتەوە، منیشی هەر بەهەمان ڕەچەڵەک لەقەڵەم دابێ... گەر واشبووبێ، خۆ ئەمە نابێتە مایەی ئەوەی منی شیرە خۆر دەرکرێم..)) (٥٢).

ئەم پاشخەرییانە لەگێڕانەوەدا هەندێ ئەرکی گرنگ دەگێڕن، کە یەکێک لەوانە بیرخستنەوەیە، ((بیرخستنەوەی ڕووداوەکانی پێشترە بۆ ئەوەی بەپێی ئەو پێدراوە نوێیانەی لەڕووداوەکانی دواتردا هاتوون، ڕاڤەیەکی نوێیان بۆ بکرێت (٥٣). لێرەشدا، مچە، بەهۆی پەرەسەندنی پەیوەندی نێوان خۆی و باوکی، هەروەها بەهۆی ئازایەتی و گیانی خەباتگێڕی باوکییەوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی بەشێوەیەکی قارەمانانە شەهید دەبێ، دەیەوێ تەفسیرێکی تازە بۆ ڕووداوی دەرکردنەکەی بکات و بیبەستێ بەنەخۆشی شێتی خاڵیەوە کەلەوانەیە بەگوێرەی قسەکانی مچە ئەو بنەماڵەیە بەشێوەیەکی بۆماوەیی هەموو شێت بن و دایکی ئەمیش هەمان نەخۆشی هەبووبێ، بۆیە پاش مردنی ئەو، حاجی محێدین لەوە ترساوە مچەش شێت دەربچێ. لەگەڵ ئەوەشدا دواتر ئەم بەو تەفسیرە ڕازی نابێ، چونکە باوکی لەکاتێکدا ئەمی دەرکردووە کە منداڵێکی شیرە خۆر بووە. بەگوێرەی ئەوەی باسمانکرد دەبینین ئەم ڕووداوە کە چەندین جار دووپاتکراوەتەوە، هەر جارەو بەشێوەو شێوازێک خراوەتە نێو دەقەکەوە. یەکەمجار بەکورتی پاش ئەوەی مچە ناوی خۆی و پیشەی باوکی و ژینگەی ڕووداوەکەمان پێ دەناسێنێ، ئەوسا ئاماژە بەو ڕووداوە دەکات. دوای ئەوە خاڵە حەمە بۆ ڕیسواکردنی حاجی محێدین، باسی بێویژدانی ئەو کارەکتەرە دەکا و دەیەوێ بەباسکردنی کرداری دەرکردنی کوڕەکەی لەناو خەڵکیدا بەدناوی بکات. پاشان مچە لەسەر زاری خەڵکی دێوە باسی چۆنێتی دەرکردن و دیتنەوەی خۆی دەگێڕێتەوە، ئەوسا بەتەکنیکی مۆنۆلۆگ و دواتر بەتەکنیکی

پاشـخەری کەهەردووکیـان پشـت بەبیرهێنانـەوە دەبەسـتن، جارێکـی دیکـە ئـەم رووداوەی باسـکردووەتەوە، بەمجـۆرەش زەمەنـی گێڕانـەوە، چەنـد جارێـک راگیـراوەو هەروەهـا رابـردوو بەئێسـتاوە گرێـدراوە و لـەم خاڵـەدا سـەرەتاو کۆتایـی رۆمانەکـە یەکیـان گرتووەتـەوە.

لـەم رۆمانـەدا، چەندیـن رووداوی دیکـە بەرچـاو دەکـەون کـە یەکجـار روویانـداوەو چەندیـن جـار گێڕانەوەیـان بـۆ کـراوە، لەبـەر کورتـی سـنووری باسـەکە تەنیـا ئامـاژە بەنـاو و لاپـەڕەی هەندێکیـان بەمجـۆرەی خـوارەوە دەکەیـن:

١- رووداوی شـەهید بوونـی حاجـی محێدیـن و شـێخە شـەل کەیەکەمجـار پیشـمەرگەیەک بـۆ مچـە و مەحمـوودی بـرای لەلاپـەڕە (١٠٨و ١٠٩)ی گێڕاوەتـەوە. دووەم جاریـش لەلاپـەڕە (١٥٣ و ١٥٤)دا لەلایـەن (جـوان)ی کچـی شـێخە شـەلەوە دووبارەکراوەتـەوە.

٢- رووداوی فڕاندنـی کچـە گەرمیانییەکـە لەلایـەن (حاجـی محێدیـن)ەوە، کـە حەزیـان لەیـەک کـردووە و کـەس و کاری کچەکـە پێیاننـەداوە. ئـەم رووداوە بۆتـە هـۆی کوشـتنی کچەکـە و بەسـەختی برینـدار بوونـی حاجـی لەلایـەن کـەس و کاری کچـەوە. ئـەم رووداوە لەلایـەن مچـەوە لەلاپـەڕە (٢٦ و ٢٧) و هەروەهـا لەلاپـەڕە (١١٢) دا باسـکراوەتەوە.

٤- رووداوی شـەهید بوونـی ئەحمـەدی زڕ بـرای مچـە. ئـەم رووداوەش لەلاپـەڕە (٩٢ ، ٩٥ ، ٩٦ ، ٩٩، ١٠٢) دووپاتکراوەتـەوە.

٥- باسـی شـێتی خاڵـۆ حەمـە. ئـەم رووداوەش لەلاپـەڕە (١١ ، ١٢ ، ٥٢ ، ١١٤)...هتـد و دووپاتکراوەتـەوە.

٦- رووداوی سـووتانی گونـد، ئـەم رووداوەش لـەدوو زەمەنـی جیـاواز و یەکشـوێندا، کـە ئەویـش کوردسـتانی عێراقـە، چەندین جـار دووپاتکراوەتەوە. جـاری یەکـەم لەسـەردەمی حـەرەس قەومییەکانـدا روویـداوە و لەلاپـەڕە (٢٠ ، ٢١) دووپاتکراوەتـەوە، بـەڵام جـاری دووەم لەپـاش نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلـوول روویـداوە و لـەم لاپەڕانـەدا دووپاتکراوەتـەوە: (٥ ، ٦ ، ٧ ، ٨ ، ٩ ، ٤٦ ، ٥٠ ، ٥٦ ، ٦٠ ، ٦١ ، ٦٥ ، ١٠٤،...هتـد).

**د / دووپاتکردنەوەی هاوچەشن:**

ئەمجۆرە دووپاتکردنەوەیە، دەکرێ لەهەموو رۆمانێکی تەقلیدی و نوێدا بەرچاو بکەوێت. لەچوارچێوەی ئەم تەکنیکەدا هەرچی نەریت و رەفتار و سیفەت و خوو، و دیمەن و رووداو و قسەیەکی باو کە رۆژانە دووبارە دەبنەوە، دەخرێنە بەرچاو.

بۆ ئەوەی رۆماننووس، بەدووبارە کردنەوەی ئەو شتە باوانە، درێژدادرییەکی بێزارکەر نەکات، پەنادەباتە بەر چڕکردنەوەیان لەدەستەواژەیەکی وەکو: ((هەموو جارێ، گەلێجار، زۆرجار، هەمیشە، هەموو رۆژێک، هەموو شەوێک و...هتد). بۆ خۆپاراستن لەدووپاتکردنەوەی ئەو شتە باوانە، دەبینین رۆماننووس ((لەرێی تاک گوتارێکەوە کەیەکجار چەند رووداوێکی هاوشێوە، یان هاوچەشن، دەگێڕێتەوە)) (٥٤) خۆی لەو گرفتە رزگار دەکات.

کاتێ کە رۆماننووس دەیەوێ زەمەنی گێڕانەوە چڕبکاتەوە و رێنەدات ئەو زەمەنە لەوە زیاتر درێژبێتەوە کە خۆی دەیخوازێت، ئەوکاتە پەنا دەباتە بەر دووپاتکردنەوەی هاوچەشن و رووداوە باوەکان ((لەپرۆسەی گێڕانەوەدا بەچەند رستەیەک، یاخود کۆپلەیەک، یان دەستەواژەیەک، کورتدەکاتەوە.

ئەمەش لەرۆماندا پەیوەندی بەرووداوە هاوچەشنەکانەوە هەیە و بریتییە لەو رووداوە باوانەی کە خود هەموو رۆژێ و هەموو هەفتەیەک و هەموو ئێوارەیەک پێیدا تێپەڕیوە...)) (٥٥). کەواتە دەکرێ بڵێین رۆماننووس ئەوکاتە تەکنیکی دووپاتکردنەوەی هاوچەشن بەکار دەهێنێ کە دەیەوێ خۆی لەدووبارەکردنەوەی رووداوی ئاسایی و نەریتی لابدات کە (تۆدۆرۆف) پێیدەڵێ: گێڕانەوەی دانراو (٥٦).

ئەمجۆرە دووپاتکردنەوەیە زیاتر لەهەموو جۆرەکانی دیکە، لە رۆمانی (تۆڵە)ی محەمەد موکری دا بەکارهێنراوە و تەنانەت جاری وا هەیە لەیەک لاپەڕەدا چەند جارێک دووبارە بۆتەوە. بۆ نموونە لەلاپەڕە (٩) دا نزیکەی سێ جار دووپاتکرنەوەی هاوچەشنمان بەرچاو دەکەوێ. لەیەکەمیاندا مچە دەڵێ:

((مـن خەڵکـی ئـەو دێ یـەم، نـاوم مسـتەفایە و زۆرجاریـش پێمدەڵێـن (مچـە)...)). لەدووەمیانـدا مچـە دەڵـێ: ((باوکـم یەکـێ بـوو لـەو جوتیارانـەی سـاڵی یەکدووجـار هاتووچـۆی شـاری دەکـرد...)).

لەسـێیەمیاندا هـەر مچـە دەڵـێ: ((باوکـم هەژارێکـی تڕزلـی نەخوێنـەوار بـو، کـەس نازانـێ چۆن، یـا کـێ فێـری ئـەوەی کردبـوو بتوانـێ نـاوی خـۆی بنووسـێ، شـەش حـەوت دەقیقـەی پـێ دەچـوو تـا ناوەکـەی خـۆی دەنەخشـاند، وەک ئـەوەی کارێکـی گـەورەی کردبـێ، نووسـینەکەی نمایشـی (پیشـانی) خوێنـەران دەدا، خۆیشـی لێیڕادەمـا، جـار جـارەش دەیـووت: (پەکـوو ناوەکـەم چەنـد قورسـە:)). لـەم سـێ نموونـەدا، دووپاتکردنـەوە هاوچەشـنەکە بەدەسـتەواژەی: (زۆرجـار، یەکدووجـار، جـار جـارە) .دیاریکـراوە. یەکەمیـان بـۆ دووپاتکردنـەوەی نـاوی مچە و دووەمیان بـۆ دووپاتکردنـەوەی سـەفەرەکانی حاجـی بـۆ شـارو سـێیەمیان بـۆ دووپاتکردنـەوەی سەرسامی حاجـی لـە قورسـی ناوەکـەی بەکارهاتـووە.

لەهەنـدێ شـوێندا، دەسـتەواژەی (لەهەمـوو) یـان (هەرکەسـێ) بەکارهاتـووە، بـۆ ئـەوەی بەکورتـی و چـڕی و بەیەکجـار ئـەو نەریـت و ڕەفتـارە باوانـە بـاس بـکات کـە زۆرجار حاجـی محێدیـن دەینوانـد. بـۆ نموونـە: مچـە سـەبارەت بەنەریـت و ڕەفتـارە دزێوەکانـی باوکـی دەڵـێ: ((باوکـم هەژارێکـی تڕزلـی نەخوێنەواربـوو، کەچـی خـۆی بەزانایەکـی زل دەزانـی، پێیوابـوو سـەری لەهەمـوو عیلـم و علومێـک دەردەچـێ، گەلـێ شـارەزاو پسـپۆڕە، پێویسـت دەکات راوێـژی پـێ بکرێـت.. لەهەمـوو بـاس و خواسـێک خـۆی تێهەڵدەقورتانـد گـەر عەقڵـی هـەر شـتێکی نەبردبـا، بـێ سـێ و دوو، بەرانبـەر بـە هـەر کەسـێ بـا دەیـووت: (نەخێـر... وانییـە تـۆ نازانـێ)) (٥٧). ئـەو دوو دەسـتەواژەیە، واتـا (لەهەمـوو، بەهەرکەسـێ) ئـەوە پیشـان دەدەن کـە حاجـی لەژیانـی ڕۆژانەیـدا، چەندیـن جـار کـرداری خـۆ هەڵقورتانـدن و ڕەتکردنـەوەی بۆچوونـی بەرانبەرەکانـی ئەنجـام داوە.

یەکێـک لـە ڕەفتـارە باوەکانـی حاجـی ئـەوە بـوو کـە چـاوی بـەکل دەڕشـت و

سمێڵی لەخەنەو وەسمە دەگرت. بۆ ئەوەی رۆماننووس هەموو جارێ باسی ئەم رەفتارە نەکاتەوە، دەستەواژەی (هەمیشە)ی بۆ کورتکردنەوە بەکارهێناوەو یەکجار لەرۆمانەکەدا باسی ئەو رەفتارەی کردووە و دەڵێ: ((رووخسارێکی پێکەنین ئامێزی هەبوو، ئەندامەکانی سەرو سەکوتی هیچیان لەگەڵ یەکدا نەدەگونجا: دوو چاوی رەش، برۆکانی هەند سفت و ئەستور بوون، تەواو سێبەریان خستبووە سەرچاوە رەشەکانی کە هەمیشە بەکل دەیرێژین و دەیووت: (سونەتە!) سمێڵەکەیشی لەچەشنی سمێڵی- هتلەر، دادەنا، خەنەو وەسمە- یشی تێدەگرت..)) (٥٨)

خوێندنەوەی کۆپلەکە ئەوە پیشان دەدات کە دووپاتکردنەوەکە تەنیا کرداری چاوڕژتن و سمێڵ لەخەنەو وەسمە گرتنەکە ناگرێتەوە، بەڵکو دووبارەکردنەوەی گوتنی (سونەتە) کەش لەخۆ دەگرێ.

لەباسی شەڕێکی قورسی نێوان پێشمەرگە و سوپای بەعس، دوای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ، مچە باسی تێکشکانی ئەو سوپایە دەکات و دەڵێ: (( (ئەوان) یەکدووجاری دیش وەخۆ کەوتنەوە و هێرشیان دەهێنا مەیتەکانیان ببەنەوە، کەچی هەر جارەو ئەوەندەی دیشیان لێ لنگە و قۆچ دەکەوت، تا ئێوارەیەکی درەنگ ئەمە بەزمیان بوو...)) (٥٩). لێرەدا نووسەر بەدەستەواژەی (یەکدووجار) و (تا ئێوارەیەکی درەنگ ئەمە بەزمیان بوو) ئەوە پیشان دەدات کە نایەوێ هەموو جارێ ئەو هێرشکردنانەی سوپای دوژمن باس بکاتەوە کە تا ئێوارەیەکی درەنگی خایاندووە و هەر جارێکیش شکستی هێناوە.

هەندێجار (موکری) رۆماننووس، دەستەواژەی (جار جارێ) و (هەندێ جار)ی لەم رۆمانەدا بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بەکورتی و چڕی، ئاماژە بەهەندێ رووداو بدات کە بەشێوەیەکی ئاسایی و باو روودەدەن، بێ ئەوەی کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر پەرەسەندنی رووداوە سەرەکییەکەو چارەنووسی کارەکتەرەکان هەبێت. بۆ نموونە مچە دەڵێ: ((ئەو ساڵە، زستانەکە

گەلێ سەخت بوو... بەگشتی وەزعی پێشمەرگەیش هەندێ کش و مات بوو، جار جارێ نەبێ کە پێشمەرگەکان روویان لەهەندێ رەبیە دەکرد، هەندێجاریش بۆسەیان دەنایەوە...)) (٦٠). بەگوێرەی ئەم کۆپلەیە بۆمان دەردەکەوێ بەهۆی سەرمای سەختی زستانەوە، چالاکی پێشمەرگە سست بووەو جگە لەلێدانی هەندێ رەبیە، کەئەویش جار جارێ روویداوە، یاخود بۆسەنانەوە بۆ هەندێ کاروانی سەربازی، چ چالاکییەکی گەورەیان نەنواندووە. لەبەر ئەوەی ئەو کارانەش بەشێوەیەکی باو دووبارە بوونەتەوە، بۆیە رۆماننووس بەپێویستی نەزانیوە هەموویان باس بکات و تەکنیکی دووپاتکردنەوەی هاوچەشنی بەکارهێناوە بۆ ئەوەی لەدوو رستەی کورتدا بیخاتە ناو دەقەکەوە.

دوای شەهیدبوونی (حاجی محێدین)، پەیوەندییەکی بەهێزتر لەنێوان مچەو مەحموودی زڕبرایدا دروست دەبێ و بێ یەکتر هەڵناکەن تەنانەت لەتەوزیع بوون و حەراسەتیشدا هەر پێکەوە دەبن. لەبەر ئەوەی ئەم کردارەش لەژیانی پێشمەرگایەتیدا زۆر دووبارە دەبێتەوە، بۆیە رۆماننووس لەرێی تەکنیکی دووپاتکردنەوەی هاوچەشنەوە، بە بەکارهێنانی دەستەواژەی (گەلێ جار) تەعبیری لێکردووە و بەیەکجار خستوویەتییە روو. سەبارەت بەو دۆخە مچە دەڵێ:

(خۆشەویستییەکی پتەوتر لە نێوان من و مەحمودی برامدا، گەشەی دەسەند.. بێ یەکدی ئیدارەمان نەدەکرد، تەنانەت لەتەوزیع بوونیشیدا بۆیەک ماڵ دەچووین، گەلێ جار لەنۆبەی حەراسەتی مندا، ئەویش بێدار دەبوو، منیش لەحەراسەتی ئەودا، ئێشکم دەگرت...) (٦١).

لەبەر ئەوەی مەحموودی زڕبرای مچە کە کەسیکی رۆشنبیر و زیرەک و لێهاتوو بووە، لەئامرکەرتەوە دەکرێتە سەرتیپ و لەکاتی پشوودا رێنمایی پێشمەرگەکان دەکاو باسی ئەوەیان بۆ دەکات کە ژیانی پیشمەرگایەتی وەک زانکۆ وایە، فێری ماناکانی سەربەستیمان دەکات. ئەم جۆرە

دانیشتن و گفتوگۆیانە چەندین جار لەئاستی حیکایەت دا دووبارە دەبێتەوە، بەڵام (موکری) ڕۆماننووس لەڕێی مچەوە بەبەکارهێنانی دەستەواژەی (چەن جارێ) باسی دەکات و دەڵێ: ((چەن جارێ مەحمموودی برام بەپیشمەرگەکانی دەووت:

-بەڵێ ئەم ژیانەی ئێمە دانشگایە.. ئەم برسێتی و دەربەدەریەمان ئەلفو بێی وانەکانی سەربەستییە. ئێمە لەم وەزع و حاڵەماندا چێژ لەهەردوو لایەنی وانەکان وەردەگرین، یەکەمیان وەک پیت و وشە زاخاوی مێشک و پەرە بەڕۆشنبیری خۆمان دەدەین، دووهەمیش ناوەڕۆک و مانای وشەکان بەو قەرارە حەقیقییە کە، دەبێتە خوێنی ڕەفتارمان..)) (٦٢).

ئەم تەکنیکە (تەکنیکی دووپاتکردنەوەی هاوچەشن) لە زۆر شوێنی ئەم ڕۆمانەدا بەرچاو دەکەوێت و لەگەلێ لاپەڕەدا دووبارە دەبێتەوە، بۆیە بەکورتی و بەمجۆرەی خوارەوە ئاماژە بەهەندێکیان دەدەین:

١-مچە دەڵێ: گەلێ جار-بەتایبەتی لەجەژناندا- حەزمدەکرد بچمە ماڵی باوکم. (ل١٤).

٢-مچە دەڵێ: سەدان جار گوێم لێبووە (هەرزەکارەکانی دێ بەحاجییان دەوت):

-ئێ حاجی چۆن، چۆنی چوویت بۆ حەج؟ خۆشبوو یان نا؟

باوکیشم وەک قەوان سەدبارەی دەکردەوە:

-بەقوڕم گرت.. ئای کە چەند دوورە، چ سەحرایەکە، یاخوا ئەوەی موسڵمانە ڕێی نەکەوێتە ئەوێ!.. خۆ هەموو هەر وەعارەوی نوێژدەکەن...)) (ل١٥)

٣-حاجی زۆری پێخۆش بووە ڕۆژێ دەیانجار باسی حەرەس قەومییەکە بۆ گەنجەکانی دێ بکات. (ل١٧)

٤-حاجی جار جارێ باسی سەنگەر لێدان و ڕێی کشانەوەی کردووە. (ل٣٩)

٥-حاجی لەسەر یەک وتوویەتی: ((فیشەکی زەرد بۆ ڕۆژی ڕەش)). (ل٤١).

٦-مچە دەربارەی حاجی باوکی دەڵێ: ((جار جارەش بۆ یەکدوو ڕۆژێ گومدەبوو، لەو سەرەوە بەکۆڵێ فیشەک و ڕومانەوە دەهاتەوە)). (ل٤١)

٧-مچە دەڵێ: ((گەلێ جار باوکم دەیوت:

-کوڕ ئەو کوڕەیە لە تۆپبارانـدا جێی خۆی چۆڵ نەکات، بزمار ئاسا لەنێو سەنگەرەکەیدا خۆی دابکوتێ...)) (ل٨٩)

٨-مچە دەڵێ: ((گەلێ جار (سیروان)م دەبینی زۆر بەسۆزو بەزەییەوە لەگەڵ دیلە داگیرکەرەکاندا کە سیروان ناوی لێنابوون (مقاشی دارینی دەستی داگیرکەری گەورەتر) رەفتاری دەکرد...)). (ل١٢٣)

٩- مچە دەربارەی سۆزی عاشقانەی (ئازاد) بۆ تفەنگە قەناسەکەی دەڵێ: ((تەنانەت هەندێجار دەیپێچایەوە بەجۆرە سۆزێکی عاشقانەوە دایدەژەند و چەوری دەکرد و پاکی دەکردەوە...)) (ل١٢٨)

١٠-مچە دەڵێ: ((حوسێن چەند جارێ دەیووت:

-پێویستی من، بەلەتێ نان، پەنا بەردێ، سروشتێکی کێوی، دەوروبەرێکی خاوێن و دڵێکی سافە.. ئەمانە بەلای منەوە کەرەسەی بەهەشتی هەمیشەیی دەروونن،...) (ل١٣١)

**ئەنجام:**

لەئەنجامی توێژینەوە و وردبوونەوە و چەندین جاری پێداچوونەوەی ئەم رۆمانە بۆمان دەرکەوت کە:

١- ئەم رۆمانە چوار جۆرە پەیوەندی دووپاتکردنەوەی لەخۆ گرتووە:

أ-دووپاتکردنەوەی تاک کە کەمترین رێژەی وەرگرتووە و بەدەگمەن لەژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕ دەکات.

ب-دووپاتکردنەوەی یەکسان کە هەتا ڕادەیەکی کەم لەجۆری دووپاتکردنەوەی تاک زیاترە و ئەمەش ئەوە پیشاندەدات کە ژمارەی رووداوە دووبارەکراوەکان لەئاستی حیکایەت و ئاستی گێڕانەوەدا وەکو یەک دەرکەوتوون.

ج- دووپاتکردنەوەی دووبارەکراوە: ژمارەی ئەو رووداوانەی کە بەم تەکنیکە خراوەتە نێو دەقەکەوە، لەهەردوو جۆرەکەی دیکە، زیاتر پەنای بۆ براوە، چونکە رۆماننووس ویستوویەتی لەرێی بەکارهێنانی ئەم تەکنیکەوە زەمەنی رابردوو، بەزەمەنی ئێستاوە گرێبدا و هەروەها

کۆتایی و سەرەتای رووداوەکان بەم چەشنە پەیوەندییە پێکەوە ببەستێ و شێوە گێڕانەوەیەکی بازنەیی بە رۆمانەکە ببەخشێت.

د-دووپاتکردنەوەی هاوچەشن: ژمارەی ئەو رووداوانەی کە بەم تەکنیکە پێشکەشکراون، گەلێک زۆرترە لەو رووداوانەی کە لەرێی تەکنیکەکانی دیکەوە خراونەتەبەرچاو، و رۆماننووس هەوڵیداوە بەهۆی ئەم پەیوەندییەوە خۆی لەدرێژدادری و دووپاتکردنەوەی رووداو و کردارە باوەکانی ژیانی رۆژانە دووربخاتەوە و چڕی و کورتییەکی بەرچاو بەزمانی گێڕانەوەکە بدات.

٢-لەبەر ئەوەی ئەم رۆمانە، بەشێوازی شەپۆلی هۆش نووسراوە، و زەمەنی مێژوویی رووداوەکانی لەپێنج سەعات زیاتر تێپەڕ ناکات، بۆیە گەلێک لە رووداوەکانی لەرێی تەکنیکی پاشخەری و پێشخەری و مۆنۆلۆگی دووپاتکراوەوە پیشکە شکراون.

٣- هەموو جۆرەکانی دووپاتکردنەوە، بەشێوەیەکی رێژەیی، رێگرییان کردووە لەبەرەو پیشچوونی رووداوەکان و سستییەکی تەواویان بەزەمەنی گێڕانەوەی رۆمانەکەداوە.

٤- ئەو هەموو جۆرانەی دووپاتکردنەوە کە لەم رۆمانەدا بەکارهاتوون، بوونە بەهۆی هەڵوەشانەوەی پەیکەری حیکایەتە سەرەکییەکە لەنێوان رووداوە دووبارە بووەکانداو ئەمەش وایکردووە کە تەونی گێڕانەوەکە ئاڵۆزبێ وخوێنەر ناچار بێ بەدوای پارچەکانی حیکایەتەکەدا بگەڕێ بۆ ئەوەی سەرلەنوێ پەیکەرەکەی سازکاتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

**لیستی سەرچاوەکان:**

**أ- کتێب بەزمانی کوردی**

١-پەرێز سابیر: بینای هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٢-زاهیر رۆژبەیانی: چیرۆکی هونەریی کوردیی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر-کوردستان عێراق، ١٩٩٧.

٣- موکری (محەمەد موکری): رۆمانی تۆڵە، چاپخانەی بینایی، چ٤، سلێمانی- کوردستان، ٢٠٠٥.

٤- نەجم خالید نەجمەددین ئەڵوەنی: بینای کات لە سێ نموونەی رۆمانی کوردی دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤.

**ب-کتێب بەزمانی عەرەبی**

١-أمينة يوسف: تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، دار الحوار للنشر والتوزيع، ط١، لاذقية-سوريا، ١٩٩٧.

٢-إبراهيم جنداری (د.): الفضاء الروائي عند جبرا ابراهيم جبرا، دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد-العراق، ٢٠٠١.

٣-إبراهيم خليل: بنية النص الروائي، منشورات الأختلاف، ط١، الجزائر، ٢٠١٠.

٤-إليزابيت فوتييه: الإبداع المعاصر في سوريا، ترجمة: د.ملكة أبيض، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب، دمشق-سوريا، ٢٠٠٨.

٥-جيرار جينيت: خطاب الحكاية، بحث في المنهج، ترجمة: محمد معتصم وآخرون، الهيئة العامة للمطابع الأميرية, بلا مكان الطبع، ١٩٩٧.

٦-رولان بورنوف و ريال أو ئيلية: عالم الرواية، ترجمة: نهاد التكرلي، دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد-العراق، ١٩٩١.

٧-سعيد يقطين: تحليل الخطاب الروائی، المركز الثقافي العربي للطباعة وللنشر والتوزيع، ط٣، بيروت-لبنان، والدار البيضاء-المغرب، ١٩٩٧.

٨-سمير المزروقي و جميل شاكر: مدخل الى نظرية القصة، مشروع نشر مشترك، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد-العراق والدار التونسية للنشر، تونس، ١٩٨٦.

٩-شجاع مسلم العاني (د): البناء الفني في الرواية العربية في العراق،

بناء السرد، ج١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد-العراق، ١٩٩٤.
١٠-عدنان خالد عبدالله (د.): النقد التطبيقي التحليلي، دار الشؤون الثقافة العامة، ط١، بغداد-العراق، ١٩٨٦.
١١-مراد عبدالرحمن مبروک (د.): بناء الزمن في الرواية المعاصرة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٨.
١٢-محمد صابر عبيد (أ.د.) و سوسن البياتي (د.): الكون الروائي، قراءة في الملحمة الروائية (الملهات الفلسطينية) لإبراهيم نصرالله، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط١، بيروت-لبنان، ٢٠٠٧.
١٣-محمد عزام: شعرية الخطاب السردي، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق-سوريا، ٢٠٠٥.
١٤-ميشال بوتور: بحوث في الرواية الجديدة، ترجمة: فريد انطونيوس، منشورات عويدات، ط٢، سلسلة زدني علما، بيروت-لبنان، ١٩٨٢.
١٥-نعمان بوقوة (د.):المصطلحات الأساسية في لسانيات النص وتحليل الخطاب، دراسة معجمية، جدارا للكتاب العالمي، ط١، عمان-الأردن، ٢٠٠٩.
١٦-والاس مارتن: نظريات السرد الحديثة، ترجمة: حياة جاسم محمد، الهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية، بلا مكان الطبع، ١٩٩٨.
١٧-وليد نجار: قضايا السرد عند نجيب محفوظ، دار الكتاب اللبناني، ط١، بيروت-لبنان، ١٩٨٥.
١٨-يمنى العيد: تقنيات السرد الروائي في ضوء المنهج البنيوي، دار الفارابي، ط١، بيروت-لبنان، ١٩٩٠.

**ج-نامەی ئەکادیمی بەزمانی کوردی:**

١-جەلال ئەنوەر سەعید: تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی (بەختیار عەلی) دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەدە (ئیبن روشد)، زانکۆی بەغدا، ٢٠٠٦.

**پەراوێزەکان:**

(١) جيرار جينيت: خطاب الحكاية، بحث في المنهج، ترجمة: محمد معتصم وآخرون،،الهيئة العامة للمطابع الأميرية، بلا مكان الطبع،١٩٩٧، ص١٢٩.

(٢) وليد نجار: قضايا السرد عند نجيب محفوظ، دار الكتاب اللبناني، ط١، بيروت-لبنان، ١٩٨٥، ص١٠٩.

(٣) سـمير المرزوقـي وجميـل شـاكر: مدخل الى نظرية القصة، مشروع نشر مشـترک، دار الشـؤون الثقافيـة العامـة، بغـداد، والـدار النشـر التونسـية للنشـر، تونـس، ١٩٨٦، ص٨٢.

(٤) يمنى العيد: تقنيات السـرد الروائي في ضـوء المنهج البنيـوي، دار الفارابي، ط١، بيروت-لبنـان، ١٩٩٠، ص٨٥.

(٥) بۆ نموونـە: بڕوانـە: سـعيد يقطين, تحليل الخطاب الروائي، المركز الثقافي العربـي للطباعـة والنشـر والتوزيـع، ط٣، بيـروت- لبنـان, والـدار البيضـاء- المغرب، ١٩٩٧، ص٧٨. والاس مارتـن: نظريـات السـرد الحديثـة، ترجمـة: حيـاة محمـد، الهيئـة العامـة لشـئون المطابـع الأميريـة، بـلا مكان الطبـع، ١٩٩٨، ص١٦٦.

(٦) جيـرار جنيـت: خطـاب الحكايـة، ص ١٢٩.

(٧) ابراهيـم خليل: بنيـة النص الروائـي، منشـورات الاختـلاف، ط١، ٢٠١٠، ص ١١٣.

(٨) د.نعمـان بوقـرة: المصطلحـات الأساسـية فـي لسـانيات النـص وتحليـل الخطـاب، دراسـة معجمية، جدارا للكتاب العالمـي، ط١، عمـان-الأردن، ٢٠٠٩، ص ١٠٠.

(٩) پەرێـز سـابير: بينـای هونـەری چيرۆکـی کـوردی لەسـەرەتاوە تـا کۆتايـی جەنگـی دووەمـی جيهانـی، دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سـلێمانی، ٢٠٠١، ل٣١٤-٣١٧.

(١٠) نەجـم خاليـد ئەڵوەنـی: بينـای کات لەسـی نموونـەی ڕۆمانـی کوردیدا، دەزگای چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سـلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢٤٢-٢٥٤.

(١١) زاهيـر ڕۆژبەيانـی: چيرۆکـی هونەريـی کورديـی، شـێوەو، شـێوازو، بونياد، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشـنبيری، هەولێـر، ١٩٩٧، ل٨٢-٩٦ و دواتـر.

(١٢) جـەلال ئەنوەر سـەعيد: تەکنيکی گێڕانـەوە لـە ڕۆمانـی (ئيوارەی پەروانـە) ی (بەختيـار عەلـی)دا، نامـەی ماسـتەر، کۆليجی پـەروەدە (ئيب روشـد)، زانکۆی بەغداد، ٢٠٠٦، ل١٠٢، ١٠٣، ١٠٤، ودواتر

(١٣) د. مـراد عبدالرحمـن مبـروک: بنـاء الزمـن فـي الروايـة المعاصـرة, الهيئـة المصريـة العامـة للكتـاب، ١٩٩٨، ص١٢٣.

(١٤) أ.د.محمـد صابـر عبيد و د.سوسـن البياتـي: الكـون الروائـي، قـراءة فـي الملحمـة الروائيـة (الملهـات الفلسـطينية) لإبراهيـم نصراللـه، المؤسسـة العربيـة للدراسـات والنشـر، ط١، بيـروت-لبنـان،

٢٠٠٧، ١٥١.

(١٥) د.نعمان بوقرة: المصطلحات الأساسية في لسانيات النص و تحليل الخطاب، ص ١٠٠.

(١٦) رولان بورنوف و ريال أوئيلية: عالم الرواية، ترجمة: نهاد التكرلي، دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد- العراق, ١٩٩١، ص٨١.

(١٧) أ.د.محمد صابر عبيد و د.سوسن البياتي: الكون الروائي، ص ١٥.

(١٨) محمد عزام: شعرية الخطاب السردي، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق-سوريا، ٢٠٠٥، ص١٠٥.

(١٩) سەرچاوەی پێشو، هەمان لاپەرە.

(٢٠) د.شجاع مسلم العاني: البناء الفني في الرواية العربية في العراق، بناء السرد، ج١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد- العراق، ١٩٩٤، ص٦٤.

(٢١) سعيد يقطين: تحليل الخطاب الروائي، ص٧٨. (لەلایەن ئێمەوە ڕێکخراوە).

(٢٢) جيرار جنيت: خطاب الحكاية، ص ١٣٠-١٣١.

(٢٣) زاراوەی (تاک، تاکی یەکسان، گێڕانەوەی دووبارەکراوە، گێڕانەوەی لێکچوو یان هاوچەشن) لەلایەن ئێمەوە دانراوە و نووسەر بەکاری نەهێناوە.

(٢٤) سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٩.

(٢٥) أمنه يوسف: تقنيات السرد في النظرية والتطبيق، دار الحوار للنشر والتوزيع، ط١، لاذقية- سوريا١٩٩٧، ص٣٨، هەروەها بڕوانە: يمنى العيد: تقنيات السرد الروائي في ضوء المنهج البنيوى، ص٩٥.

(٢٦) د.ابراهيم جندارى: الفضاء الروائى عند جبرا ابراهيم جبرا، دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد- العراق، ٢٠٠١، ص١٦٢.

(٢٧) د.عدنان خالد عبدالله: النقد التطبيقي التحليلي، دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد-العراق، ١٩٨٦،ص٨٧ .

(٢٨) سەرچاوەی پێشوو: ل ٨٧ – ٨٨.

(٢٩) ميشال بوتور: بحوث في الرواية الجديدة، ترجمة: فريد انطونيوس، منشورات عويدات، ط٢، سلسلة زدني علما، بيروت – لبنان، ١٩٨٢، ص١٦٣.

(٣٠) د.مراد عبدالرحمن مبروك: بناء الزمن في الرواية المعاصرة، ص١٢٥.

(٣١) موکری: ڕۆمانی تۆڵە، چاپخانەی بینایی، چ٤، سلێمانی- کوردستان،

٢٠٠٥، ل٢٩.
(٣٢) سەرچاوەی پێشوو: ل٣٠.
(٣٣) سەرچاوەی پێشوو: ل٤٠.
(٣٤) سەرچاوەی پێشوو: ل ٤٧.
(٣٥) سەرچاوەی پێشوو: ل ٤٧ – ٤٨.
(٣٦) سمير المرزوقي و جميل شاكر: مدخل الى نظرية القصة، ص٨٣.
(٣٧) سەرچاوەی پێشوو: ل٨٠.
(٣٨) موکری: رۆمانی تۆڵە، ل٣٥.
(٣٩) سەرچاوەی پێشوو: ل٤٥.
(٤٠) سعيد يقطين: تحليل الخطاب الروائي، ص٧٨.
(٤١) سمير المرزوقي و جميل شاكر: مدخل الى نظرية القصة، ص٨٠.
(٤٢) موکری: رۆمانی تۆڵە، ل٣١.
(٤٣) سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.
(٤٤) د.مراد عبدالرحمن مبروك: بناء الزمن في الرواية المعاصرة، ص ١٣٢.
(٤٥) د.شجاع مسلم المعاني: البناء الفني في الرواية العربية في العراق، ص ٦٤.
(٤٦) موکری: رۆمانی تۆڵە، ل٨.
(٤٧) سەرچاوەی پێشوو، ل١٠-١١.
(٤٨) سەرچاوەی پێشوو: ل ١٥٠.
(٤٩) سەرچاوەی پێشوو: ل٢٢.
(٥٠) سەرچاوەی پێشوو: ل٤٦.
(٥١) إليزابيت فوتيية: الابداع المعاصر في سوريا، ترجمة: د.ملكة أبيض، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب، وزارة الثقافة، دمشق-سوريا، ٢٠٠٨،ص ٢٢.
(٥٢) موکری: رۆمانی تۆڵە، ل١١٤.
(٥٣) سمير المرزوقي و جميل شاكر: مدخل الى نظرية القصة، ص٧٩.
(٥٤) سعيد يقطين: تحليل الخطاب الروائي، ص٧٨.
(٥٥) د.مراد عبدالرحمن مبروك: بناء الزمن في الرواية المعاصرة، ص ١٤٦.
(٥٦) د.شجاع مسلم العاني: البناء الفني في الرواية العربية في العراق، ص ٦٤.
(٥٧) موکری: رۆمانی تۆڵە، ل٩ -١٠.
(٥٨) سەرچاوەی پێشوو: ل١٠.
(٥٩) سەرچاوەی پێشوو، ل٩١.
(٦٠) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٤.
(٦١) سەرچاوەی پێشوو: ل١١٦.
(٦٢) سەرچاوەی پێشوو: ل١١٧-١١٨.

# پەیوەندیی
# نێوان
# رۆمان و کۆمەڵگە

٢ - ٢



د. عەبدوڵڵا رەحمان

بەڵام لەسەدەی نۆزدەهەمدا هونەری رۆمان توانی خۆی لە سنوورەکانی داستان و حیکایەتە میللییەکان جودا بکاتەوە و پچڕانێک لەگەڵ ئەو جۆرانەی گێڕانەوە دروست بکات، ئەمەش لەرێگای جەختکردنەوە لەسەر کۆمەڵگە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها لەرێگای رۆچوونە ناو ناخی مرۆڤ و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوی دیکە و جیهانی دەرەوەیدا، بەتاییەتیش لە رۆمانەکانی (دیستۆفسکی ١٨٢١-١٨٨١)دا کە ژیانی ناخی مرۆڤایەتی ڕووناک دەکردەوە و دەروونی مرۆڤایەتی لەناوخۆدا بە قەوارەیەکی سەربەخۆ دادەنا کە رۆماننوس پەنای بۆ دەبردن، ئەم بۆچوونانە بەتایبەتیش لە رۆمانی (تاوان

و سـزا١٨٦٦)دا بەرجەسـتە دەبـن. لـەم سـۆنگەیەوە ڕۆمـان هەنـگاوی گـەورەی هاوێشـت و بـوو بـە ژانرێکـی زینـدووی شارسـتانی مرۆڤایەتـی و هەمیشـە هەوڵـی ئـەوەی دەدا لـە کێشـەو گرفتەکانـی کۆمەڵگەکـەی بدوێـت و جیهانێـک دروسـت بـکات تێیـدا کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتـی وێنایەکـی ڕاسـتەقینەی بوونـی خـۆی وازی بـکات، لـەم پێناوەشـدا ڕۆمـان بەتایبەتیـش لەسـەدەی بیسـتەمدا گۆڕانـکاری بەسـەردا هـات و شـێوە و فۆڕمێکـی دیکـەی وەرگـرت، بەتایبەتیـش لـەدوای جەنگـی یەکـەم و دووەمـی جیهانیـدا و بەتایبەتریـش لـە فەرەنسـا کـە ڕۆمـان لـە دوو قۆناغـدا خـۆی نوانـد، قۆناغـی یەکـەم دەربـڕی چەمکێکـی میتافیزیکـی و ئـاکاری دیاریکـراو بـوو، کە لەڕێـگا کۆمەڵـە دەقێکـی ڕۆمانـەوە چارەنووسـی مرۆڤیـان تاوتوێدەکـرد، لـە قۆناغـی دووەمیشـدا ئـەو وێنایـە لـە کۆمەڵگـەو ئـاکارو میتافیزیکـەوە بـۆ ئیسـتاتیکاو فینۆمینۆلۆژیـا گـۆڕا، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە ئەدەبـی فەرەنسـی ((لـە ئەنجامـی مـاڵ وێرانـی و کارەسـاتە دڵتەزێنەکانـی هـەردوو جەنگـی جیهانیـدا گۆڕانێکـی بنەڕەتـی بەسـەردا هـات، بیرکردنـەوە و بۆچوونـی ئەدیبانـی لەڕەگـەوە هەڵتەکانـد و وایلێکـردن ناوەڕۆکـی ئـەم کارەسـاتە جەرگبڕانـە بەشـێوازێکی هونـەری تـازە دوور لـە شـێوازی تەقلیـدی دەرببـڕن)) ( عومـەر،٢٠١٠: ٤٣). بـەم جـۆرە قۆناغێکـی دیکـە لـە مێـژووی ڕۆمـان هاتەکایـەوە کـە بـە (ڕۆمانـی نـوێ) هاتـە ناسـین، هەروەکـو ڕەخنەگـر و لێکۆڵـەرەکان ئـەو قۆناغـە نـەک وەکـو بزووتنەوەیەکـی ئەدەبـی، بەڵکـو بـە چرکەیـەک لـە مێـژووی ڕۆمـان لەقەڵـەم دەدەن، ئـەوان هەوڵیانـدا لەنێـوان ساڵانی (١٩٢٥-١٩٥٨) ئـەو ڕۆماننوسـە نوێخوازانـە لـە ژێـر ناوێکدا کۆبکەنـەوە، سـەرەتاش لەژێـر کاریگـەری ئـەو دەزگایـەی کـە بەرهەمەکانـی بـۆ چـاپ دەکـردن، ناویـان بـە ( ڕۆماننووسـانی نیـوەی شـەو) دەرکـرد، دواتـر بـە (قوتابخانـەی بینیـن) ناونـران، بـەڵام لەدواجـاردا زاراوەی (ڕۆمانـی نوێ)یـان بەسـەردا چەسـپا و بـەوەوە ناوبانگیـان دەرکـرد. لەمـڕووەوە ( مارسـیل پروسـت١٨٧١-١٩٢٢) ڕۆڵێکـی بـاڵای گێـڕا و شۆڕشـێکی ئەدەبـی هاوشـێوەی

ئەو شۆڕشەی ( كانت ١٧٢٤-١٨٠٤) لە فەلسەفە بوو، هێنایە كایەوە و یەكەم كەس بوو كە پەیوەندییەكانی نێوان مرۆڤ و جیهانی وەرگێڕایەوەو یەكەم كەسیش بوو كە وای لە نووسەران كرد لەجیاتی بایەخدان بە ناوەرۆک، بایەخ بە مەسەلەكانی هەست و وێنا و مەعریفە و وەسف و.....تاد بدەن.

پروست بەتوندی دژی ڕۆمانی ئاسایی و باو وەستایەوەو پێی وابوو كە گۆڕانكاری لە چەمكی واقیع مەرجە بۆ ئەوەی هونەری ڕۆمان نوێبكرێتەوە، لەمبارەشەوە نابێت ڕۆمان جیهانی شتەكان بێت، بەڵكو دەبێت جیهانی مرۆڤ و شتەكان بێتن چونكە ئەو ڕۆمانەی بایەخ بە وەسف كردنی شتەكان دەدات و ڕووبەڕو وهێڵەكانی دیاری دەكات، لەواقیع دوورە. لەم ڕوانگەیەوە ڕۆمانەكەی (گەڕان بەدوای زەمانی لەدەستچوو) لێكۆڵینەوەیەكی كۆمەڵایەتی و كەسایەتی و كای لەخۆ دەگرێت و یەكەم ڕۆمانێكی ناوخۆییە و سەرەتایەک لە ڕۆمانی فینۆمینۆلۆژی، چونكە ئەو ڕۆمانە جیهانی خەیاڵی و واقیعی وەسف ناكات، بەڵكو لەو وێنانە دەكۆڵێتەوەو شیاندەكاتەوەو ڕەخنەیان لێ دەگرێت كە لەلایەن مرۆڤەوە پێكهاتووە، بۆیە پروست جیهانێكی وێنەكێشا كە سنووری نەبوو، جیهانێک كە لە دەوروبەرێكی ڕەمزیدا وێنەكانی بەسەر ڕۆماننوس دەچەسپێنێت، كە ئەنجانی پێویستی ناوخۆییە لە هەستكردن بە ئیستاتیكا.

لەم ڕۆمانەیدا پروست وێنەی سێ چینی كۆمەڵگە پیشان دەدات ، چینی ئەرستۆكراتی ، و چینی بورژوا و ، چینی تازە دەوڵەمەند كە ئەم چینانە لەڕێگەی ژن و ژنخوازییەوە پەیوەندی لەگەڵ یەكدا پەیدا دەكەن و پروست ، مارسێلی قارەمانی ڕۆمانەكە كە لەزۆر ڕووەوە نموونەیەكی خودی نووسەر خۆیەتی بۆ كۆڕو كۆبوونەوەكانی هەر یەكێک لەم سێ چینە دەنێرێت. و بەم ڕێگەیە یەكێتییەكی هونەری پتر بە ڕۆمانەكە دەبەخشێت.

لەلایەن خۆیەوە ( جمیس جۆیس ١٨٨٢-١٩٤١) لە ڕۆمانەكەیدا (یۆلسیس١٩٢٢)دا، لە ڕێگای گێڕانەوەی هەژدە كاتژمێر لە ژیانی ڕۆژانەی (مستەر بلووم) كە كارەكتەرێكی ئیرلەندییە، وێنای كۆمەڵگەی ئەو سەردەمی كێشاوە و

پێیوابووە کە هونەری ڕۆمان کاتێک هێما بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەیە ئالۆزییەکانی واقیع دەرببڕێت و ژیانی مرۆڤیش هەر چەندە بێ ماناو پووچ بێت، ئەو لە چەند بنیادێکی دەروونی و ئەفسانەیی ڕێکدەخرێت. لەراستیدا ڕۆمانی (یۆلسیس) بەیەکێک لە شاکارەکانی چەرخی بیستەم لەقەڵەمدەدرێ و ڕەخنەگر و لێکۆڵەران پێیان وایە کە ئەم ڕۆمانە گەورەترین بەخششێکە لە هونەری ڕۆماننووسیندا، لەهەمان ساتیشدا هەوڵێکە بۆ بەرجەستەکردنی هەمەلایەنەکانی ژیانی واقیعی و بەرفراوان، چ هەست بێت یاخود نەست و بەبێ ئەوەی بە شێوازە باوەکەی ڕۆمان دارێژرا بێت (جۆیس،٢٠٠٥: ١٠-١٦) ، لەم ڕووەوەش جۆیس توانی ئەفسانەو هێما لە ڕۆماندا دامەزرێنێت، بۆیە کاتێک (ڕۆمانی هێماگەری) داهێنا، ئەوەی ڕوونکردەوە کە واقیعی ڕۆمان لەسەر چەند ڕووداوێک بنیاد نانرێت کە کۆمەڵناسییانە لێیبکۆڵرێتەوە، هەروەها ئەوەشی باسکرد کە ڕۆمان لەسەر یاسای زانستی بۆ واقیع بنیاد نانرێت، بەڵکو لەسەر وێنەی مرۆڤایەتی بۆ جیهان و لە چوارچێوەی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و جیهان بنیات دەنرێت. شەپۆڵی هۆش کە بنچینەی سەرەکی ڕۆمانەکەی جۆیس پێکدەهێنێت، دوولایەنی کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت، یەکەمیان ئەوەیە کە جۆیس بەهۆیەوە لەسەر داروپەردووی ئایین و بۆرژوازیدا، ڕۆشنبیرییەکی مرۆڤایەتی بنیاد دەنێت، چونکە هەموو لایەنێکی باش و خراپی ئەو جیهانەمان بۆ باس دەکات، یاخود کە باس لە شاعیرییەتی ژیانی ڕۆژانە دەکات، شاشەیەکی نوێ بۆ ئەو واقیعە تەمومژاوییە دادەنێت و جەخت لەسەر پێویستی ململانێی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە. بەمشێوەیە پروست و جۆیس کاتێک دیدگایەکی تایبەتیان پەیڕەو کرد لەبارەی جیهانێک کە دوودڵی و شیمانەی مەترسیدار تەنیبوویەوە، ڕۆمانیان لە واقیعە کۆمەڵایەتییەکەی دانەبڕی، بەڵکو بایەخیان بە وردەکاریی واقیعە کۆمەڵایەتییەکە دا. لەم ڕووەو هەوڵەکان بەردەوام بوون لەسەر وەلاوەنانی ڕۆمانی باو و ئاسایی و گەیشتن بە شێوەیەکی نوێی ڕۆمان،

لەمبارەیەوە رۆماننوسانی فەرەنسا لە هەوڵەکانیاندا بۆ وێناکردنی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتگیر، نەک لەرێگەی گێڕانەوەی رووداوەکانی ژیانی تاکێکی کۆمەڵگە، بەڵکو لەرێگای نواندنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە جۆراجۆرەکانەوە کە کارەکتەر بە ژینگە و کاتێکی دیاریکراوە پەیوەست دەکات، جۆرێک لە رۆمانیان داهێنا کە بە ( رۆمانی کۆمەڵی) دەناسرێت، کە لەلایەن (چول رۆمان و جۆرج دیهامیل و روجیە مارتان)وە داهێنرا کە تێیدا هەوڵیاندا چارەنووسی کارەکتەر بە رووداوەکانی کۆمەڵگە ببەستنەوە ، ئەم بۆچوونەش زیاتر لە ژێر کاریگەری جەنگ و قەیرانەکانەوە هاتە کایەوە ( وهبە، ١٩٧٢: ٦١٦).

لە دوای ساڵی (١٩٤٥)وە رۆمانی نوێ لە فەرەنسا لە دوو ئاراستەدا خۆی بینییەوە کە دوو شێوە رۆمانی لێکەوتەوە:

**١ـ رۆمانی سوریالیستی:** سوریالیزم کاریگەری لەسەر شیعر هەبووە، بەڵام لەسەر رۆمان ئەو کاریگەرییە کەمتر بووە. دامەزرێنەری سوریالیزم (ئەندرێ بریتۆن ١٨٩٦- ١٩٦٦ ) رۆمانی بە رەنگێکی ئەدەبی لەقەڵەم دەدا کە نووسەرە بچووکەکان پەنایان بۆ دەبرد. دیارە سوریالیزم هەوڵیداوە بەشێوەیەکی راستەوخۆ نائاگا دەرببڕێت و هەڵوێستە لەبەرامبەر هەر کردەیەکی نامۆ کە پێچەوانەی نەریت بکات. لەبەر ئەمەش مێژووی ئەدەب بەواتای وشە رۆماننوسە سوریالیستەکان باس ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا رۆماننووس هەبووە کە سوودی لە بیروبۆچوونە سوریالییەکان وەرگرتووەو لە دەقەکانیاندا مەزراندیتایان. ئەوحەزو ئارەزووانەی کە سوریالیستەکان هەیانبوو، لەلای ئەو رۆماننوسانە بەدی دەکەین هەر لە رەگەزی سەیر و سەمەرەیی و رزگاربوون لە رۆتینەکانی ژیان و ئارەزوومەندی لە گۆڕانکاریکردن لە ژیان و جیهان لەرێگای نووسینەوە. لەمبارەیەوە ئەندرێ بریتۆن لەساڵی (١٩٣٠)وە باسی لەوە کرد کە دەکرێ رۆمانی سوریالیستی بنووسرێتەوە . لەگەڵ رۆمانی سوریالیستیشدا، جۆرێک لە رۆمان بڵاوبوویەوە کە پەیوەندی لەگەڵ تەواوی رۆمانەکانی سەدەی

نۆزدەدا بچراندبوو، کە ئەویش رۆمانی ( چارەنووسی مرۆڤایەتی) بوو، کە لە جیاتی گێڕانەوەی چیرۆکێک و باسکردنی ژیانی کارەکتەرێک، یاخود وەسفکردنی سروشتی مرۆڤ و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، هەوڵیدەدا گەواهیدەر بێت بۆ مرۆڤ و بگاتە قووڵایی رووداوەکانی ژیانی.

**٢ـ رۆمانی میتافیزیکی:** لەپەیوەندی نێوان رۆمان و فەلسەفەدا هاتەکایەوە بەتایبەتیش کە لەساڵی (١٩٣٠)ەوە فەلسەفە لە ئەدەب نزیکبوویەوە، بەمەش (( رۆمانی فیکری و فەلسەفی هاتنەئاراوە،واتا گەیاندنی پەیامی ئەو دوو کایە گرنگەی ژیان لە رێگەی رۆمانەوە، گێڕانەوەی فەلسەفە بە زوانی ناسک و چێژبەخشی ئەدەب، بڕوانە فەلسەفە بەزوانی ئەدەب روونتر دەگا، یا فەلسەفە بە بەزوانی فەلسەفە ؟ بێگومان یەکەمیان، چونکە زوانی فەلسەفە وشک و گرژ و ئاڵۆزە و کۆدەکانی بە سانایی ناکرێنەوە، کەچی وێژە بەو زوانە ناسک و نازدار و جوانبەخشەی خۆیەوە دەتوانێ زووتر و خێراتر بگاتە نێو چەقی وەرگرتن لە مێشکی مرۆڤداو باشتر کار لە دڵەکان دەکات، کەوایە رێککەوتنە ستراتیژییەکە بۆ هەردوولا بەسوودە و پەیوەندییەکی پۆزەتیف و دروستە، رۆمان باشترین جومگەی ئەدەبە بۆ مۆرکردنی ئەو کۆنتاکتە لەگەڵ فەلسەفەو فیکر، چونکە پانتاییەکی فراوانە و زۆر شتی تێدا جێدەکرێتەوە)) ( قوباد،٢٠١٢: ٢٧) ، بۆیە زۆرێک لە فەیلەسووفەکان بۆ گەیاندنی بۆچوونە فەلسەفییەکانیان دەقی رۆمانیان بە باشترین رێگە دادەنا ، زۆربەی رۆمانەکانیش وێنەی میتافیزیکای مرۆڤیان دەکێشا و وەسفی هەڵوێستەکانی مرۆڤ لە پەیوەندی بە گەردوون و بوون و مێژوو و ئەوانی دیکەیان دەکرد. (جۆن پۆل سارتەر١٩٠٥-١٩٨٠) خاوەنی تیۆرێکی دیاریکراوە لە بارەی رۆمان کە پەیوەستی کردووە بە وشیارییەوە. سارتەر تێبینی ئەوەی کردووە کە رۆمان خۆی خاوەن زەمەنێکە، هەروەها رۆماننوسیش زەمەنێکی خۆی هەیە، ئەو دوو زەمەنە جیاوازەش هیچ پەیوەندییەکیان بە زەمەنی تایبەتی ئێمەوە نییە. رۆماننوس رابردوو و ئێستا و داهاتوو

دروست دەکات بۆ ئەوەی کارەساتی مرۆڤ لە زەمەن و لەناوچوونی ئەو زەمەنە رەتبکاتەوە. هەروەها سارتەر ئاماژەی بەوەشکرد کە مرۆڤ لەگەڵ تێپەڕبوونی رۆژگاردا دەگۆڕێت، بەو واتایەی کە مرۆڤ بە کۆمەڵە چرکەکانی ژیانییەوە پێناسە دەکرێت، لەمەشدا گۆشەنیگای شیکردنەوەی بەشەکییەوە بۆ ژیانی کەسایەتی بە گۆشەنیگای گشتییەوە هەنگاوی نا. ئەم بۆچوونانەی سارتەر تەنیا رۆمان و رۆماننوسی نەگرتەوە، بەڵکو کاری لەسەر خوێنەریش کرد و پێیوابوو هۆشیاری خوێنەر خۆی لە هۆشیاری رۆماننوس دەبینێتەوەو ئەویش خاوەن زەمەنێکی دیاریکراوی خۆیەتی کە ئەویش زەمەنی خوێندنەوەیە، سارتەر وشیاری لە ئازادیدا دەبینییەوە و پێیوابوو کە ئەو رۆمانەی کە شێواز و سروشتەکانی مرۆڤ لەخۆ بگرێت، ئەوا لەو ساتەشدا (جەوهەر و سروشتی) بابەتەکەی کۆتایی پێدێت، و دەبێت رۆمان گۆشەنیگای بابەتیانەی بۆ ژیان، بە گۆشەنیگایەکی میتافیزیکی یاخود ئایینی بگۆڕێت، ئەو گۆشەنیگایە میتافیزیکییەش بەشێکە لە گرووپێکی گەورەتر کە خۆی لە چینی دەسەڵاتدا دەبینێتەوە کە فەلسەفەیەکی دیاریکراو بۆ جیهان لەسەر رۆماننوس دەچەسپێنێت، بۆیەش سارتەر جەوهەر بە بوون دەگۆڕێت و لەوێوە رۆمانێک دێتە کایەوە کە بە رۆمانی بوونگەرایی ناسرا و هەندێک لە رەخنەگر و لێکۆڵەرانیش زاراوەی (رۆمانی سارتەرییەت)یان بۆ بەرکادەهێنا. چونکە سارتەر پێیوابوو مرۆڤ لە بوونیدا خۆی دەناسێت و لە هەر چرکەیەکدا هەست بە ئازادی دەکات، بۆیە پێویستە لەسەر هەڵویستی جۆراجۆر و وەڵامدانەوەی جۆراجۆری بۆ دیاردەکانی ژیان و کۆمەڵگەکەی هەبێت، کە ئەمەش وا دەکات هەمیشە نوێخواز بێت. رۆمانی بوونگەرایی زیاتر لە بەڵگەو داننان نزیکە، ئەو رۆمانە زیاتر دەربڕین و پەیوەندیکردنە، نەک خولقاندن، چونکە ئەگەر مرۆڤ هەموو شتێکی ون کرد، ئەوا غەریزەو پاڵنەرەکانی هەر دەمێنن، بۆیە سارتەر لە رۆمانەکانیدا بەتایبەتیش (الغیثان - رشانەوە ١٩٣٨) دا لەسەرەتادا راستییەک دەردەبڕێت لە کۆتاییشدا

هەڵوێستێکی دیکەدا دەنوێنێت. ئەو ڕۆمانە باس لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤێک دەکات کە هەموو پەیوەندییەکانی بە کۆمەڵگەی بۆرژوازی بچڕاندووە ، بۆ ئەوەی بوونی خۆی بدۆزێتەوەو شرۆڤەی بکات. هەر لەم چوارچێوەیەدا ( ئەلبێر کامۆ ١٩١٣-١٩٦٠) لە ڕۆمانەکانیدا بەتایبەتیش لە (نامۆ) و ( ئەفسانەی سیزیف) لە ساڵی (١٩٤٢) هەوڵیدا فەلسەفەی ناماقووڵ و عەبەسییەت شیبکاتەوە، بۆیە ناکرێت ئەو دوو بەرهەمە وەکو ڕۆمانێک سەیر بکرێت، بەڵکو دەبێت لە ناوەرۆکی هزرەکانی بگەین. ڕۆمانی (نامۆ) تەنیا بە وێنەگرتنێکی سینمایی ژیانی ڕۆژانە واز ناهێنێت، بەڵکو دەربڕی کۆمەڵگایەکە کە لەسەر ئەو نەریتانەی کە پەسەندی کردوووە بەدەنگە و بەرگری لێ دەکات.

لەگەڵ ئەوەی ڕۆمان بووە کەناڵێکی گەیاندنی بیروڕایە فەلسەفییەکان، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانرێت کە ((ڕۆمان کارێکی هونەرییە، نەک نامەیەکی زانستی، نەوەک (ڕێڕەو) ی فەلسەفی یا وتارێکی ڕەوشتی، یا دیاریکردنی لۆجیکی ڕۆمان خاوەنی سروشتێکی زیندەڵ و نەرم و نیانە و بەردەوام دەگۆڕێ)) (گایسمەر،٢٠١١: ١٤) ، ئەم گۆڕانەش وایکرد ڕۆمان لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەدا گەشەکردنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی و هەوڵی ئەوەی دەدا هەمیشە شێوە و ناوەرۆکی نوێ بە ڕۆمان ببەخشێت، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێت سنوورێکی دیاریکراو بۆ ڕۆمانی نوێ دەستنیشان بکرێت، چونکە لە ڕۆماننوسێکەوە بۆ ڕۆماننوسێکی دیکە جیاواز دەبێت و هەمیشە لە پێشکەوتنێکی بەردەوام دایە، بۆیە ڕۆماننووسە هاوچەرخەکان بیرۆکەیەکی دیاریکراویان لەبارەی کارەکتەر و چیرۆک ڕەتکردەوە، ئەوان لەو بڕوایەدان کە کارەکتەر و چیرۆک پەیوەستە بە چارەنووسی مرۆڤ و بیروبۆچوونە کۆمەڵایەتییەکانی، ئەو وێنایەی کە بالزاک و ڕۆماننوسەکانی سەدەی نۆزدە پەیڕەویان لێدەکرد. بۆیە گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر شێوەی کارەکتەر و ڕووداوی چیرۆکەکاندا هات. لەم چوارچێوەیەدا (ناتالی ساروت ١٩٠٠-١٩٩٩ ) لە ڕوانگەی بیرۆکەی (بەدواداگەڕان)

ەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان ڕۆمان و واقیع دەکۆڵێتەوەو دەڵێت ((قەناعەتی تەواو هەیە کە ڕۆماننوسین بەدواداگەڕانێکی هەمیشەییە، ئەم بەدواداگەڕانەش هەوڵدەدات پەردە لەسەر واقیعێکی نادیار هەڵماڵێ و ئەم واقیعە نادیارە بدۆزێتەوە)) (ساروت،٢٠٠٨: ٩). واتە بەدوادگەڕان لە ڕۆماندا گەڕانە بەدوای واقیع، ئەو واقیعەی کە ناوی دەنێ نەبینراو، یان ئەو جیهانەی هێشتا مرۆڤ پەی پێ نەبردووەو پێی نەزانیوە، نادیار و شاراوەیە و ڕۆماننوس بە دوای ئەو واقیعە وێڵ و سەرگەردانەوە و هەوڵی دۆزینەوەی دەدات و لەوێوە هەوڵ دەدات پەیوەندییە پچڕاوەکانی خۆدی خۆی و جیهان بگەڕێنێتەوە. لەمبارەوە ناتالی ساروت دەڵێت: ((واقیعێک هەیە هەمووان دەبینن و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ درکی پێدەکەن، واقیعێکی بینراو و دیار و خوێندراو و دیاریکراوە، واقیعێکە لە زووەوە گوزارشتی لێکراوەو بەهەزاران جار دووبارە کراوەتەوەو بەهەزاران جاریش لاسایی کراوەتەوە. ئەو واقیعە واقیعی ڕۆمان نییە، بەڵکو تەنیا ڕووێکە وەهمی واقیع دەخوڵقێنێ و زیاتر دیاردەو سەرابە، واقیع لای ڕۆماننوس شاراوەو نەبینراوەو تەنیا ڕۆماننوسەکە خۆی دەبینێ و درکی پێدەکات، ئەو واقیعەیە کە بە شێوەو فۆرمە ناسراو و بەکارهێنراوەکان ناتوانرێت گوزارشتی لیبکرێت، بەڵکو بۆ ئەوەی دیار و بینراو بێت، پێویستی بە شێوازێکی نوێ لە گوزارشت و فۆرمی نوێ هەیە کە بەبێ ئەوانە ناکرێت دیار و ناسراو بێت)) (غولدمان،١٩٩٣: ١٧٥-١٧٦).

ئەم شێوازە وفۆرمە نوێیەش لە ڕێگای بەدواداگەڕانەوە بەدی دەکرێت، ئەم بەدواداگەڕانە لە ڕێی دەقەوە دەکرێت و کە ڕاستەوخۆ و دەمودەست دەچێتە ناو بازنەی تێگەیشتن و وشیاری خوێنەرەوە و چێژی پێدەبەخشێت و واقیعێکی تازەی پێ دەبەخشێت کە لەسەر وەرگرتنی ڕادێت و بەردەوام دەبێت لەسەری، یاخود ڕەتی دەکاتەوە. بەدواداگەڕان ڕۆماننوس هاندەدات هەموو شێوە بەکارهاتووە بێ کەڵکەکان تێپەڕێنی و ئەزموونی کەرەستەی تازە بکات و شێوەی زیندوو بنیاد بنێت و وایلێدەکات تەنیا کاریگەری بەدەست بێنێ، کاریگەری

ئـەو جووڵانەوەیـەی بەهۆیـەوە واقیعـی شـاراوە دەردەکەوێـت. دەرخسـتنی ئـەم واقیعـە شـاراوەیە و سـەر لەنـوێ دروسـتکردنەوەی، گواسـتنەوەیە لـە دیـارەوە بـۆ نادیـار، لـە بینـراوەوە بـۆ نەبینـراو، ئـەم پرۆسـەیە بەردەوامـە و دەبێتـە هـۆکاری ئـەوەی ئـەدەب وەک گشـت هونەرەکانـی دیکـە لـە حاڵەتـی گۆڕانـی هەمیشـەییدابێت. هـەر چەنـدە ئـەو واقیعـە بینـراوەی کـە تێیـدا دەژیـن بـە بەردەوامـی دەگۆڕێـت و ئـەوەی شـاراوە بـووە بـۆ واقعێکـی ئاسـت نـزم دەگـۆڕێ، بۆیـە هـەر بەرهەمێکـی نـوێ کاتێـک درکـی پێبکرێـت و بەکاربهێنـرێ، ئـەوا ئـەو واقیعـەی لامـان ئاشـکرایە دەگـۆڕێ و دەبێتـە بەشـێک لـەو واقیعـە بینـراوەی کـە ئـارەزووی دۆزینـەوەی نامێنـێ. بۆیـە ئـەو واقیعـە ئاسـاییەی کـە واقیعـی ڕۆماننـوس و خوێنـەرە، واقیعێکـی دیـار و ناسـراوە، بـووە بـە وێنەیەکـی بێـزاراو بـۆ کۆمەڵگـەو پەیوەندییـە مرۆڤایەتییەکان، ئـەو واقیعـەی کـە هـەر یەکێـک لـە ئێمـە لـە گۆشـەنیگایەوە دەیبینیـن و شـیکردنەوەی بـۆ دەکەیـن، ئەمانـە هەموویـان ڕووبـەڕووی ئـەو واقیعـە نوێیـە دەبێتـەوە کـە شـاراوە و نادیـارە ، لـەم ڕوانگەیـەوە لەسـەر ڕۆماننـوس پێویسـت دەکات بەشـێوەیەکی نـوێ و داڕشـتنێکی دیکـەوە لـە واقیـع بڕوانێـت و هەمـوو کلێشـە بەکارهاتووەکانـی پێشـتر بـۆ ڕۆمـان هەڵبوشـێنێتەوە لەوانـەش پاڵـەوان، کـە بـەڕای سـاروت ئـەو ڕۆڵـەی جارانـی نەمـاوە و بـەرەو هەڵوەشـانەوە دەچێـت، چونکـە ئـەو پاڵەوانـە بەتەنیـا ناتوانێـت گوزارشـت نـەک هـەر لـە واقیعـە دیـار و ئاساییەکە بـکات، بەڵکـو توانـای ئـەوەی نەمـاوە گوزارشـت لـە واقیعـی ڕۆژانەشـی بـکات. بۆیـە پێویسـتە لـە سـەر خـودی ژیـان و واقیعـەوە بنووسـرێت و لایەنێکـی شـاراوەی ئـەو جیهانـە دەربخرێـت کـە خوێنـەر دەتوانـێ لەلایـەن خۆیـەوە بیدۆزێتـەوە. لەمبارەیـەوە سـاروت دەڵێیـت: (( ئـەو شـتەی کـە لـەم ڕۆمانانـەدا فێـری دەبیـن ئەوەیـە کـە کۆمەڵـگا هیـچ کات بەشـێوەی ڕەهـا خـراپ یـان بـاش نییـە، مەسـەلە ئەمەیـە، پرسـێک کـە خوێنـە بـەدوای بابەتێکدا دەکێشـێ کـە لۆکاچ دایڕشـت کـە دەڵـێ ئاخـۆ کۆمەڵـگا و مرۆڤـەکان دیاردەیەکـی ڕاسـتن یـان دەسـتکرد و

بەتاڵ و کاتیین)) ( زراڤا،٧٤:٢٠١١) ، ئەمەش رۆڵی خوێنەر لە دۆزینەوەی واتای ژیان و کۆمەڵگە دەردەخات.

لەلایەن خۆیەوە ( ئالان رۆپ گرێیە ١٩٢٢-٢٠٠٨) پێیوایە شێوازی بالزاکییانە ناتوانێ ناوەرۆکی تازەی کۆمەڵگە دەربڕێ، بۆیە نووسینی رۆمان پێویستی بە شێوازێکی نوێ هەبوو، تا بتوانێت ئەم ناوەرۆکە دەربڕێت. ئەو شێوازەی کە بالزاک و هاوشێوەکانی لە نووسینی رۆماندا پەیڕەوییان لێدەکرد، وەسفی دوور و درێژی لەخۆ دەگرت و زیاتر بەدیکۆرکردنی شتەکان بوون بۆ ئەوەی جوان دەربکەون، بەبێ ئەوەی هیچ کارتێکردن و کارلێکیان لەگەڵ رەگەزەکانی دیکە هەبێت. کەچی ئالان رۆپ گرێیە و هاوەڵەکانی شتەکان بە رووتی ناخەنەروو، بەڵکو لەکاتی تێکەڵبوون و کارلێکردندا لەگەڵ مرۆڤ دەریدەبڕن، واتە کاتێک شتەکان لە وشیاری مرۆڤدا رەنگی دایەوە و لە بوون و حەقیقەتی شتەکاندا بەرجەستەبوو، ئەو کاتە باسی دەکەن و دەیخەنەروو. لەمبارەیەوە ئالان رۆپ گرێیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەوان واقیعێک دادەهێنن کە ئەودیو واقیعی پێدەڵێن ، واتە واقیعی خەیاڵی و فەنتازیا. بەڕای ئالان رۆپ گرێیە بابەتی رۆمان لە خودی دەروونی مرۆڤدا نییە، بەڵکو لە جیهانی دەرەوە بەهەموو شتە ماددییەکانییەوە کە ئالان رۆپ گرێیە بە (بەشتبوون) ناوزەدی دەکات. ئەو جیهانەی دەرەوە بوونێکی سەربەخۆی هەیە لە بوونی مرۆڤ و کاری ئەو جوانکاریکردنی ژیانی مرۆڤ نییە، بەڵکو کاریگەرییبوون مرۆڤە بە شتەکانەوە، ئەو رۆڵە گرنگەی جیهانی دەرەوە وەکو کەرەستەیەکی بنچینەیی رۆمان وای لە ئالان رۆپ گرێیە و هاوەڵەکانی کردووە کات وەکو مەبەستێکی ژیان تێکبشکێنن و لەجیاتی ئەو بایەخ بە شوێن بدەن، چونکە بوونی شتەکان لە شوێندا سەقامگیرتر و روونترە لە بوونیان لەناو کاتدا. بەم پێیەش ئالان رۆپ گرێیە توێژینەوەی دەروونی و قووڵایی کارەکتەری رەتکردەوەو بەرە هەست و هەڵوێستە سادەکان هەنگاوی نا، چونکە ئەو باوەڕی وابوو کە ئەرکی نووسەر شتێکی دیکەیە کە ئەویش

بونیادنانــی کارێکــی هونەرییــە، کاری هونەریــش پێویســتی بــە شــێوەیەکی نوێخــواز هەیــە کــە ئــالان رۆپ گرێیــە ئــەو شــێوەیە لــە دووبارەکردنەوەیەکــدا دەبینــێ کــە دووچــاری سەرســوڕمانمان دەکات. بــەڕای گرێیــەوە رۆمانــی نوێیــە تیۆرێــک نییــەن بەڵکــو بەدواداگەڕانــە و ئــارەزووی دەرچوونــە لــە بەســتن و پێویســتییە بــۆ شــتێکی دیکــە، شــتێک بێــت زینــدوو و پــڕ چــالاک و بــزاڤ بێــت و گفتوگــۆ لەگــەڵ گشــت مرۆڤێکــی پــاک بــکات. لێرەشــدا مانــا لــە ئەنجامــی ئــەو گفتوگۆیــەوە دێتەئــاراوە و ڕێچکەی خۆی دەگرێــت، بــەو واتایــەی رۆمانــی نــوێ مانــای ئامادەکــراو پێشــکەش نــاکات، بەڵکــو لــە ئەنجامــی بەریەکەوتنــی رۆمــان بــە ژیانــی واقیعــی مرۆڤــەوە، مانایــەک دروســت دەبێــت و دێتەبــوون. لەبــەر ئــەم هۆکارەشــە گرێیــە پێیوایــە ناتوانیــن بــۆ دۆزینەوە واقیع شــێوە کۆنە بەســەرچوو و بەکاربــراوەکان، دووبــارە بەکارهێنینــەوە، چونکــە مەســەلەکە ئــەوە نییــە کــە شــتێکی باشــتر بهێنیــن، بەڵکــو مەســەلەکە پەیوەســتە بــە شــێوازێکی نوێــی نووســینی دەقــی رۆمــان، لەبــەر ئــەوەی ئەگــەر رۆمــان ئەرکــی ئــەوە بێت واقیعــی رۆژ بخاتەڕوو، ئــەوا هەمیشــە پێویســتی بــە گــۆڕان و نوێگــەری دەبێــت لــە شــێوەکانی ئــەو پێشکەشــکردنە، چونکــە واقیعــی رۆژ هیــچ کاتێــک لەســەر شــێوەیەک جێگیــر و ســەقامگیر نەبــووە، بەڵکــو هەمیشــە لــە گــۆڕان و بــزاڤ دابــووە، دیــارە ئەنجامدانــی ئــەم کارەش بــە کلێشــەو قاڵبــە ســوواوەکانی پێشــتری رۆمــان ناکرێــت، ئەمــەش ئــەوە دەســەلمێنێت کــە رۆمــان هیــچ کاتێــک ئامرازێــک نەبــووە کــە ئەرکێکــی دیاریکــراوی لــە ئەســتۆ بێــت و ئــەو شــتانەی کــە لــە پێــش خــۆی و لــەدەرەوەی خــۆی هەبــووە بخاتــەڕوو و شــییان بکاتــەوە کــە پێشــتر بــۆی ئامادەکراوە، بەڵکــو رۆمــان بریتییــە لــە بەدواداگــەڕان، ئــەوەی بەدواشــیدا دەگەڕێــت، خــودی خۆیەتــی.

هەر لەم سۆنگەیەدا، ( میشال بۆتۆر ١٩٢٦ _ ٢٠١٦ ) هەوڵیــدا رۆمــان نــوێ بکاتــەوەو بــۆ ئــەو مەبەســتەش بایەخێکی تــەواوی بــە جیهانــی واقیعی بابەتــی دا، بۆتــۆر لەمبارەیەوە بڕوای بە لێکۆڵینــەوەی دەروونــی نەبــوو، بەڵکــو بــڕوای بــە کارەکتــەر و پەیوەندییەکانــی

لەگەڵ جیهاندا هەبوو، چونکە ئەو بڕوای وابوو ئەو جیهانە دەگۆڕێت لەگەڵ خۆشیدا واقیعی مرۆڤایەتی دەگۆڕێت، لەم کلاورۆژنەیەشەوە بڕوای بەوە هەبوو کە دەبێ لە رۆماندا سوود لە کات وەربگیرێت، لەبەر ئەوەی فەرامۆشکردنی کات و گۆڕینی لە رۆماندا کارێکی فرە زەحمەتە. ئەو بڕوای وایە کە کات ( (بوونێکی بابەتییانەی نییە، بەڵکو لە کردەوەکانمانەوە سەرچاوەی گرتووە و پەیوەندییەکی دیالێکتیکیمان لەگەڵیدا هەیە کە لەو رێگەیەوە بوونی خۆی وەردەگرێ و دەسەلمێنی و ئێمەش لەو رێگەوە بوونی خۆمان دەسەلمێنین)) ( جرییە،١٩٨٣: ١٥٢).

بۆتۆریش هەمان رای ساروت و گرێیە هەیە لەوەی کە رۆمان بەدواداگەڕانە و هەڵاتن نییە لە واقیع، بەڵکو بونیادێکی بەردوامیدەرە و لەدەرەوەیدا پەیکەرێکی دیار و روونی هەیە، بەڵام لەناوەوەیدا بابەتێکی راستەقینە لەخۆ دەگرێت، ئەو پەیکەربەندییە دروستکراو نییە، چونکە رۆماننووس لەخودی ژیان وەریدەگرێت و دروستی دەکات. بۆتۆر پێیوایە رۆمان دەبێ خۆی، خۆی پێناسە بکات و هەر گۆڕانکارییەکی راستەقینە لە شێوە خەیاڵئامێزییەکەدا روو بدات، تەنیا لە چوارچێوەی گۆڕانکاری لە چەمکی خودی رۆماندا دەبێت کە ئەویش زۆر بەهێواشی بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت و گەشە دەکات، ئەم گۆڕانکارییانەش لە سۆنگەی ئەو رۆڵە بنەڕەتییە دەبێت کە لە رۆمان لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و وەکو ئەزموونێکی رێکخراوەو کەڵکە بوو دێتە ئاراوە ( بوتور،١٩٧١: ١٠).

بۆتۆر جیاوازی لەنێوان داستان و رۆماندا لەو خاڵەوە دەکات کە داستان چیرۆکی سەرکێشییەکانی کۆمەڵ دەگێڕێتەوە، بەڵام رۆمان سەرکێشییەکانی تاک دەخاتەڕوو، ئەو پێشیوایە کە لەبالزاکەوە ئەو چەمکە گۆڕانی بەسەردا هات و رۆمانەکانی بالزاک لەم رەوشە تێپەڕین و بەهۆی سەرکێشییەکانی تاکەوە، چیرۆکی سەرجەم کۆمەڵگەیان دەخستەڕوو، چونکە ئەگەر کۆمەڵگە ئەگەر بمانەوێت بەوردی تێبگەین، تەنیا لە تاک پێکنایەت، بەڵکو لایەنە ماددی و رۆشنبیرییەکانیش لەخۆ

هەواڵنامەی کتێب

دەگرێت. بۆیە بۆتۆر لە ڕۆمانەکانیدا لەسەرەتادا وێنەی تاک دەکێشێت و دواتر وێنەی ئەو چین و گرووپانەی کە تێدا دەژین لە بیروباوەڕ و داب و نەریت و زمان و ژینگە دەخاتەڕوو. لەم چوارچێوەیەدا میشال بۆتۆر ڕۆمان پەیوەست دەکات بە بازنەیەکی گەورەتر کە ئەویش گێڕانەوەیە و پێیوایە ڕۆمان تاقیگەی گێڕانەوەیە و دەڵێت: (( ڕۆمان هەرێمێکی دیاردەناسەکیانەی ریزپەڕە، شوێنێکی زۆر باشە بۆ خوێندنەوەی ئەوەی ک واقیع چۆن بەسەر ئێمەدا ئاشکرا دەبێت یان دەتوانێت ئاشکرا ببێت، بەم پێیە ڕۆمان تاقیگەی گێڕانەوەیە)) ( بۆتۆر،٢٠٠٤: ١١٧) ، لێرەدا ڕۆمان ڕۆڵی تاقیگەی پێسپردراوە، دیارە لە تاقیگەدا پرۆسەکانی شیکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی بابەتێک لەگەشتەوە بۆ پارچەکانی ئەنجام دەدرێت، بەمەبەستی تێگەیشتن و دۆزینەوەی خەوشەکانی، لێرەشدا ڕۆمان لەبەرامبەر ژیان و کۆمەڵگەدا هەمان ڕۆڵی توێژینەوە و شیکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی لەناو بازنەی گێڕانەوەی پێسپێردراوە.

هەر لەم ڕوانگەیەوە بیروڕایەکانی (ڕۆلان بارت ١٩١٥-١٩٨٠) لەبارەی ڕۆمانی هاوچەرخەوە، جێگەی تێڕامان و لێوردبوونەوەیە، بەتایبەتیش ئەو توێژینەوانەی لەبارەی ڕۆمانەکانی (ئالان ڕۆپ گرێیە) کردوویەتی و تێیدا بە پلەی یەکەم بایەخی بە بونیاد لە دەقی ڕۆمان داوە، ئەمەش لەچوارچێوەی میتۆدی بونیادگەریدا کە ڕۆمانی بە سەرکێشەییەکی زمانەوانی لەقەڵەم دا. لەهەمانکاتدا لە لێکۆڵینەوەکانیدا جیاوازی لە سێ ئاستدا کرد، ئەوانیش (وەزیفە، ڕووداو، گێڕانەوە) بوون و تێیدا بایەخێکی گەورەی بە وەزیفەکانی ئاخاوتن دا و ئەوەشی ڕوونکردەوە کە ئاماژەو دەلالەت لە هەر توخمێکی ڕۆماندا هەیە. لەمبارەیەوە بیرۆکەی (مەرگی نووسەر)ی هێنایە ئاراوە، کە بیرۆکەیەکی مەجازی بوو کە بەهۆیەوە گوزارشت لە چەمکێکی نوێی خوێندنەوە دەکات، چونکە بەڕای ئەو نووسین وەکو پرۆسەیەک شوێنگەو دیداری بۆچوونە جیاوازەکانە کە ڕاستی هەڵنەگرتووە. لەهەمانکاتیشدا ئەو شوێنگەو دیدارە ڕۆماننوس نییە،

بەڵکو خوێنەرە کە ئەرکی دۆزینەوەی پێ دەسپێردرێت (صیداوی،٢٠٠٨: ٣٥-٣٦).

**سەرچاوە:**

**یەکەم: بەزمانی کوردی**

**ا ـ کتێب**

١- ئیبزام،.ه. و ئەوانی تر٢٠٠٨ ، ڕۆمان چییە ، و: جەواد مستەفا ، دەزگای توێژینەوە و بڵاوبوونەوەی موکریانی، هەولێر.

٢- بلَشن، ئەدوارد ١٩٨٢ ، دایانا داویتهایر، ڕۆمان و پیشەی نووسینی ڕۆمان ، و. بۆ عەرەبی، سامی محەمەد، و. بۆ کوردی: ئەژی گۆران، چاپخانەی المشرق ـ بغداد.

٣- بۆتۆر ، میشێل ٢٠٠٤، ڕۆمان وەک توێژینەوە،و: ڕەزا شەجیعی، نڤیسار ـ کۆمەڵێک بابەتی تیۆری، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٤- تراویک، بوکنەر ب. ٢٠٠٨، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان، و: حەمە کەریم عارف، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر .

٥- جۆیس ، جمیس ٢٠٠٥، ١٨ سەعات لە ژیانی مستەر بلووم بە (٤٥) دەقیقە، و: مەحمود زامدار، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٦- حەسەن، د. سەمیر ئیبراهیم ٢٠١٠، لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژی بۆ ئەدەب وەک ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی کەلتوور، و: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگەنە، گۆڤاری (هەنار)ن ژ(٥٩) ، دیسەمبەری .

٧- رەحمان، عەبدوڵڵا ٢٠١٤، بونیادی گێڕانەوە ـ لێکۆڵینەوە لە ڕۆمان و ڕۆمانە شیعر و چیرۆکی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی،هەولێر.

٨- ڕەسوڵ، تەها ئەحمەد ٢٠٠٩، فەنتازیای داخراو، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی.

٩- زادە، هاشم ئەحمەد ٢٠١٥، جیهانی ڕۆمان، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە.

١٠- سەراج، عەبدوڵڵا ٢٠٠٧ ، بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، سلێمانی.

١١- ساروت، ناتالی وئەوانی دیکە٢٠٠٨، ڕۆمان و واقیع، و: سەلاح عومەر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٢- عەبود، حەننا ٢٠١٠، لەبارەی مێژووی ڕۆمانەوە، و: عەبدوڵڵا ڕەحمان، چاپخانەی منارە، هەولێر.

هەوالنامەی کتێب

١٣- عومـەر ، سـەلاح٢٠١٠ ، رۆمـان لـە گۆشـەنیگای جیـاوازەوە، دەزگای توێژینـەوەو بڵاوکردنـەوەی موکریانـی، هەولێـر.

١٤- قوبـاد، سـەنگەر ٢٠١٢، لەرۆخـی رووبـاری وێژەوە، چاپخانـەی کارۆ، کەرکوک.

١٥- محمـد، میـران جـلال ٢٠٠٩، بنیاتـی رووداو لـە رۆمانـی کوردیـدا، مەڵبەنـدی کوردۆلۆجیـ سـلێمانی.

١٦- مسـتەفا، رێـزان عوسـمان ٢٠١٠، بنیاتـی جۆرەکانـی رووداو لـە رۆمانـی کـوردی باشـووری کوردسـتاندا، لـە بڵاوکراوەکانـی ئەکادیمیـای کـوردی، هەولێـر.

١٧- وات، ئیان ١٩٨٤، سـەرهەڵدانی رۆمانی ئینگلیـزی، و: د. یۆنیـل یوسـف عەزیـز، و. رەوف بێگـەرد، چابخانـەی عـلاو ، بەغـدا.

**ب ـ رۆژنامە و گۆڤار**

١٨- حەمەد، شـوکر سلێمان ٢٠٠٣، پاڵەوان لـە رۆمانـی ئێسـتای کوردیدا، گۆڤـاری کاروان ، ژمارە (١٧٢) نیسـانی.

١٩- سـەحرانەوەرد، بابـەک ٢٠١٤، پێکهاتـەی رۆمـان، هەفتەنامـەی (هزروهونەر)، ژ(١٠٦).

٢٠- عـارف، حەمـە کەریـم ٢٠٠٤، رۆمـان لەنێـوان موغامـەرەی نووسـین و نووسـینی موغامـەرەدا، گۆڤـاری (نەوشـەفەق)، ژ(١٨)، ئەیلولـی .

٢١- گایسـمەر، ماگویـل ٢٠١١، کۆمـەڵ و رۆمـان، و: د. ئـازاد حەمـە شـەریف، گۆڤـاری (نەوشـەفەق)، ژ(٨٤)، تشـرینی دووەمـی.

٢٢- گەرمیانـی، عـادل ١٩٩٨، چەنـد سـەرنجێک دەربـارەی هونـەری رۆمـان لـە ئەدەبـی ئەوروپاییـدا، گۆڤـاری (کاروان)، ژ(١٢٥).

٢٣- نەهایـی ، عەتـا ٢٠١٣/٨/٢٥،، بۆچـی رۆمـان ، رۆژنامـەی (هەولێـر)، ژمـارە (١٧١٣).

**دووەم: بەزمانی عەرەبی**

**ا ـ کتێب**

٢٤- المصـري، محمـد عبدالغنـي و اخـرون ٢٠٠٩، تحليـل النص الأدبـي، مؤسسـة الـوراق للنشـر والتوزيـع، عمـان ـ الأردن، .

٢٥- العالـم، محمـود اميـن و اخـرون١٩٨٦، الروايـة العربيـة بيـن الواقـع و الأيدلوجيـة، دار الحـوار للنشـر و التوزيـع، دمشـق ـ سـوريا .

٢٦- برادبـري، مالكـوم ١٩٩٦ ، الروايـة اليـوم، ت:احمـد عمـر شـاهين، الهيئـة المصريـة العامـه للكتـاب.

٢٧- بوتـور، ميشـال ١٩٧١، بحـوث فـي الروايـة الجديـدة، ت:فريـد انطونيـوس، دار منشـورات عويـدات، بيـروت ـ لبنـان،.

٢٨- جرييـه، الان روب ١٩٨٤، نحـو روايـة جديـدة، ت: د. مصطفي ابراهيـم مصطفي، دار

المعارف بالمصر، قاهرة.
٢٩- زيرافا، ميشيل ٢٠٠٥، الأدب القصصي ـ الرواية والواقع الأجتماعي، ت: سما داود، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
٣٠- صيداوي، رفيف رضا ٢٠٠٨، الرواية العربية بين الواقع و التخييل، دار الفارابي ، بيروت.
٣١- غولدمان، لوسيان ١٩٩٣، مقدمات في سوسيولوجية الرواية، ت: بدرالدين عرودكي، دار الحوار للنشر و التوزيع، سورية.
٣٢- فؤاد، د.اماني ٢٠١٤، الرواية و تحرير المجتمع، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة.
٣٣- لوبوک ، بيرسي ١٩٨١، صنعة الرواية، ت:عبدالستار جواد ،دار الرشيد للنشر، بغداد.
٣٤- واط، ايان ٢٠٠٨، نشوو الرواية، ت: د. ثائر ديب، دار الفرقد للطباعة والنشر و التوزيع، دمشق ـ سوريا، ط٢.

**ب ـ نامەی ئەکادیمی**

٣٥- زيندين، شازاد كريم عثمان ٢٠٠٦ـ ، الرؤية السياسية و الأجتماعية في روايات (غائب طعمة فرمان) و(ابراهيم احمد)، رسالة ماجستير، جامعة بغداد.

**ج ـ رۆژنامە و گۆڤار**

٣٦- اسعد، ساميه احمد ١٩٧٢، الرواية الفرنسية المعاصره، مجلة ( عالم الفكر)، المجلد (٣)، العدد (٣) ديسمبر .
٣٧- الهوارى، د.احمد ابراهيم ١٩٨١ـ ، موقف الشخصية الروائية من الواقع الأجتماعي، مجله (الأقلام)، العدد (١٢).
٣٨- خضور، اديب ١٩٦٩، المضمون الأجتماعي في الرواية الشراع و العاصفة، مجله (المعرفة)، العدد (٩٠)، اب.
٣٩- عتو، د.عبدالله بن ١٩٩٣، لماذا الرواية، مجلة (عالم الفكر)، المجلد (٢١)، العدد (٤)، ابريل ـ مايو.
٤٠- مصطفى، عبدالعزيز تموز١٩٧٩ ، الفلسفة الأجتماعية في ادب نجيب محفوظ، مجلة (الطليعة الأدبية)، العدد (٢٣).
٤١- وهبه، د.مجدي ١٩٧٢، الأتجاهات الحديثة في الرواية المعاصرة، مجلة (عالم الفكر)، مجلد (٣)، العدد (٣) ديسمبر .
٤٢- واگ، ايان ١٩٧٥، الواقعية و الرواية، ت:د. يوئيل يوسف عزيز، مجلة (الأقلام)، العدد (١)، السنه (١١)، تشرين اول.

کتێبخانەی هەولێرنامە

# ناهۆشیاری میتۆدبەندی و نەپاراستنی ئەمانەتی زانستی

## لە توێژینەوەی (خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی (عەلائەددین سەجادی)ی بەپێی (میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری)ی (سروشت ئەحمەد حەوێز)دا

## توێژینەوەیەکە بەپێی میتۆدی (جۆهانا ناتالی)

٢ - ٢



پ. ی. د. ڕێبین خەلیل قادر

لە هەموو قۆناغەکانی گوتارەکە و پێکهاتەکانیدا ئەنجام دەدرێت، کە لە پێشەکییەوە دەست پێدەکات و بە ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی پێدێت (الحصماني، ٢٠١٨، ١١٦-١١٧). لەبەرئەوەی ئەرکی ڕەخنەگری رەخنە لە چوارچێوەی بواری ئەبیستمۆلۆژیاوە، بریتییە لە تێڕامان و وردبوونەوە لە میتۆدە ڕەخنەییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، جا چ لەسەر ئاستی تیۆری بێت، یان لەسەر ئاستی پراکتیکی بێت، ئەوا یەکێک لەو ئامرازانەی پشتی پێ دەبەستێت بریتییە لە بەکارهێنانی ئامرازی وەسف، کە بریتییە لە هۆکاری سەرەکی ڕەخنەگری ڕەخنە بۆ لێوردبوونەوە و توێژینەوە و تێڕامانی

کارە رەخنەییەکان کە توێژینەوە لە ژانر و جۆر و هونەرە ئەدەبییەکان دەکەن (لحمداني، ٢٠١٤: ١٠).

وەسف پرۆسەیەکە لەنێو رەخنەی رەخنەدا کە بەهۆیەوە وەسفی دیاردە ئامادەبووەکانی نێو دەقی دووەم کە بەرهەمی رەخنەییە دەکرێت، رەخنەگری رەخنە لە هیچەوە پرۆسەکە ئەنجام نادات، بەڵکو یەکێک لەو لایەنانەی پشتی پێدەبەستێت بریتییە لە رۆشنبیرییە تایبەتییەکەی خۆی، کە زۆربەی جار بە هۆکارێکی بنەڕەتی لەو بوارە دادەنرێت، چونکە سروشتی تێرامان و بیرکردنەوەی رەخنەگری رەخنە لەبارەی هەر دەقێکی رەخنەییەوە کاریگەرە بەو چەمکە پێشوەختانەی کە لە مێشک و زەین و بیری رەخنەگری رەخنەدا لەبارەی ئەو دیاردانەوە ئامادەبوونی هەیە، بەمانایەکی تر، رەخنەگر پێشتر زانیاری پێشوەختەی لەبارەی هەموو ئەو پرس و دیاردە و لایەنانەوە هەیە کە لەنێو دەق یان کارە رەخنەییەکەدا بوونی هەیە، ئەمەش لای (جوهانا ناتالی) بە (Codes de Base) (یاساکانی بنەڕەت یان یاسا سەرەکییەکان) ناسراوە.

**دووەم: رێکخستن:**

ئامانج لە وەسفکردنی کاری داهێنراو کە دەقی ئەدەبییە (جا شیعر بێت، یان چیرۆک و رۆمان بێت) بریتییە لە دانانی سیستەمێک لە رواڵەتی جیاکەرەوە (پلان) بۆ دەقی لێتوێژراو. ئەم قۆناغەش لە هەموو پرۆسە رەخنەییەکەدا گرنگە کە لەسەر شیکردنەوە و مامەڵەکردنێکی راستەوخۆی دەقی ئەدەبی دامەزراوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەکرێت بە چوونەناویەکی لەگەڵ خودی وەسفەکە یان لەگەڵ خاڵی سێیەمی پیادەکردنی رەخنەیی کە (قۆناغی لێکدانەوە Interpretation)یە ئامادەیی هەبێت. پاشان دانانی سیستەمی رواڵەتە جیاکەرەوەکان بۆ دەقی لێتوێژراو، و هەڵبژاردنی ئەو گۆشەیەی کە لێیەوە رەخنەگر دەڕوانێتە دەق، هەموو ئەمانە رۆڵیان لە پرۆسەی لێکدانەوەکەدا هەیە. لێرەوە پێویستە ئاماژە بە کاریگەری جیاوازی میتۆدە رەخنەییەکان لە دیاریکردنی سیستەمێک بۆ رواڵەتە جیاکەرەوەکانی دەق بکەین

(لحمدانــي، ٢٠١٤: ٢١). بــۆ نموونــە کاتێــک ڕەخنەگرێــک لــە توێژینــەوەی ڕۆمانــدا پشــت بــە میتــۆدی ڕەخنــەی دەروونــی دەبەســتێت، ئــەوا بــەو مانایــە دێــت کــە جــەت لــە ڕەهەنــدی دەروونــی لــە ڕۆمانەکــە دەکاتــەوە، بۆیــە بێگومــان بایــەخ بــە کەســێتی و جیهانــە دەروونییەکــەی دەدات، لێــرەدا سیســتەمی خەســڵەت و تایبەتمەنــدی و ڕواڵەتــە جیاکــەرەوەکان، یــان پــلان و پرۆگــرام بــۆ نموونــە پێکدێــت لــە گــرێ دەروونییــەکان و شــێوەکانی دوودڵــی و تێکشــکان و داڕووخــان و جۆرەکانــی نابــاوی لــەو کەســێتییانەی لەنێــو ڕۆمانەکــەدا بوونیــان هەیــە. بــەم شــێوەیە سیســتەمی خەســڵەت و ڕواڵەتــە جیاکــەرەوەکان دەگۆڕێــن بــە گۆڕانــی ئاســتی گۆشــەی تێڕوانینــی ڕەخنەیــی ڕەخنەگری ئەدەبی بۆ دەقی ئەدەبی، ئەمــەش بەگوێــرەی تێڕوانینــی ڕەخنەیــی میتــۆدی ڕەخنــەی پێڕەوکــراو لــە توێژینەوەکــەدا.

**سێیەم: لێکدانەوە:**

هەمــوو میتــۆدە ڕەخنەییــەکان لــە شــیکردنەوەیاندا بــۆ تیکســتی ئەدەبــی پەنــا نابەنــە بــەر لێکدانــەوە؛ بــۆ نموونــە توێژینــەوە بونیادگەرییــەکان زۆربــەی جــار گۆڕەپانــی تایبەتــی کارکردنیــان بریتییــە لــە جیهانی بونیاد و فۆرمەکانــی دەقــی ئەدەبــی. هەتــا واتاناســی بونیادگەریــش زیاتــر جەخــت لەســەر دەلالەتــی نــاوەوەی دەقــی لێتوێــژراو دەکاتــەوە. لێــرەوە دەبینیــن ئێمــە لــە بەرامبــەر بونیادێکــی فۆرمــی و ئیســتاتیکی ڕووت دایــن، ئەگــەر لــە بونیادەکــە بڕوانیــن لــە خــودی خۆیــدا، ئــەوا ئــەو بونیــادە هیــچ دەلالەتێکــی کردەیــی یــان هاندانــی بەگوێــرەی وەرگــر یــان ئــەو ناوەنــدە ژینگەیــی و کۆمەڵایەتییــەی دەقــە لێتوێژراوەکــەی تێدا ژیاوە هەڵنەگرتــووە، واتــە دەقەکە تەنیــا بریتییــە لــە نەســەقێکی نواندنــی و ئیســتاتیکی. لــە لایەکــی تــرەوە، زۆرێــک لــەو ڕەخنەگرانــەی ئــەو میتــۆدە ڕەخنەییانــە بەکاردێنــن کــە پێوەندییــان بــە زانســتە مرۆڤایەتییەکانــەوە هەیــە (واتــە ئــەو میتــۆدە ڕەخنەییانــەی لــە دەرەوەی دەقــی ئەدەبییــەوە کار لەســەر دەقەکــە دەکــەن)، تەنیــا لەســەر دەلالەتــە ناوەخۆییەکــەی دەقەکە ناوەستن، لەبەرئــەوەی ئەمانە بــەردەوام بەگوێــرەی چێــژ و زەوق و

سـەلیقەی خوێنـەر و بەگوێـرەی ئـەو ناوەنـدە کۆمەڵایەتییـەی دەقەکـەی تێدا ژیاوە یـان بەگوێرەی خاوەنـی دەقەکە و زانیارییـەکان لەبـارەی کەسـێتی دەقنووسـەکە و ژیاننامەکەیـەوە بـەدوای واتـای دەقـی لێتوێـژراوەوە دەگەڕێـن (لحمداني، ٢٠١٤: ٢١-٢٢). لە پڕۆسـەی رەخنـەی ئەدەبـی پراکتیکیدا دوو جۆری سـەرەکی خوێندنـەوە بۆ دەقـی ئەدەبی هەیـە، یەکێکیـان (خوێندنەوەیەکـی ناوخۆییـە) بـۆ دەق، واتـە توێژینـەوەی دەقـە لـە نـاوەوە بـە پشتبەسـتن بـە خـودی دەق و هەمـوو ئـەو رەگـەز و توخـم و تەکنیـک و پێدراوانـەی دەقەکـە لـە بونیـاد و فۆرمـی خۆیـدا هەڵیگرتـوون، بەمـەش دەقەکـە وەک بونیادێکـی رووت مامەڵـەی لەگەڵـدا دەکرێـت، بـە دابڕینـی لـە دەرەوەی خـۆی. ئـەوی تریـان، (خوێندنەوەیەکـی دەرەکییـە)، واتـە توێژینـەوەی دەقـی ئەدەبـی لـە دەرەوەی خـودی خۆیـدا، ئەمـەش بە پشتبەسـتن بـە زانیارییەکان لەبـارەی خاوەنـی تیکسـتەکە و بارودۆخـی سـۆزداری و هەسـتی و نەسـتی و دەروونـی و ئـەو ژینگـە و ناوەنـدە کۆمەڵایەتییـەی خاوەنـی دەق و دەقەکـەی تێـدا ژیـاوە، هەمـوو ئـەم زانیارییانـە وەک هـۆکاری یارمەتیـدەر بـۆ توێژینـەوە لـە دەق و گـەڕان بـەدوای نهێنییەکانی و هەڵێنجانـی دەلالەتەکانی بەکاردەهێنرێـن. رەخنەگـری ئەدەبـی پشـت بـە یەکێـک لـەم خوێندنەوانـە دەبەسـتێت. لـە زۆربەی حاڵەتەکانیشـدا رەخنەگـری ئەدەبـی پشـت بـە زانسـتە یارمەتیـدەرەکان دەبەسـتێت بـۆ دۆزینـەوەی دەلالەتەکانـی تیکسـتەکە، کـە ئەمـەش ئەرکـی رەخنەگـری رەخنـە لـە دیاریکردنـی تایبەتمەنـدی و سروشـت و جۆر و ئاراسـتەی لێکدانـەوە و راڤەکردنەکانـی رەخنەگـری ئەدەبـی بـۆ تیکسـتی لێتوێـژراو قـورس دەکات. رەخنەگـری رەخنـە ئـەم تەکنیکـی (لێکدانـەوە) بـۆ ئـەوە بەکاردێنێـت، تـا بزانێـت رەخنەگری ئەدەبی لە پرۆسـەی رەخنـە ئەدەبییـە پراکتیکییەکەیـدا چـۆن مامەڵـەی لەگـەڵ تیکسـتەکاندا کـردووە. ئایـا سروشـت و جـۆری ئـەو مامەڵەکردنـە لەگـەڵ دەقەکانـدا لەگـەڵ ئـەو تێڕوانینـە رەخنەییـەی میتـۆدە رەخنەییەکـەی توێژینەوەکـە یـەک دەگرێتـەوە یـان دوورە لێـی؟ ئایـا رەخنەگـری ئـەدەب لـە شـیکردنەوە

و راڤەکردن و لێکدانەوەکانیدا بۆ دەقەکان توانیویەتی سەرکەوتوو بێت، یان تووشی بۆچوونی جیاواز و لێکدژ و پێچەوانەی بنەماکانی میتۆدی پێڕەوکراو لە توێژینەوەکەیدا بۆتەوە؟

شەشەم: هەڵسەنگاندنی ئیستاتیکی:

رەخنەگری فەرەنسی (جۆهانا ناتالی) ئەم بابەتەی لە توێژینەوەکەی خۆیدا نەوروژاندووە، ئەمەش رەنگبێت پێوەندی بە جۆری ئەو رەخنەیەوە هەبێت کە ئەو کاری لەسەر کردووە و جۆری پرۆسە رەخنەییەکەش مەسەلەی بڕیاردانی هەڵسەنگێنەرانەی تایبەت بە لایەنی هونەری و ئیستاتیکی لە کاری ئەدەبیدا فەرامۆشبکات و هیچ بڕیارێکی هەڵسەنگێنەرانە لەبارەیانەوە نەدات، چونکە ئەگەر لەو توێژینەوە رەخنەییانە وردبینەوە کە (ناتالی) کاری لەسەر کردوون، دەبینین ئەم رەخنەگرە تەنیا ئەو توێژینەوە رەخنەییانەی وەک سامپڵی توێژینەوە وەرگرتووە کە باسی بونیاد و فۆرم و لایەنی هونەری و ئیستاتیکی (پشیلەکان)ی (بۆدلێر)یان کردووە. هەڵبەت توێژینەوە وەسفی و شیکاری و بونیادگەرییەکانیش بەهیچ شێوەیەک نزیکی هەڵسەنگاندن و بڕیادانی هەڵسەنگێنەرانە ناکەونەوە، بۆیە (ناتالی)ی بایەخی بەم پرسە نەداوە. کەچی هەر بە چاوخشاندنەوە بە پرۆسەی رەخنەی ئەدەبی و بەشە پراکتیکییەکەیدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە زۆرێک لەو رەخنەگرانەی توێژینەوەیان لە بارەی هەر ژانرێکی ئەدەبی کردبێت زۆرجار لە هەندێک بارودۆخدا ناچاربوون یان پەنایان بردۆتە بەر هەڵسەنگاندنی بونیادی تیکستەکان و شێوازەکانیان و خستنەڕووی بەها ئیستاتیکییەکەی. هەڵسەنگاندنی ئیستاتیکییانەش لەوانەیە پشت بە پێوەرەکانی جوانناسی (زانستی جوانی) ببەستێت، یان پشت بە هەندێک لەو تایبەتمەندی و خەسڵەتانە ببەستێت کە لە دەقە ئەدەبییەکانی (رۆمان و شیعر و... هتد) پێشووتر دەرهێنرابن و وەک پێوەر بەکاربهێنرێن و رەخنەگر پەنا بباتە بەر بەراوردکردنی ئەو دەق یان دەقانەی وەک سامپڵی توێژینەوە وەریگرتوون لەگەڵ ئەو دەقە ئەدەبییانەی پێشوو تر لە ناوەندە رۆشنبیری و ئەدەبی و رەخنەییەکاندا


مێژوی
ئەدەبی کوردی
مێژو ، ئەدەب ، زانیاری
« تأریخی کورد لەبەرەبەیانی مێژوی ئادەمیزادەوە ، باوەڕی بێگانە بەرامبەر بەکورد .
مێژوی ئەدەب ، ئەدەبی زمان ، داهاتی ئەدەب لە عالەمدا، ئەدەبی کورد ، چیرۆکی کورد ، پەندی پیشینان ، شاعرە هەرە گەورەکانی کورد ، ئەدەبی رۆژنامە . .
ئەدەب لە رۆژهەلاتی کۆندا ، بەراوردی ئەدەبی کوردی لەگەڵ ئەدەبی میسری کۆن ، فارسی کۆن ، چینی کۆن ، هیندی کۆن ، عیبری کۆن ، یونان ، . رومان »
علاء الدین سجادی
١٣٧١ هـ - ١٩٥٢ م
لەچاپدانەوەی بەدەست خاوەنیەتی

سـەرکەوتنی بەرچاویـان بەدەسـت هێنـاوە (لحمداني، ٢٠١٤: ٢٢-٢٣).

مـەرج نییـە هەمـوو توێژینەوەیـەک هەڵسـەنگاندنی ئیسـتاتیکییانەی تێدابێـت، وەک لـە سـەرەوە روونکرایـەوە ئـەو رەخنەگرانـەی بونیادگەریـن زۆر بایـەخ بـە مەسـەلەی هەڵسـەنگاندن و بڕیـاردان نـادەن، چونکـە سروشـتی کارەکەیـان زیاتـر وەسـفییە، بـەلام لەگـەڵ ئەوەشـدا ناتوانیـن بڵێـن سـەد لـە سـەد مەسـەلەی هەڵسـەنگاندنی ئیسـتاتیکییانە فەرامۆشـدەکەن، چونکـە ئـەم بۆچوونـەی ئـەم رەخنەگرانـە بـە تـەواوی رەهـا نییـە و رێژەییـە، چونکـە هـەر خـودی رەخنـەی بونیادگـەری کاتێـک دوور دەکەوێتـەوە لـە بڕیـاردان و هەڵسـەنگاندن لـە لای رەخنەگـری ئەدەبـی، کەچـی هـەر زوو هەسـتی هەلسـەنگاندنی ئیسـتاتیکییانە لای وەرگـر و خوێنـەر زینـدوو دەکاتەوە، واتـە هەڵسـەنگاندنە ئیسـتاتیکییەکە لـە رەخنەگـرەوە بـۆ وەرگـر و خوێنـەر دەگوازرێتـەوە. لەولایشـەوە میتـۆدی رەخنەیـی هـەن کـە گرنگـی بـە دەلالەتـە کۆمەڵایەتـی و دەروونـی و مێژووییـەکان دەدەن و هەڵوێسـت و بیـر و بۆچوونـەکان دەدەن، بـە بێئـەوەی ئەمـە رێگرییـان بـکات لـەوەی بڕیـاردان لەبـارەی بەهـاوە بکەنـە هۆکارێـک بـۆ دیاریکردنـی ئیسـتاتیکای کارە ئەدەبییـەکان. بـۆ نموونـە ئەگـەر لـەو توێژینەوانـەی کـە میتـۆد یان ئاراسـتەی رەخنـەی کۆمەلایەتییـان بەسـەردا زاڵـە وردبینـەوە دەبینیـن مەسـەلەی بڕیـاردان

و هەڵسەنگاندن پایەیەکی سەرەکی ئەم میتۆدەیە و ئەرکی رەخنەگرە دەقەکە هەڵسەنگێنێت و بڕیاری لەبارەوە بدات.

**حەوتەم: تاقیکردنەوەی دروستی:**

مەبەست لە تاقیکردنەوەی دروستی، بریتییە لە پێدانی فیکرە لە بارەی بەهای مەعریفی بەرهەمهێنراو لە بونیادێکی شیکاری دیاریکراودا، کە سیستەمێکی وەسفی و هەروەها ئەوەی پێوەندی بەم سیستەمەوە هەیە لە وەسیلەکانی قایلکردن و لە کۆتاییەکەشدا ئەوەی لە لێکدانەوە و راڤەکردنەوە بەرهەم دێت دەگرێتە خۆی. یان دیاریکردنی بەهای کاری لێتوێژراوە لە لایەنی هونەرییەوە. یەکێک لە نیشانەکانی توانستی هەر شیکردنەوەیەک بۆ پشکنین (لە پرۆسەی رەخنەییدا) ئەوەیە کە ئەنجامەکانی دژیەک نەبێت لەگەڵ هەندێک لایەنی دەقی لیتوێژراو، واتە ئەنجامەکان کۆی رەگەزە دەقییەکانی بەهەند وەرگرت بێت. کەم رەخنەگری ئەدەب هەیە پەنا بۆ چەسپاندنی پرۆسەیەکی لەم جۆرە ببات، لەبەرئەوەی رەخنەگری ئەدەبی ئەرک و کاری لە شیکردنەوەکەدا بریتییە لە هەوڵدان بە مەبەستی بەبەڵگەکردنی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان لە کۆتایی توێژینەوەکەدا. هەندێک لە میتۆدە هاوچەرخەکان پەنا بۆ دووبارە چەسپاندنی راستی و دروستی تێڕوانین و تاقیکردنەوەیان لەسەر چەند دەقێک دەدەن ئەمەش بۆ دڵنیابوون لە کاریگەرییەکەی و دروستی ئەنجامەکانی شیکردنەوەی دەقەکان. بەگشتی هەموو ئەو میتۆدانەی کە مۆرکێکی زانستییان هەیە سورن لەسەر ئەنجامدانی پشکنین بۆ ئەنجامەکان و پیشاندانی رادەی وەکیەکییان لەگەڵ واقیعی جۆرێکی ئەدەبی دیاریکراو لە رێگەی شیکردنەوەی ژمارەیەک دەقی سەر بەم جۆرە ئەدەبییە. لەبەرئەوەی لایەنی باشی و ئەرێنی هەر میتۆدێکی زانستی ئەوەیە کە هەم کردەی پشکنین و بەدواداچوون (Verifiable) ی بۆ بکرێت، هەم توانای دووبارە بەکارهێنانەوە (Reutilisable) ی بەسەر دەقەکانی تریشدا هەبێت بە هەمان کاریگەرییەوە (لحمداني، ٢٠١٤: ٢٣-٢٥). تاقیکردنەوەی دروستی

لە بنەڕەتدا ئامرازێکی پێویستی رەخنەی رەخنەیە و دەشێ بەهۆیەوە رەخنەگر هەندێک گەڕان و پشکنین بۆ توێژینەوە رەخنەییەکە ئەنجام بدات و رەچاوی هەندێک لایەنی توێژینەوە رەخنەییەکە بکات؛ وەک:

* هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو بەڵگەهێنانەوە و سەلماندن و تاقیکردنەوانەی پاڵپشتی لە ئەنجامی بەدەستهاتوو دەکەن دوای پرۆسەی شیکردنەوە.

* ئەم ئامرازە دوا بازنەی کاری رەخنەگری رەخنە نییە، بەڵکو پێویستە هەموو هەنگاوەکانی توێژینەوەکە بگرێتەوە، جا ئەوەی پێوەندی بە تاقیکردنەوەی دروستی ئەو زانیارییە تیۆرییانەوە بێت کە رەخنەگری ئەدەبی پشتی پێ بەستووە، یان چاودێریکردن و بەدواداچوونی گشتگیرییەتی شیکردنەوەکە و پشکنین و بەدواداچوون بۆ سەلامەتی ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە.

* هەندێکجار پراکتیزەکردنی تاقیکردنەوەی دروستی توشی ئاستەنگ و لەمپەڕ دەبێتەوە لە هەندێک لایەنی کارە رەخنەییەکەوە (دەقی دووەم). بەتایبەت لەو حاڵەتەی کە رەخنەگری ئەدەب بە وردی و دیاریکراوی ئەو دەقانەی کە بۆ بابەتی شیکردنەوەکەی وەری گرتوون دەستنیشان نەکردووە، بەڵکو کەرەستەیەکی زۆری بۆ شیکردنەوە وەرگرتووە و بێ پلانی و ناڕوونی بە شێوەی وەرگرتنی دەقەکان و شیکردنەوەیانەوە دیارە. هەروەها کاتێک رەخنەگری ئەدەب بەپێی پێویست مەرجەع و سەرچاوەی خۆی دیاری نەکردبێت، تاوەکو رەخنەگری رەخنە بتوانێت لەگەڵ دەقە لێتوێژراوەکان بەرامبەریان بکات و بزانێت ئاخۆ ئەنجامەکانی شیکردنەوەکە لەگەڵ بونیاد و ئەگەرەکانی دەلالەتی تێکستەکان دەگونجێت، یان نا. ئایا شیکەرەوە تا چەند رەچاوی هەموو رەگەزەکانی تیکستی داهێنراوی کردووە؟

* ناکرێت پراکتیزەکردنی تاقیکردنەوەی دروستی کۆی وردەکارییەکانی شیکردنەوەی دەقە لێتوێژراوەکان بگرێتەوە و باسی هەموو لایەنەکانی پرۆسەی شیکردنەوەی دەقەکان لای رەخنەگری ئەدەبی

بکات، چونکە لەم حاڵەتەدا پرۆسەکە دەگۆڕێت بۆ خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ کۆی ئەو دەقە ئەدەبییانەی کە ڕەخنەگرانی ئەدەب لێیان کۆڵیوونەتەوە.

بەشی دووەم: خوێندنەوەیەک بۆ توێژینەوەی (خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) ی (عەلائەددین سەجادی)ی بەپێی (میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری)ی (سروشت ئەحمەد حەوێز):

**- ئامانجی توێژینەوە و هەڵبژاردە میتۆدبەندییەکەی:**

توێژەر لە پێشەکی توێژینەوەکەیدا بەشێوەیەکی سەربەخۆ باسی ئامانجی توێژینەوەکەی نەکردووە، تەنیا ئەوە نەبێت کە دەڵێت توێژینەوەکەی ( (هەوڵێکە بۆ ناساندن و لێکۆڵینەوە لەم میتۆدە ڕەخنەییە و دیاریکردنی سروشت و تایبەتمەندییەکانی لە بواری لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا)) (حوێز، ٢٠٢٢: ١٠٩). ئەم ئامانجەی توێژەر لەگەڵ ناونیشانی توێژینەوەکەی ناگونجێت، چونکە لە ناونیشانەکەدا مەبەستی توێژەر ئەوەیە کە گوایە دەیەوێت هەڵسەنگاندنێک بۆ ئەم کتێبە بکات و بۆ ئێمەی ڕوون بکاتەوە کە ڕەخنەی تەواوکاری چەند و چۆن لەم کتێبەدا ڕەنگیداوەتەوە، کە ئەمەشی زۆر بە کرچ و کاڵی و بێ سەروبەری کردووە! کەچی توێژەر دەڵێت توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ ناساندن و توێژینەوە لە میتۆدەکە و سروشت و تایبەتمەندییەکانی. لە کاتێکدا لە توێژینەوەکەیدا باسی سروشت و تایبەتمەندییەکانی ئەم میتۆدەی نەکردووە، بەڵکو دوای ناساندنێکی میتۆدەکە و چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ دەقی ئەدەبی و سێکوچکەی (نووسەر و دەق و خوێنەر)، ئاماژەی بە چەند هەوڵێکی (سەجادی) کردووە کە گوایە لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا پێڕەوی ئەم میتۆدەی کردووە. کەچی ئەم هەوڵەی (سەجادی) بە هیچ جۆریک ناچێتە نێو ڕەخنەی تەواوکارییەوە، تەنانەت بۆچوونەکانیشی ئەوەندە سادەن بۆنی ڕەخنەی تەواوکارییان لێنایەت. لەلایەکی ترەوە، هەموو هەوڵەکانی توێژەر و هەموو بۆچوونەکانیشی لە ئاستەکانی تیۆری و پراکتیکدا و تەنانەت لە بەکارهێنانی

سەرچاوەکانیشدا لەم توێژینەوەیدا کە پێوەندی بە ئامانجی توێژینەوەکەیەوە هەیە نابەرپرسانە و دوور لە پاراستنی ئەمانەتی زانستییەوە هەمووی لە نامەیەکی ماستەر بەناوی (میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری (التكاملي) لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، هەردوو کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی) و (کاروانی شیعری نوێی کوردی) بە نموونە) بردووە، بێ ئەوەی دوور و نزیک ئاماژە بەم سەرچاوەیە بکات! ئێمە لەم توێژینەوەیەدا لە هەنگاوەکانی دواتردا ئەم لێوەرگرتنە نازانستییانەی ئەم توێژینەوەیە لە ماستەرنامەکە بەتەواوی دەخەینەڕوو.

– **سەرچاوەی پشت پێبەستراو:**

بەکارهێنانی سەرچاوە لە توێژینەوەدا کارێکی گرنگ و زانستییانەیە و ڕێنیشاندەر و بەرچاوڕوونییە بۆ توێژەر تا بتوانێت ئامانجەکانی توێژینەوەکەی بێنێتە دی. جگە لەمەش سەرچاوەکان دید و تێڕوانینی ڕەخنەیی و میتۆدبەندی توێژەر و توێژینەوەکەی پیشاندەدات. لەم توێژینەوەیەی (سروشت جەوهەر حوێز)دا، کە گوایە توێژینەوەیەکە بۆ کۆنفرانسی (سەجادی) لە (زانکۆی گەرمیان) نووسراوە، کە دەبوایە توێژینەوەیەکی ئەکادیمی و زانستی بوایە! تەنیا (٦) سەرچاوە بەکارهاتوون. لەم (٦) سەرچاوەیەش ئەگەر کتێبەکەی (عەلائەددین سەجادی) لێدەرکەین؛ ئەوا تەنیا (٥) سەرچاوە دەمێنیتەوە و لەم پێنجەشیان دانەیەکیان (وێبسایتی ویکیپێدیا)ی بەکارهێناوە و دانەیەکیشیان فەرهەنگێکی فەلسەفییە و ئەمانە هیچ پێوەندییەکیان بە ڕەخنەی تەواوکارییەوە نییە، کەواتە تەنیا (٣) سەرچاوەی لاوەکی دەمێنێتەوە کە توێژەر بۆ لایەنی تیۆری توێژینەوەکەی بەکاریهێناوە! کە هیچ یەکێک لەم سەرچاوانەش پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە ڕەخنەی تەواوکارییەوە نییە. ئەمەش لەگەڵ بنەماکانی توێژینەوەی زانستییانە و بنەماکانی بەکارهێنانی سەرچاوە لە توێژینەوەکاندا ناگونجێت. لەلایەکی ترەوە، (سروشت جەوهەر حوێز) لە پێشەکی و لە هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکەیدا دەڵێت: ((هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تا ئێستا میتۆدی ڕەخنەی

هەواڵنامەی کتێب

تەواوکاری لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی بە وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کەم باسکراوە)) (حویز، ٢٠٢٢: ١٠٩). کەچی وەک پێشتر ئامازەمان پێدا، لە ساڵی (٢٠٠٩)ەوە نامەیەکی ماستەر لەسەر ڕەخنەی تەواوکاری بەناوی (میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا)، کە هی (ڕێبین خەلیل قادر)ە نووسراوە و توێژەر ئەم نامەیەی دیوە و توێژەر خۆی هاوخوێندنی توێژەری ماستەرنامەکە بووە و زۆر باش ئاگاداری ئەم ماستەرنامەیە بووە و لەبەر دەستیدا بووە، کەچی لەجیاتی ئەوەی ئاماژەی بەو ماستەرنامەیە بکات، هاتووە هەموو زانیارییەکانی نێو ئەو ماستەرنامەیەی (هەر لە بەش و تەوەرەکانی و ناوەڕۆک و زانیارییەکانی) نێو نامەکەی بە تیۆر و پراکتیکەوە بەبێ دەستکاری و گۆڕانکاری نەقڵ کردووە و کردوویەتی بە توێژینەوەیەک بۆ خۆی!

لەمیانی پێداچوونەوەم بەم توێژینەوەیەدا ئەوەم بۆ دەرکەوت بۆچی توێژەر تەنیا (٣) سەرچاوەی لاوەکی بەکارهێناوە کە پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە توێژینەوەکەیەوە نییە و دەکەونە نێو بوارەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبییەوە. ئەویش ئەوەیە کە (٩١ ٪)ی توێژینەوەکە بە هەموو بەش و تەوەرەکانییەوە (هەر لە پوختە و پێشەکییەوە بگرە تاوەکو ئەنجام و سەرچاوەکان) وشە بە وشە و ڕستە بە ڕستە و هەموو دید و بۆچوونەکانی وەرگیراون لەو ماستەرنامەیەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێیدا، توێژەری ئەم توێژینەوەیە هەموو پلان و زانیارییەکانی بردوون، بێ ئەوەی یەک قسەش هی خۆی بێت و یەک زانیاری و بۆچوون دەرببڕێت و بێ ئەوەی ئاماژە بەم ماستەرنامەیە بکات! کە ئەمەش هۆشیاری و دەستپاکی و بەرپرسیارێتی کەسی و زانستی و ئەکادیمی توێژەر و ئاستی مەعریفی و ئاستی پسپۆرییەکەی دەخاتە ژێر پرسیارەوە و ئەوە دەردەخات کە توێژەری ئەم توێژینەوەیە کەسێکی زانستی و ئەکادیمی و دەستپاک نییە و ئەمانەتی زانستی و توێژینەوە ناپارێزێت.

ئەو سەرچاوانەش کە گوایە

بەکاریهێناون، هەر لەو ماستەرنامەیە وەریگرتوون، بە بەڵگەی ئەوەی زانیارییەکانی ئەم سەرچاوانەی بە هەمان وەرگێڕان و دەربڕینی ماستەرنامەکە بەکارهێناوە، بۆ نموونە توێژەر لە بەشە تیۆرییەکەیدا وای پیشان دەدات کە گوایە سودی لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتووە:

| ژ | ناوی کتێب | نووسەرەکەی | بوارەکەی | بەکارهێنان | توێژینەوەکە | ماستەرنامەکە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | المعجم الفلسفي | د. جميل صليبا | فەرهەنگ | ٢ جار | لاپەڕە ١٠٩ | لاپەڕە ٢٨ |
| ٢ | النقد العربي المعاصر | د. سمير حجازي | ڕەخنەی ئەدەبی | ١ جار | لاپەڕە ١٠٩ | لاپەڕە [illegible] |
| ٣ | النقد الادبي ومدارسه الحديثة | ستانلي هايمن | ڕەخنەی ئەدەبی | ١ جار | لاپەڕە ١٠٩ | لاپەڕە [illegible] |
| ٤ | نظرية الادب | ويليك و وارن | تیۆری ئەدەبی | ١ جار | لاپەڕە ١١٠ | لاپەڕە ٤٧ |
| ٥ | ویبسایتی ویکیپیدیا | — | زانیاری گشتی | ١ جار | لاپەڕە ١٠٩ | لاپەڕە ٤٠ |

لەم خشتەیەدا، ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە بەکارهێنانەکانی سەرچاوەکان لە توێژینەوەکەدا بە هەمان وەرگێڕان و دەربڕینی ماستەرنامەکەیە. بۆیە دەشێ بە ئەگەرێکی زۆرەوە کە توێژەر ئەم سەرچاوانەشی هەر نەبینیووە، بەڵکو بێ خۆ ماندووکردن هەر لەم ماستەرنامەیەدا بۆچوون و زانیارییەکانی ئەم سەرچاوانەشی بردووە و بۆ خۆی بەکاریهێناون، بۆ ئەوەی وا پیشانی هەڵسەنگێنەرانی بدات کە بەدوای سەرچاوەدا گەڕاوە و بەکاریهێناوە. بۆیە نەشارەزایی و نائەمینی و نابەرپرسیارێتی توێژەر لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی سەرچاوەکاندا، وایکردووە کە هەر خوێنەر و هەڵسەنگێنەرێک هەوڵ بدات لە سەرچاوەکانەوە دید و تێڕوانین و میتۆدبەندی توێژینەوەکەی بۆ دەرکەوێت، ئەوا هیچ سەرەداوێکی دەست ناکەوێت، چونکە سەرچاوەکان ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە میتۆدەکەوە نییە.

– کەرەستەی لێتوێژراو:

کەرەستەی لێتوێژراو لە پرۆسەی ڕەخنەییدا زۆر گرنگە، بەتایبەت ئەگەر توێژەر دید و تێڕوانین و میتۆدە ڕەخنەییەکەی توێژینەوەکەی دیاری کردبوو، بۆیە دەبێت ئەو کەرەستە یان ئەو دەق و گوتارەی کە بۆ توێژینەوە لە ڕوانگەی ئەو میتۆد و تێڕوانینە ڕەخنەییە دیاریکراوەوە ئامادەکراوە گونجاو بێت و تایبەتمەندییەکانی ئەو تێروانین و میتۆدە ڕەخنەییەی هەڵگرتبێت. بە پێچەوانەوە کەرەستەی لێتوێژراو و میتۆدی ڕەخنەیی دیاریکراو بە دوو ئاراستەی پێچەوانەی یەکتردا دەڕۆن

هەواڵنامەی کتێب

و توێژینەوەکە ئامانج و ئەنجام ناپێکێت. لەم توێژینەوەی (سروشت جەوهەر حوێز)دا هەمان ئەو بۆچوونە دەردەکەوێت. توێژەر کەرەستەیەکی بۆ توێژینەوەکەی هەڵبژاردووە کە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی (عەلائەددین سەجادی)یە، لە هەمان کاتیشدا بانگەشەی ئەوە دەکات کە گوایە هەوڵ دەدات سەرەداوەکانی ئەم میتۆدە ڕەخنەییە لەم کتێبەدا بدۆزێتەوە و دەڵێت: ((خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردی عەلائەددین سەجادی بەپێی (میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری)، هەوڵێکە بۆ ناساندن و لێکۆڵینەوە لەم میتۆدە ڕەخنەییە و دیاریکردنی سروشت و تایبەتمەندییەکانی لەبواری لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا)) (حوێز، ٢٠٢٢: ١٠٨). پێش ئەوەی ئەم وتەیە ڕوون بکەینەوە، دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە ئەم (سروشت) ە بەناو توێژەرە ئەم وتەیەی لە ماستەرنامەکەی (ڕێبین خەلیل قادر) وەرگرتووە و بێ دەستکاری بەکاریهێناوە، تەنیا ناوی کەرەستەکەی گۆڕیوە لە (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)ی (ڕەفیق حیلمی)یەوە کە یەکێکە لە کەرەستە لێتوێژراوەکانی ماستەرنامەکە بۆ (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی (عەلائەددین سەجادی) کە کەرەستەی لێتوێژراوی ئەم بەناو توێژینەوەیەیە! ئینجا (سروشت جەوهەر حوێز) ئەگەرچی وتەکەی وەرگرتووە و کردوویەتی بە هی خۆی، کەچی باش لە وتەکە نەگەیشتووە و وای پیشان داوە کە دەیەوێت لە میانی کتێبەکەی (سەجادی)یەوە ئەم میتۆدە ڕەخنەییەمان پێ بناسێنێت. کەچی ناونیشانی توێژینەوەکەی پێچەوانەیە و بریتییە لە توێژینەوە لە کتێبەکەی (سەجادی) لە ڕوانگەی ڕەخنەی تەواوکارییەوە. بۆئەوەی ڕوون بێتەوە ئەم میتۆدە ڕەخنەییە چەندە لەم کتێبەدا ڕەنگی داوەتەوە. لەلایەکی ترەوە، سادەیی و نەشارەزایی توێژەری ئەم توێژینەوەیەی سەرەوە لەوەدا دەردەکەوێت کە نەیتوانیووە کەرەستەیەکی لەبار و گونجاو بۆ توێژینەوەکەی هەڵبژێرێت، کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) ی (عەلائەددین سەجادی) وەکو کەرەستەی توێژینەوە هەڵبژاردووە،

کە دوور و نزیک پێوەندی بە ڕەخنەی تەواوکارییەوە نییە و توێژەرەکەش نەیتوانیووە ئامانجی توێژینەوەکەی لەم کتێبەدا بێنێتە دی، چونکە کاتێک سەیری بەشە پراکتیکییەکەی ئەم توێژینەوەیە دەکەی، بۆت دەردەکەوێت کە توێژەر بە وردی ئەم کتێبەی نەخوێندۆتەوە، بۆیە نەیتوانیووە ئەو قسە وەرگیراو و دزراوانەی کە لە بەشە تیۆرییەکە لە ماستەرنامەکەی بردوون، کە لە ڕاستیدا هیچ یەکێک لە زانیاری و بۆچوونەکانی بەشە تیۆرییەکە هی خۆی نین و هەمووی لە ماستەرنامەکەوە وەرگرتووە و کۆپی پێستی کردووە)، بۆیە نەیتوانیووە لە بەشە پراکتیکییەکەدا نموونەی گونجاو و پڕ بە پێستی تەوەرە و بۆچوونەکان بێنێتەوە و شرۆڤەیان بۆ بکات.

- **چوارچێوەی میتۆدبەندی و هۆشیاری پراکتیزەکردن:**

یەکێک لە مەرجەکانی توێژینەوەی سەرکەوتوو ئەوەیە کە میتۆدی کارکردنی تویژینەوەکە دیار و ئاشکرا بێت و توێژەرەکە بزانێت لە چ دید و ڕوانگەیەوە لە دەقەکە دەکۆڵێتەوە و پشت بە چ میتۆدێکی ڕەخنەیی و ڕێبازێکی توێژینەوە دەبەستێت. ئەم توێژینەوەی (سروشت جەوهەر حوێز) کە لەسەر کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی (سەجادی) ئەنجام دراوە، توێژەرەکەی ئاماژەی بە میتۆدی توێژینەوەکەی داوە و دەڵێت: ((لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕێبازی ڕەخنەی تەواوکاری ڕێبازی شیکاریمان بەکارهێناوە)) (حوێز، ٢٠٢٢: ١٠٩). (سروشت) ئەم دەربڕینەی ڕێک وەکو خۆی و بێ دەستکاری و بێ ئاماژەپێکردن لە ماستەرنامەکە وەرگرتووە و بە هی خۆی داناوە (بڕوانە: قادر، ٢٠٠٩: ٢) ئەمە لەبەر ئەوەی (سروشت) بۆخۆی هیچ زانیارییەکی نەبووە و نیە لەسەر میتۆد و ڕێبازی توێژینەوەکەی و پسپۆڕێتییەکەی زۆر لەم بابەتەوە دوورە، بۆیە تەنانەت لەمەشدا ئەمانەتی زانستی نەپاراستووە!

ئەم توێژەرە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە هەوڵیداوە ڕەخنەی تەواوکاری و ڕەنگدانەوەی لەم کتێبەی (سەجادی)دا بە پێی

چەنــد تەوەرەیــەک ڕوون بکاتــەوە، کەچــی ناهۆشــیارییە میتۆدبەندییەکــەی و نەزانیــن و نەشــارەزاییەکەی لــەم بــوارەدا وای لێکــردووە، تەنیــا هەمــوو زانیارییــەکان لــە ئاســتی تیــۆری و پڕاکتیکــی لــە ماســتەرنامەکەوە بــۆ نێــو توێژینەوەکــەی بگوازێتــەوە. ئیــدی ســەلماندنی ئــەوەی ئایــا ئــەم میتــۆدە ڕەخنەییــە لــەم کتێبــەدا ڕەنگی داوەتەوە یــان نــا زۆر بەلایــەوە گرنــگ نەبــووە، بــە بەڵگــەی ئــەوەی نموونــە و زانیــاری لــە کتێبەکــەی (ســەجادی) وەرگرتــووە و بــە زۆر و پەســتان خســتنە ســەر خــۆ لەگــەڵ تــەوەرە و بۆچوونــە دزراوەکانــی بەشــە پڕاکتیکیەکــەی گونجادوێتــی، بــە بێئــەوەی بیــر لــەوە بکاتــەوە ئاخــر ئــەو بۆچوونانــەی نێــو بەشــە پڕاکتیکییەکەی ماســتەرنامەکە لەگــەڵ ئــەو نموونانــەی (سروشــت جەوهــەر حەوێــز) لــە کتێبەکــەی (ســەجادی)دا هێناویەتییەوە دەگونجێــت یــان نــا! چونکــە ڕەخنــەی تــەواوکاری ڕەخنەیەکــی گشــتگیرە و لــە هەمــوو لایەنەکانــی (دەرەوە و نــاوەوەی) دەق بــە وردی دەکۆڵێتــەوە، کەچــی بەپێــی قســەی ئــەم توێــژەرە، (ســەجادی) تەنیــا باســی هەندێــک لــە ناوەرۆکــی بەشــێک لــە شــیعرەکانی ئــەو شــاعیرانەی کــردووە کــە لــە کتێبەکەیــدا باســی کــردوون، بەبــێ ئــەوەی بایــەخ بــە (ڕووخســار و بونیــادی هونــەری) شــیعرەکان بــدات (حوێــز، ٢٠٢٢: ١١٣). کــە ئەمــە بەهیــچ شــێوەیەک لەگــەڵ ڕەخنــەی تــەواوکاری ناگونجێــت. چونکــە ڕەخنــەی تــەواوکاری لــە یــەک کاتــدا بایــەخ بــە نــاوەرۆک و ڕووخســار و بونیادی هونەری دەقی شــیعریی دەدات. لەلایەکــی تــرەوە، ئــەم توێــژەرە ئامــاژە بــەوە دەکات کــە (ســەجادی) لەبــارەی ژیانــی کەســێتییەکانەوە زۆر زانیــاری ڕوونکردۆتــەوە و ئــەم زانیارییانــەی بــە شــیعرەکانەوە پەیوەســت کــردووە (حەوێــز، ٢٠٢٢: ١١٤). هــەر چەنــدە ئــەم زانیارییەشــی لــە ماســتەرنامەکە دزیــووە و ئەنجامــی خــۆی نییــە (بڕوانــە: قــادر، ٢٠٠٩: ٩٧-٩٩)، کەچــی نــە توێــژەر بــە یــەک ڕســتەش لــە ڕووی پڕاکتیکییــەوە ئامــاژەی بــەم زانیارییانــە داوە، چونکــە (سروشــت) نەیتوانیــووە ئــەوە بســەلمێنێت و ئەمــە لــە توانــا و ئاســت و زانیارییەکانی ئەوە زۆر دوورە. هەروەهــا نــە خــودی (ســەجادی)ش ئــەم کارەی لــە کتێبەکەیــدا نەکــردووە،

بەڵکو (سەجادی) بە شێوەیەکی سادە و ئاسایی هەندێک زانیاری لەبارەی شاعیرەکانەوە تۆمارکردووە و نەچۆتە قوڵایی ژیان و بەرهەمەکانی هیچیانەوە و لەکاتی باسکردنی ئەم شاعیرانەشدا بەرهەم و ژیانی هیچ شاعیرێکیشی بەکەوە گرێنەداوە.

لێرەدا نامەوێ زۆر بچمە نێو وردەکاری هۆشیاری میتۆدبەندی و ئاگایی و زانیاری و ئاستی (سروشت جەوهەر حوێن) لەم توێژینەوەیدا، چونکە پێشتر ئەوەم ڕوونکردۆتەوە کە هەموو توێژینەوەکەی هەر (لە ناونیشانی توێژینەکەوە بگرە تا پوختە و پێشەکی و بەش و تەوەرەکانی ئاستی تیۆری و تەنانە پراکتیکی و دواتریش ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی) لە (٩٥ ٪)ی لە ماستەرنامەکەی (ڕێبین خلیل قادر) ەوە وەرگرتووە و بەبێ دەستکاری و بەشێویەکی زۆر ڕێکخراو بەجۆرێک لە هەر بابەتێک لە ماستەرنامەکە و لە هەر لاپەڕیەک هەندێک زانیاری وەرگرتووە و لەنێو توێژینەوەکەی خۆیدا بەیەکەوەی گرێداون، تا کەس هەست بەوە نەکات زانیاری و بۆچوونەکان هی ئەم ماستەرنامەن! تەنیا لە بەشە پراکتیکییەکەدا ناوی (ڕەفیق حیلمی) و کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)یەکەی کە لە ماستەرنامەکەدا هاتووە گۆڕیووە بۆ (عەلائەدین سەجادی) و کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) و هەمان پراکتیکی ماستەرنامەکەی بۆ ئەم کتێبەش بەکارهێناوە.

- **مومارەسەی ڕەخنەیی**

*** ڕێکخستن:**

بە تێڕامان لە سیستەمی ڕوخسارە جیاکەرەوەکانی دەقی لێتوێژراو و بەش و تەوەرە و بابەتەکانی ئەم توێژینەوەیە، ڕاستییەکمان بۆ دەردەکەوێت ئەویش ئەوەیە کە تەواوی سیستەم و پلانی ئەم توێژینەوەیە لە ناونیشانییەوە تا ئەنجام و پوختەکەی هەر لە ماستەرنامەی ئاماژەپێکراوەوە وەرگیراوە، بە بێ هیچ دەستکاری و گۆڕانکارییەک، هەر ڕێک توێژەر بەش و بابەت و تەوەرەکانی بە هەمان شێوە و دەربڕینەوە لەو ماستەرنامەیە بردووە و بە هی خۆی داناوە، وەک ئەوەی توێژەرەکە خۆی پلانی

بۆ توێژینەوەکەی خۆیا دانابێت! لەم خشتەیەی خوارەوەدا هەموو بەش و تەوەرەکانی توێژینەوەکە بە بەراورد لەگەڵ ماستەرنامەکە دەخەینە ڕوو:

| بەش و تەوەرە | توێژینەوەکە | ل | ماستەرنامەکە | ل |
|---|---|---|---|---|
| **بەشی یەکەم (تیۆری)** تەوەرەی یەکەم | چەمک و زاراوەی تەواوکاری (التکاملي) | ١٠٩ | چەمک و زاراوەی تەواوکاری (التکاملي) | ٣٨ |
| تەوەرەی دووەم | میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری و لێکۆلینەوەی دەقی ئەدەب لە ناوەوە و دەرەوەدا (ڕوخسار و ناوەرۆک) | ١١٠ | میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری و لێکۆلینەوەی دەقی ئەدەبی لە دەرەوە و ناوەوەدا | ٥١ |
| تەوەرەی سێیەم | میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری و سێکوچکەی (ئەدیب_ دەق_ خوێنەر) | ١١١ | میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری و سێکوچکەی (ئەدیب_ دەق_ خوێنەر و خوێندنەوەی دەق) | ٦٤ |
| **بەشی دووەم (پراکتیکی)** تەوەرەی یەکەم | میتۆدە ڕەخنەییەکان لەم کتێبەدا (١) مەسەلەی بەکارهێنانی میتۆد لەم کتێبەدا | ١١٢ | میتۆدە ڕەخنەییەکان لەم کتێبەدا (١) مەسەلەی بەکارهێنانی میتۆد لەم کتێبەدا | ٦٧ |
| | (٢) میتۆدە دەرەکی و ناوەخۆییەکان لەم کتێبەدا | ١١٢ | (٢) میتۆدە دەرەکی و ناوەخۆییەکان لەم کتێبەدا | ٦٨ |
| تەوەرەی دووەم | لێکۆلینەوەی دەقە شیعرییەکان لە ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە | ١١٣ | لێکۆلینەوەی ڕوخسار و ناوەرۆکی دەقی شیعری | ٦٩ |
| تەوەرەی سێیەم | سێکوچکەی (شاعیر_ دەق_ خوێنەر و خوێندنەوەی دەق) لەم کتێبەدا | ١١٤ | سێکوچکەی (شاعیر_ دەق_ خوێنەر و خوێندنەوەی دەق) لەم کتێبەدا | ٩٧ |
| | (١) شاعیر | ١١٤ | (١) شاعیر | ٩٧ |
| | (٢) (دەق) دەقە شیعرییەکان: | ١١٤ | (٢) (دەق) دەقە شیعرییەکان | ٩٩ |
| | هۆکار و بۆنەی نووسینی دەق | ١١٤ | هۆ و بۆنەی نووسینی دەق | ١٠٠ |
| | شیکردنەوەی ناوەرۆک و بابەتی دەق | ١١٤ | شیکردنەوەی ناوەرۆک و بابەتی دەق | ١٠٠ |
| | هەست و سۆزی دەق | ١١٥ | هەست و سۆزی دەق | ١٠١ |
| | لێکۆلینەوەی شێواز و شێوەی هونەری دەق | ١١٥ | لێکۆلینەوەی شێواز و شێوەی هونەری دەق | ١٠٢ |
| | (٣) خوێنەر و خوێندنەوەی دەق | ١١٥ | (٣) خوێنەر و خوێندنەوەی دەق | ١٠٥ |

ئەگەر تێبینی ئەم خشتەیە بکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە چۆن (سروشت جەوهەر حەوێز) تەنانەت لە وەرگرتنی پلان و تەوەرە و بابەتی توێژینەوەکەشی دەستی نەپاراستووە و گوێی بە پاراستنی ئەمانەتی زانستی نەداوە و ڕاستەوخۆ و بێ دەستکاریکردنی هیچ تەوەرە و بابەتێک هەموو زانیاری و تەوەرە و بابەتەکانی لە ماستەرنامەکە وەرگرتووە! لە لایەکی ترەوە، زۆربەی ئەو تەوەرە و بابەتانەش کە توێژەر لەم ماستەرنامەیە وەریگرتووە و هەوڵیداوە بەزۆر بەسەر کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی (سەجادی)دا بیسەپێنیت، ئەوا زۆربەی تەوەرە و بابەتەکان لەم کتێبەی (سەجادی)دا هەر بوونی، بۆیە (سروشت جەوهەر حەوێز)یش نەیتوانیووە بە وردی و بەشێوەیەکی زانستییانە بیانسەلمێنێت! تەنیا تەوەرە و نووسین و زانیارییەکانی لە ماستەرنامەکە وەرگرتووە لە توێژینەوەکەیدا کۆپی پێیستی کردووە و دەستکاری تەوەرە و نووسینەکانی نەکردووە و وەکو خۆیان لە توێژینەوەکەی داناون و کردوویەتی بە قسە و بۆچوونی خۆی، بەڵکو تەنیا ناوی نووسەر و کتێبەکانی گۆڕیووە، بەمشێوەیە:

| ماستەرنامەکەی (ریبین خلیل قادر) | توێژینەوەکەی (سروشت جەوهەر حەویز) |
| --- | --- |
| ڕەفیق حیلمی و کاکەی فەللاح | عەلائەددین سەجادی |
| شیعر و ئەدەبیاتی کوردی (بەرگی ١_٢)<br>کاروانی شیعری نوێی کوردی | مێژووی ئەدەبی کوردی |

*** وەسف و میکانیزمەکانی شیکردنەوە و ڕاڤەکردن:**

ڕەخنەی تەواوکاری سروشتێکی گشتگیری هەیە و یەکێک لە سیماکانی ئەوەیە کە لە هەموو لایەنێکی دەقی ئەدەبی دەکۆڵێتەوە و بایەخ بە خودی دەق لە ڕووی بونیاد و هەیکەلی زمانی و بونیادی هونەری و ئیستاتیکی دەق و ناوەڕۆک و بابەتی دەق و ئەو هۆکارە دەرەکییانەش کە لە پێکهێنانی دەقەکەدا بەشدارن دەدات. لەم بەناو توێژینەوەیەی (سروشت جەوهەر حەوێز)دا، کە لە ڕاستیدا هی خۆی نییە و دزیاری و وەرگیراوە! توێژەر ئەگەرچی توێژینەوەکە هی خۆی نییە و وەرگیراوە و بەناوی خۆیەوە بڵاوی کردۆتەوە، کەچی لەو شوێنانەی کە بۆنی پراکتیکیان لێدێت و گوایە نموونەی بە کتێبەکەی (سەجادی) هێناوەتەوە، نەیتوانیووە ئەو سروشت

و تایبەتمەندییـەی کـە لـە ڕەخنـەی تەواوکاریـدا هەیـە بسـەلمێنێت. بۆیـە تەنانـەت لـە ناونیشـان و مەتنـی توێژینەوەکەشدا کەوتۆتـە دژیەکییـەوە، وەک پێشـتریش ئاماژەمـان پێدا توێـژەر لـە ناونیشـاندا ئامانجێکـی هەیـە و لـە پێشـەکییەکەیدا ئامانجێکی تر دەخاتـە ڕوو، ئەمـەش دوو ئامانجی پێچەوانـەن. لـە لایەکـی تـرەوە توێـژەر دەڵێـت: میتـۆدە ڕەخنەییـە دەرەکییـەکان لـەم کتێبـەدا بـە زۆر بـە کەمـی هەسـتی پێدەکرێـت، کەچـی میتـۆدە ڕەخنەییـە دەرەکییەکانـی وەک (مێژوویـی و دەروونـی و کۆمەڵایەتـی) بوونیـان هەیـە (حوێـز، ٢٠٢٢: ١١٢)! ئەگەرچـی ئـەم بۆچوونەشـی هـەر لـە ماسـتەرنامەکە بـردووە (بڕوانـە: قـادر، ٢٠٠٩: ٦٨) و کردوویەتـی بـە هـی خـۆی، کەچـی بـە پڕاکتیکـی نەیسـەلماندووە چەنـد و چـۆن ئـەم میتـۆدە دەرەکییانـە ڕەنگیـان داوەتـەوە، نـەک هـەر ئەمـە بگرە ئەوەشـی نەسەلماندووە لە کوێی کتێبەکـەدا ڕەهەندەکانـی مێژوویـی یـان کۆمەڵایەتـی یـان دەروونـی لـە کوێی باسـکردنی شـاعیرەکان ڕەنگیـان داوەتـەوە و (سـەجادی) چـۆن چۆنـی سـودی لـەم ڕەهەنـد و میتۆدانـە بینیـوەوە کـە پێوەندییـان بـە میتـۆدە دەرەکییەکانـەوە هەیـە، ئەمـەش چونکە توێژەرەکـە زەڕەیـەک زانیـاری لـەم بابەتانـە و پسـپۆڕی ڕەخنـەدا نییـە و هـەر بۆخـۆی قسـەی فـڕێ داوە و ویسـتوویەتی پەڕەکـە بـە قسـە و بۆچوونـی وەرگیـراو و نەسـەلمێنراو پـڕ بکاتـەوە. لـە لایەکـی تـرەوە، کاتێـک توێـژەری ئـەم توێژینەوەیـە دەڵێـت میتـۆدە ڕەخنەییـە ناوەکییـەکان لـەم کتێبـەدا نییـە، ئـەی بـە چ پێوەرێـک بانگەشـەی بوونـی ڕەخنـەی تـەواوکاری لـەم کتێبـەدا دەکات! لـە کاتێکـدا ڕەخنـەی تـەواوکاری سـوود لـە هـەردوو ڕەخنەی سیاقی و نەسـەقی وەردەگرێت بـۆ توێژینـەوە لـە دەقـی ئەدەبـی.

ئینجـا کـە دێتـە سـەر باسـکردنی دەقـە شـیعرییەکان (ئەگەرچـی هەمـوو قسـە و بۆچـوون و زانیارییەکانـی لـە ماسـتەرنامەکە وەرگرتـووە و بردوویەتی، تەنیـا بـە چەنـد قسـەیەکی زۆر کـەم بۆچوونـی خـۆی دەربڕیـووە) توێـژەر ئامـاژە بـەوە دەکات کـە (سـەجادی) ((زیاتـر گرنگی بە لایەنـی نـاوەڕۆک و هـۆکارە دەرەکییـەکان داوە)) (حەوێـز،

٢٠٢٢: ١١٥). باشە ئەگەر (سەجادی) تەنیا بایەخی بە ناوەرۆکی دەقە شیعرییەکان دابێت، دیسانەوە ئەم تێڕوانینەی توێژەر و ئەم هەوڵەی (سەجادی) ناچنە نێو ڕەخنەی تەواوکارییەوە، چونکە لایەنێکی گرنگی شیعرەکانی تێدا فەرامۆشکراوە، ئەویش بونیادی هونەری شیعرەکانە کە (سەجادی) بایەخی پێنەداون. ئەمەش دیسانەوە لەگەڵ سروشتی هەمەلایەنی و بەرفراوانی و گشتگیری ڕەخنەی تەواوکاری ناگونجێت. جگە لەمەش دژیەکییەکی زۆر لە بۆچوونەکانی توێژەر لە بەشە پراکتیکییەکەیدا بەدی دەکرێت، بۆ نموونەهەر لەبارەی ئەم بۆچوونەی سەرەوە، لە لایەکەوە دەڵێت (سەجادی) لەم کتێبەیدا: ((کەمتر لای لە ڕوخساری کردووە)) (حوێز، ٢٠٢٢: ١١٣). ئەم دەربڕینە لەگەڵ ئەوەی کە کوردی نییە و ناشێ دەربڕینی کەسێکی پسپۆڕی ئەدەبی کوردی بێت، کەچی دژیەکە لەگەڵ بۆچوونێکی تری خۆی لە هەمان لاپەڕە کە لەبارەی هەمان بابەتەوە دەڵێت: ((سەجادی لە دیاریکردن و شیکردنەوەی لایەنی هونەری جوانی دەقی شیعری لای کردۆتەوە)) (حەوێز، ٢٠٢٢: ١١٣). لەلایەک بە قەولی خۆی دەڵێ لای کردۆتەوە لەلایەک دەڵێ لای نەکردۆتەوە.

لە شرۆڤەکردنی هەست و سۆزی شیعرێکی (مەحوی)دا دەڵێت: ((سەجادی باسی دوو جۆر هەست و سۆزی کردووە، یەکێکیان هەست و سۆزی (خەمباری و دڵتەنگی) و ئەویتریشیان هەست و سۆزی (خۆشەویستی)ە)) (حوێز، ٢٠٢٢: ١١٥). کەچی کاتێک قسەکەی سەجادی لەبارەی ئەم شیعرەی مەحوییەوە دەخوێنییەوە، بە هیچ شێوەیەک باسی ئەو دوو هەست و سۆزە ناکات، بۆچوونەکەی (سەجادی) ئاماژەی بە سۆزەکانی خەمباری و دڵتەنگی و خۆشەویستی نەکردووە، بەڵکو بێ ئومێدی (مەحوی) پیشان دەدات لەوەی کە لە توانایدا نییە ئەم دونیایە بکاتە باخچەی ئاخیرەت و تووی تێدا بچێنێت بۆ ئەوەی لە ئاخیرەتدا بەروبومی کارەکانی وەرگرێتەوە. کەچی (سروشت) ئەم بۆچوونەی لە بەشە پراکتیکییەکەی

ماستەرنامەکە وەرگرتووە کە، توێژەری ماستەرنامەکە بۆ بۆچوونێکی (ڕەفیق حیلمی) لەبارەی شیعرێکی (بێکەس)ەوە کردوویەتی (قادر، ٢٠٠٩: ١٠١). (سروشت) ئەم بۆچوونەی لە ماستەرنامەکە هێناوە و بەزۆر بەسەر ئەم بۆچوونەی (سەجادی) دا سەپاندوویەتی، بەس بۆ ئەوەی پیشانی بدات کە (سەجادی) شیعری (مەحوی) لەڕووی هەست و سۆزەوە ڕاڤەر کردووە.

کاتێکیش توێژەر دێتە سەر مەسەلەی (خوێنەر و خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکان)، ئەوا بێ ئەوەی بە پراکتیک بیسەلمێنێت کە (سەجادی) چ جۆرە وەرگر و خوێنەرێکی شیعرەکان بووە و چ جۆرە میکانیزمێکی ڕەخنەیی لە خوێندنەوەی شیعرەکاندا بەکارهێناوە، وەسفێکی (سەجادی) وەک خوێنەر و وەرگری شیعرەکان دەکات، هەر هەموو زانیاری و نووسینەکەشی لە ماستەرنامەی ناوبراو وەرگرتووە و بردوویەتی و لە بەناو توێژینەوەکەی خۆی دایناوە و ناوی (ڕەفیق حیلمی) لاداوە و ناوی (عەلائەددین سەجادی) لە شوێنیدا نووسیووە!

**- ئەنجامی توێژینەوەکەی (سروشت جەوهەر حەوێز):**

ئەگەر سەیری ئەو ئەنجامانە بکەین کە ئەم بەناو توێژەرە بانگەشەی ئەوەی کردووە کە گوایە لەم بەناو توێژینەوەیەیدا پێیگەیشتووە، دەبینین ئەویش لە نەپاراستنی ئەمانەتی زانستی بێبەش نەبووە، چونکە توێژەر هەموو ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەشی (کە لە ٦ خاڵ پێکهاتووە)، ڕێک لە ماستەرنامەکە وەرگرتووە، جگە لە ئەنجامی دووەمی توێژینەوەکەی نەبێت، کە بۆچوونی خۆیەتی و ئەمیشی بە سوودوەرگرتن لە ئەنجامەکانی ماستەرنامەکە هەڵهێنجاوە. وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە:

| ئەنجامی توێژینەوەکە | لاپەڕە | ئەنجامی ماستەرنامەکە | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| ئەنجامی یەکەم | ١١٥ | ئەنجامی یەکەم | ١٤١ |
| ئەنجامی سێیەم | ١١٦ | ئەنجامی شەشەم | ١٤٢ |
| ئەنجامی چوارەم | ١١٦ | ئەنجامی حەوتەم | ١٤٣ |
| ئەنجامی پێنجەم | ١١٦ | ئەنجامی نۆیەم | ١٤٣ |
| ئەنجامی شەشەم | ١١٦ | ئەنجامی دەیەم | ١٤٣ |

جگە لەمەش لە هەر شەش ئەنجام کە گوایە لە توێژینەوەکەی پێیگەیشتووە، تەنیا توانیوویەتی بە

شێوەیەکی سادە و سەرپێیی ئەنجامی خاڵی (٢)ی بسەلمێنێت. ئەگینا هیچ یەکێک لە ئەنجامەکانی تری بە وردی و زانستی نەسەلماندووە، تەنیا بۆچوون و ئەنجامی نێو ماستەرنامەکەیە و هێناونی بەشێوەیەکی تیۆری لە توێژینەوەکەیدا بەکاریهێناون و پاشان کردوونی بە ئەنجامیش، بۆیە هەموو خاڵەکانی ئەنجامەکەی لە بەشە تیۆرییەکەی دەرهێناوە بۆ ئەوەی بە نموونەی پراکیتیکی ڕاست و گونجاو و زانستی بیانسەلمێنێت.



عەلائەددین سەجادی

**- ڕێژەی وەرگرتنەکان لەم توێژینەوەیەدا:**

توێژینەوەکەی (سروشت جەوهەر حەوێز)، کە گوایە توێژینەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی نووسیووە و بۆ کۆنفرانسێکی زانستی بەناوی کۆنفرانسی (سەجادی) لە زانکۆی (گەرمیان) نێردراوە، کە هەڵبەت ئەندامانی لێژنەی ئەم کۆنفرانسە ئەم توێژینەوەیان ناردووە بۆ دوو هەڵسەنگێنەریش، کەچی نە لێژنەی زانستی کۆنفرانس و نە ئەو هەڵسەنگێنەرانەش کە ئەم توێژینەوەیان بۆ چووە و هەڵیانسەنگاندووە و ڕەزامەندییان بۆ نیشانداوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم توێژینەوەیە لە کۆنفرانسەکەدا، زانیارییان سەبارەت بەم توێژینەوەیە نەبووە و دونیا لایان شامی شەریف بووە و ئاگاداری ئەوە نەبوون (٩١ ٪) زیاتری ئەم توێژینەوەیە لە نامەیەکی ماستەر دزراوە و بە یەک وشەش ئاماژە بەو ماستەرنامەیە نەکراوە. جگە لەوەش توێژینەوەیەکی کرچ و کاڵ و سادە و پڕ لە هەڵەی زانستی چۆن بە فلتەری ئەم هەڵسەنگێنەرە

هەواڵنامەی کتێب

بەرێزانـەدا ڕەتبـووە، کـە دڵنیـام پلـە زانسـتییەکەیان لـە پرۆفیسـۆری یاریـدەدەر کەمتـر نەبـووە!

توێژینەوەکـە بـۆ خـۆی (٥) پـەڕە، کـە دەکاتـە (٩) لاپـەڕە. مـن هەمـوو توێژینەوەکـەم کـردە پەرگـراف پەرەگـراف. ئـەو پەرەگرافانـەی کـە توێـژەری ئـەم توێژینەوەیـە لـەم ماسـتەرنامەیەی بـردووە کردوونـی بـە هـۆی خـۆی ژمارەیـان نزیکـەی (٦٥) پەرەگرافـە. ئـەو پەرەگرافانـەش کـە (سروشـت) گوایـە نموونـەی لـە کتێبەکـەی (سـەجادی) هێناوەتـەوە و چەند قسـەیەکی سادە و کرچ و کاڵـی لەبـارەوە کـردووە، ژمارەیـان نزیکـەی (٧) پەرەگرافێـک دەبێـت. بۆیـە دوای حیسـابێکی بیرکارییانـە بۆم دەرکـەوت، کـە هـەوڵ و قسـە و زانیارییەکانـی ئـەم توێـژەرە لـەم توێژینەوەیەیـدا (٩ ٪) و لـە (٩١ ٪)ی توێژینەوەکـەی بـە تیـۆری و پراکتیکییـەوە وەرگرتـووە و بـێ دەسـتکاری بـەکاری هێنـاوە و ئەمانەتـی زانستیشـی نەپاراسـتووە. بۆیـە (سروشـت جەوهـەر حەوێـز) لـە توێژینەوەکەیـدا، کـە گوایـە خـۆی نووسـیوویەتی، کەچـی وەک لـەم خشـتەی خـوارەوەدا دەردەکەوێـت هەمـوو زانیارییەکانـی پوختـە و پێشـەکی و ئەنجـام و بەشـە تیـۆری و تەنانـەت بەشـە پراکتیکییەکەشـی لـە ماسـتەرنامەکە وەرگرتـووە، وەک ئـەوەی بـەش و تـەوەرە و ژمـارەی ئـەو لاپەڕانەمـان دیـاری کـردووە کـە زانیارییەکانـی لـێ بـردوون و لـە توێژینەوەکـەی خۆیـدا تێکهەڵکێشـی یەکتـری کردوون و بە هیچ شـێوەیەکیش ئامـاژەی بـەم ماسـتەرنامەیە نـەداوە. بۆیـە ئەگـەر هـەر خوێنەرێـک توێژینەوەکـە و ماسـتەرنامەکە بـەراورد بکات، زۆر بـە ئاسانی و ڕوونـی ئەمـەی بـۆ دەردەکەوێـت.

لەم خشـتەیەی خوارەوەدا، هەوڵدەدەم ڕێـژەی وەرگرتنـی زانیارییەکانـی ئـەم توێژینەوەیـە لـە ماسـتەرنامەی (میتـۆدی ڕەخنـەی تـەواوکاری لـە ڕەخنـەی ئەدەبی کوردیـدا) بـە ژمـارەی لاپەڕەکانیانـەوە بخەمـە ڕوو:

| بەش و تەوەرەکانی توێژینەوەکە | وەرگرتنەکان و شوێنی وەرگرتنەکانی توێژینەوەکەی (سروشت جەوهەر حەویز) | لا | شوێنی وەرگرتنەکان لە ماستەرنامەکەی (ریبین خلیل قادر)دا | لا |
|---|---|---|---|---|
| پوختە | پوختە<br>———<br>زانیاری لە لاپەرەکانی (٣،٢،١)ی ماستەرنامەکە بردووە | ١٠٨ | بروانە: پێشەکی | ٣_١ |
| پێشەکی | پێشەکی<br>———<br>زانیاری لە لاپەرەکانی (٣،٢،١)ی ماستەرنامەکە بردووە | ١٠٩ | بروانە: پێشەکی | ٣_١ |
| **بەشی یەکەم (تیۆری)** تەوەرەی یەکەم | چەمک و زاراوەی تەواوکاری (التكاملي):<br>———<br>زانیاری لە لاپەرەکانی (٣٩، ٤٠، ٤١، ٤٢-٤٣، ٤٤، ٤٥)ی ماستەرنامەکە بردووە | ١٠٩_<br>١١٠ | بروانە: بەشی یەکەم تەوەرەی یەکەم: چەمک و زاراوەی تەواوکاری (التكاملي) | ٤٦_٣٨ |
| تەوەرەی دووەم | میتۆدی رەخنەی تەواوکاری و لێکۆڵینەوەی دەقی ئەدەبی لە ناوەوە و دەرەوەدا (روخسار و ناوەڕۆک):<br>———<br>زانیاری لە لاپەرەکانی (٤٧، ٤٩، ٥٠، ٥١، ٥٢، ٥٩)ی ماستەرنامەکە بردووە | ١١١_١١٠ | بروانە: بەشی یەکەم: تەوەرەی یەکە: میتۆدی رەخنەی تەواوکاری و لێکۆڵینەوەی دەقی ئەدەبی لە دەرەوە و ناوەوەدا | ٥٢_٤٧<br>٥٩_٥٨ |
| تەوەرەی سێیەم | میتۆدی رەخنەی تەواوکاری و سیکوچکەی (ئەدیب_ دەق_ خوێنەر):<br>———<br>زانیاری لە لاپەرەکانی (٦٠، ٦١، ٦٢، ٦٣، ٦٤)ی ماستەرنامەکە بردووە | ١١٢_١١١ | بروانە: بەشەی یەکەم: تەوەرەی چوارەم: میتۆدی رەخنەی تەواوکاری و سیکوچکەی (ئەدیب_ دەق_ خوێنەر و خوێندنەوەی دەق) | ٦٤_٦٠ |
| **بەشی دووەم (پراکتیکی)** تەوەرەی یەکەم | میتۆدە رەخنەییەکان لەم کتێبەدا<br>(١) مەسەلەی بەکارهێنانی میتۆد لەم کتێبەدا:<br>——— | ١١٢ | بروانە: بەشی سێیەم: تەوەرەی یەکەم: میتۆدە رەخنەییەکان لەم کتێبەدا: (١) مەسەلەی بەکارهێنانی میتۆد لەم کتێبەدا | ٦٨_٦٧ |

هەواڵنامەی کتێب

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | زانیاری لە لاپەڕەکانی (٦٧، ٦٨)ی ماستەرنامەکە بردووە | | | |
| | (٢) میتۆدە دەرەکی و ناوەخۆییەکان لەم کتێبەدا:<br>———<br>زانیاری لە لاپەڕەی (٦٨)ی ماستەرنامەکە بردووە | ١١٢ | بڕوانە: بەشی سێیەم تەوەرەی یەکەم: (٢) میتۆدە دەرەکی و ناوەخۆییەکان لەم کتێبەدا | ٦٨ |
| تەوەرەی دووەم | لێکۆڵینەوەی دەقە شیعرییەکان لە ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە:<br>———<br>زانیاری لە لاپەڕەکانی (٧١، ٧٢ ٩١)ی ماستەرنامەکە بردووە | ١١٤_١١٢ | بڕوانە: بەشی سێیەم: تەوەرەی دووەم: سێیەم لێکۆڵینەوەی ڕوخسار و ناوەرۆکی دەقی شیعریی | ٦٩<br>٩١ |
| تەوەرەی سێیەم | سێکوچکەی (شاعیر_ دەق_ خوێنەر و خوێندنەوەی دەق) لەم کتێبەدا:<br>———<br>زانیاری لە لاپەڕەی (٩٧)ی ماستەرنامەکە بردووە<br>……………<br>یەکەم: شاعیر<br>———<br>زانیاری لە لاپەڕەکانی (٩٧، ٩٨، ٩٩)ی ماستەرنامەکە بردووە<br>……………<br>دووەم: دەق:<br>———<br>زانیاری لە لاپەڕەکانی (٩٩، ١٠٠)ی ماستەرنامەکە بردووە<br>……………<br>_ هۆی نوسینی دەق:<br>———<br>زانیاری لە لاپەڕەی (١٠٠)ی ماستەرنامەکە بردووە<br>…………… | ١١٦_١١٤ | بڕوانە: بەشی سێیەم: تەوەرەی سێیەم: سێکوچکەی (شاعیر_ دەق_ خوێنەر و خوێندنەوەی دەق) لەم کتێبەدا<br>یەکەم: شاعیر<br>دووەم: دەقە<br>_ هۆی نوسینی دەق<br>_ شیکردنەوەی ناوەرۆکی دەق<br>_ هەست و سۆزی دەق<br>_لێکۆڵینەوەی شێوازی دەق | ١٠٣_٩٧ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | _ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی دەق<br>__________<br>زانیاری لە لاپەڕەکانی (١٠٠، ١٠١)ی ماستەرنامەکە بردووە<br>.....................<br>_ هەست و سۆزی دەق:<br>__________<br>زانیاری لە لاپەڕەی (١٠١)ی ماستەرنامەکە بردووە<br>.....................<br>_لێکۆڵینەوەی شێوازی دەق<br>__________<br>زانیاری لە لاپەڕەی (١٠٢)ی ماستەرنامەکە بردووە | | | |
| | (٣) خوێنەر و خوێندنەوەی دەق:<br>__________<br>زانیاری لە لاپەڕەکانی (١٠٥، ١٠٦)ی ماستەرنامەکە بردووە | ١١٥ | (٣) خوێنەر و خوێندنەوەی دەق | ١٠٥_١٠٦ |

**سەرچاوەکان:**

- کوردی:

١- ڕێبین خەلیل قادر، میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری (التكاملي) لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، هەردوو کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی)ی (ڕەفیق حیلمی) و (کاروانی شیعری نوێی کوردی)ی (کاکەی فەلاح) بە نموونە، ماستەرنامە، بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٩.

٢- سروشت جەوهەر حەوێز، خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی (عەلائەددین سەجادی) بەپێی میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، کۆنفرانسی سەجادی، ٢٠٢٠.

٣- د. فوئاد ڕەشید، میتۆدۆلۆژی و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، چ ١، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر، هەولێر، ٢٠١٨.

- عربي:

١- د. حميد لحمداني، سحر الموضوع (عن النقد الموضوعاتي في الرواية والشعر)، ط ٢، مطبعة آنفو برانت، فاس –المغرب، ٢٠١٤.

٢- د. عبدالواحد المرابط، نقد النقد الادبي (نماذج من الدراسات الغربية الحديثة، ٢٠٢٠.Ucam-ma.academia.edu ٧٤٧٤٦٥٩٨.

٣- مجموعة من الكتاب، النظرية الادبية والمنهج النقدي (قضايا و إشكالات)، ط١، مطبعة انفو برانت، فاس، ٢٠١٧.

٤- د. محمد يحيى الحصماني، الخطاب النقدي في الرسائل الجامعية، ط١، دار امجد، عمان، ٢٠١٨.

# موفتی پێنجوێنی و کاریگەریی ڕۆژنامە



د. نەوزاد عەلی ئەحمەد

## پێشەکی

**بۆچی ئەم باسە؟**

ئەگەر ئەو پرسیارە دووبارە و سەدبارەش بێت، بەڵام بۆ ساغکردنەوە و هەڵوەستەکردن لەسەر مێژووی ئەدەبی کوردیدا ناچێتە تەقلیدییەت، بۆچی موفتی پێنجوێنی؟ چونکە ئەگەر ئاستی شیعرەکانی ئەو شاعیرە لە شاعیرەکانی سەردەمی خۆی بەرزتر نەبێت ئەوە کەمتر نیە، دەنگێکی دلێر بووە لە ژینگەیەکی دواکەوتوودا، ئەو لە پاڵ مەلا محەمەدی کۆیی دوو دەنگی یاخین. ئەمەو زمان و وێنە و ڕووداوی نێو شیعرەکانی دەبن بە بنەما بۆ دەیان

بابەت و نووسینی ئەکادیمی، بە ئەو یەکێکەو لەو شاعیرانەی کەمترین باس و بابەتی لەبارەوە نووسراوە،

**گرفت**

وەک لە پێشەوە ئاماژەم پێداوە تا ئێستا باس و فرە بابەت سەبارەت بەو شاعیرە نەنووسراون، ئەمە دەبێت بە یەکێک لە گرفتەکان، گرفتی تر راستە دیوانەکەی موفتی تا ئێستا دووجار چاپکراوەتەوە و گوایە لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش جارێکی تر چاپکراوەتەوە، هەروەها لە تۆڕەکانی ئینتەرنێتیش چاپێکی هەیە، بەڵام هێشتا چەندان شیعر لە نێوان قانیع و موفتی یەکلانەبوونەوە ئایا شیعری کامیانە!

**میتۆد و پلان**

دوای وردبوونەوە لە شیعرەکانی شاعیر و رامانی ورد لە پلانی بابەتەکەم بۆن ساغ بووەوە باشترین میتۆد سیاقخوازی و پاشان میتۆدی وەسف- شیکارییە، لەسەر ئەو دوو میتۆدە بابەتەکەم دارێژراوە.

بابەتەکە دابەشی دوو بەش کراوە، لە بەشی یەکەمدا لە دوو توێی شیعرەکانیدا موفتی دەناسێنم تا ببێت بە پردێک بۆ پەڕینەوە بەرەو سەرنێوی بابەتەکە کە کاریگەریی رۆژنامە و بڵاوکردنەوەی شیعرەکانیەتی لە ژینگەی ئەوێ رۆژێدا. بەڵام لە بەشی دووەمدا چەند شیعرێک وەرگیراون کە ئەوسا لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاویکردوونەتەوە و تا چەند مەلایەکی هێناوەتە دەنگ!

لە کۆتاییدا وەک هەر بابەتێکی ئەکادیمی پوختەی بابەت دێت، ئینجا ناوی ئەو سەرچاوانە ریزکراون کە سوودیان لێوەرگیراوە.

**نەوزاد عەلی ئەحمەد**
سوید- ستۆکهۆڵم
٢٠١٨/٧/١٧

**دەروازە**

بۆ باشتر ناسینی موفتی پێنجوێنی و وەک سەرەتایەک بۆ بابەتەکەم لەم دەروازەیەدا لە ژیانی شاعیر و ئەو نووسینانە دەدوێم کە سەبارەت بە موفتی نووسراون:

**ژیانی شاعیر**

عەبدوڵڵا مەلا کەریم واتە موفتی پێنجوێنی ساڵی ١٨٨١ لە گوندی بێستانەی نزیک قەزای پێنجوینی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە دایک بووە. سەرەتا خوێندنی حوجرەی لای برای گەورەی مەلا ئەحمەد خوێندووە، پاشان بۆ هەمان مەبەست رووی لە سەقز و مەهاباد و بۆکان کردووە. پاشان لە بیارە درێژەی بە خوێندن داوە. ئەو هەمیشە دژی دواکەوتن و نەزانی و کۆنەپەرستی بووە، هەر بۆیە ساڵی ١٩٣٦ دوکانەکەی سوتێنراوە. دوای بوومەلەرزەکەی پێنجوێن لە ساڵی ١٩٤٧ بە ماڵەوە رووی لە سلێمانی کردووە، لە کاتی راگەیاندنی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد رووی لەودیو کردووە. مفتی رۆژی ١٩٥٢/٦/١٥ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە پێنجوێن لە گۆڕستانی حاجی شێخ بە خاک سپێردراوە. ئەو وەسیەتی کردووە لە گۆڕستانی سەیوان بینێژن بەڵام



وەسـیەتەکەیان جێبەجـێ نەکـردووە، ئەمـەش وەسـیەتەکەیەتی:

**ئەگەر مردم تکایە گردی سەیوان ماڵ و قەبرم بێ**
**گەڵای ئەو دارە جوانانە لە جێی سابات و کەپرم بێ**
**تکا کارم لە ئاخردا لە قاپی حەزرەتی یەزدان**
**لەگەڵ یارانی هاودەم هەر ئەوێ مەیدانی حەشرم بێ**

بـۆ یەکەمجار لـە لایـەن عەبدولکەریمی کوڕی شـاعیر، شـیعرەکانی کۆکراوەتەوە و لەژێـر ناونیشانی (سـۆزی نیشـتمان) سـاڵی ١٩٥٩ چاپکـراوە، بـەڵام سـاڵی ١٩٩٠ کۆمەڵێکـی زۆر لـە شـیعرەکانی موفتـی پێنجوێنـی کـە لـە لایـەن کامیلـی کـوڕی شـاعیر و ئومێـد ئاشـنا کۆکراونەتـەوە، لـە دیوانێکـی دەوڵەمەند بـە دەقەکانـی شـاعیر چاپکـراوە، هەمـان دیوان سـاڵی ٢٠١٦ جارێکـی تـر چاپکراوەتـەوە و تەنیا چەند دەقێکی تر خراوەتـە سـەر چاپی یەکەمیـن، ئەگەرنا ئـەم چاپـەش، لەبـاری ناوەڕۆکدا لەگەڵ چاپـی یەکەمیـن جیـاوازی نیـە، بـەڵام لـە بـاری دیزانیـدا پێشـکەوتووترە. کچەکـەی شـاعیر دەڵێـت:» تەنهـا ئـەو شـیعرانەی ماونەتـەوە کـە لـە ڕۆژنامـەی ژیـن و گەلاوێـژ و هەڵاڵـە بڵاوکراونەتـەوە، لەگـەڵ چەنـد شـیعرێک کـە کەسـانێک لـە بیریـان ماوەتـەوە بـە ناتـەواوی بـە دەسـت کەوتـوون (١)». ئەمـە بەڵگەیەکـە کـە هێشـتا کۆمەڵێـک شـیعری شـاعیر مـاون و دەسـتنەکەوتوون.

### چی دەربارەی شاعیر نووسراوە!

ئەوەنـدەی بـۆم سـاغ بۆتـەوە و تـا ئێسـتا نمـان بـۆ شـیعرەکانی موفتـی پێنجوێنـی و تـا ئاسـتێک لێـدوان و لێکۆڵینـەوەی دیـارن بریتیـن لـەم نووسـینانە:

* سـەرەڕای نووسـین و ئامادەکردنی چەنـدان کورتـە نووسـین و ئامـاژەدان بـە شـیعرەکانی موفتـی پێنجوێنـی، دیـارە ناکرێـت ئامـاژە بـە تـەواوی نووسـینەکان بدرێت چونکە ئـەم باسـە تەرخـان نەکـراوە بـۆ ئامادەکردنـی ڕابەرێـک یاخـود ئینسـکلۆپیدیایەک بـۆ ئـەو بابەتانـەی سـەبارەت بـە شـاعیر و شیعرەکانی نووسـراون، هـەر بۆیـە تەنیا ئامـاژە بـە چەنـد بابەتێـک دەدەم:

* سـاڵی ١٩٧٨ بەڕێوەبەرایەتـی

هەواڵنامەی کتێب

ڕۆشـنبیری سـلێمانی کۆڕێکـی فراوانـی بـە هـاوکاری چەنـد نووسـەر و ئەدیبێـک بـۆ شـاعیرو شـیعرەکانی ڕێکخسـت کـە تیایـە چەنـدان وتـار و بابـەت پێشکەشـکران، پاشـان بورهـان قانیـع (٢) بەشـێک لـە وتـارو بابەتەکانی لـە کتێبێکدا بەناونیشـانی یـادی موفتـی چـاپ و بڵاوکـردەوە.

* د. مـارف خەزنـەدار (٣) بابەتێکـی ئەکادیمـی لەژێـر ناونیشـانی موفتـی پێنجوێنـی ١٨٨١- ١٩٥٢ نووسـیوە، دواجـار لـە بەرگـی شەشـەم لـە زنجیرە کتێبەکانیـدا مێـژووی ئەدەبـی کـوردی بڵاویکردۆتـەوە، د. مـارف لەژێـر ئـەم ناونیشـانانەدا بابەتەکـەی نووسـیوە؛ ژیانـی، شـیعری، لـە ڕووی ڕوخسـارەوە، شـیعری موفتـی لـە ڕووی ناوەڕۆکـەوە، نیشـتمانپەروەری و کوردایەتـی، وەسـفی قوتابخانـە، سـتایش، خوێندنـی کـچ و شـووکردنی، لەنـاو پـەردەدا زاوا کاری بـۆ هەڵناسـووڕێ، دژی مـاچ و مـووچ لەگـەڵ کارو کـردەوە، بوومەلـەرزەی پێنجوێـن، ژنـی بـاش و ژنـی خـراپ، گـەورەی بـێ بەخـت و خۆپەرسـت، بـاری ژیـان. بابەتێکـی وردە بـەڵام لـە چەنـدان شـوێند د. مـارف ڕاگوزەرانـە بەسـەر شـیعرەکاندا تێپەڕیـوە.

* بابەتێکـی تـر؛ نووسـینەکەی ئومێـد ئاشـنایە بـۆ چاپـی یەکەمیـن دیوانـی موفتـی پێنجوێنـی لـە ژێـر ئـەم ناونیشـانەدا نووسـیویەتی؛ ناسـینی موفتـی لـە ڕێگـەی شـیعرەکانیەوە. نووسـینەکە کورتـە بـەڵام وردە.

* موفتـی پێنجوێنـی ژیـان و بەرهـەم، یەکەمیـن کاریـی ئەکادیمییـە وەک ماجستێر (٤) کـە تایبـەت بێـت بـە شـیعرەکانی موفتـی پێنجوێنـی. ئـەوەی لـەم نامەیـەدا زیاتـر کاریـی لەسـەر کـراوە ناوەڕۆکـی کۆمەڵایەتـی و هاندانـی خەڵکـە بـۆ خوێنـدن و فێربـوون لـە شـیعرەکانی شـاعیر، لایەنێکـی تـری بابەتەکـەی بـۆ ڕووخسـاری شـیعرەکانی شـاعیر تەرخانکـردووە.

* هەروەهـا لـە چاپـی یەکـەم و دووەمـی دیوانەکـەی موفتـی پێنجوێنـی کۆمەڵێـک بـاس و بابـەت جارێکـی تـر نووسـراونەتەوە کـە سـەبارەت بـە شـاعیری ناوبـراو نووسـراون بـۆ نموونـە ئـەوان پێیانوایـە یەکەمیـن بابـەت کـە نووسـراو بێـت، بابەتێکـی عەلـی باپیـر ئاغا (٥)یـە و لەژێـر ئـەم ناونیشـانەدایە؛ مـەلا عەبدوڵـڵای موفتـی. هەروەهـا لـە

دیوانەکەی موفتی (٦) دا کۆمەڵێک بابەتی تر هەن کە لەمەڕ شیعرەکانی شاعیر نووسراون.

## بەشی یەکەم
## موفتی پێنجوێنی، شاعیری ڕووداوەکان

### دۆخی کۆمەڵایەتی

نەوەیەکی موفتی بەم شێوەیە لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوێ ڕۆژێی موفتی دەدوێت:» ئەو یەکەم کەس بووە لە شارۆچکەی پێنجوێندا، کچەکەی کە دایکمە، خستویەتە بەرخوێندن و هەر یەکەم کەسیش بووە کە کچەکەی خستۆتە سەر دوکان. موفتی پێنجوێنی هەر چەند خۆی مەلا بووە، بەڵام پیشەی مەلایی نەکردووە و وەک کەسێکی یاخی لە هەندێک دابونەریتی کۆمەڵایەتی و نادادپەروەری ئەو سەردەمە، زۆر بوێرانە دژی کاری نالەباری هەندێک لە شێخ و مەلا و ئاغاکانی ئەو سەردەمە وەستاوە (٧). شیعرەکانی ئەو هیچی کەمترنین لە شیعرەکانی مەلا محەمەدی کۆیی و قانیع لە بەرەنگاربوونەوەی نەزانی و نەخوێندەواری و پاشکەوتوویی کۆمەڵگا « موفتی گرنگی زۆری بە خوێندن و خوێندەواری داوە بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بە کلیلی چارەسەری کێشە و نەهامەتییەکانی گەلەکەی زانیوە و زۆر مەبەستی بووە ئافرەت ئازاد و ئازایانە داکۆکی لە مافە ڕەواکانی خۆی بکات و هاوشانی براکانیان تێبکۆشن» ئەمە رای کوڕی (موفتی)یە و لە درێژەی نووسینەکەیدا دەڵێت» موفتی دژایەتییەکی توندی دابونەریتە هەڵەکانی ئەوسای کۆمەڵگای کوردەواری کردووە و ڕووبەڕوویان بووەتەوە (٨)». ژینگەی موفتی، ژینگەیەکی ئاڵۆز بووە، مەلا و ئاغا و شێخ دەسەڵاتیان لە دەوڵەت زیاتر بووە. هوشیاری کۆمەڵایەتی لە ئاستێکی نزم دابوو، چونکە خوێندن و فێربوون بڵاونەبووەوە، تەنیا لە شارە گەورەکاندا چەند قوتابخانەیەک هەبوون. ئەگەرچی پێنجوێن شارێکی کۆنە، بەڵام لە باری خوێندەواری و فێربووندا ناکرێت بە سلێمانی بەراورد بکرێت، بە تایبەتیش گوندەکانی. موفتی « لە سەردەمێکدا ژیاوە، باری کۆمەڵەکەی لە جێگەیەکی وەکوو پێنجوێندا زۆر دواکەوتوو بووە، شێخ

و مەلا و ئاغا، هێزێکی سیقۆڵی بوون لەو سەردەمەدا، نەیانویستووە کۆمەڵ چاو بکاتەوە، هەست بەهۆی ئازار و زامەکانی بکات، ئەمانە بە هەموو هێزیانەوە ڕێگەیان لە موفتی گرتووە کە بیر و باوەڕی خۆی بە کۆمەڵ نەگەیەنێت، دژی سەربەستیی ئافرەت بوون، بەرگرییان (٩) لە کردنەوەی قوتابخانە و نەخۆشخانەو ڕاکێشانی هێڵی کارەباش کردووە، کە میری ویستویەتی بیگەیەنێتە پێنجوێن (١٠)»

**دۆخی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریی**

ئەو ڕۆژگارەی موفتی تێیدا ژیاوە کوردەواری بە دۆخێکی سەختدا تێپەڕیوە، ناکرێت دۆخی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەریی لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیابکرێنەوە، عێراقی ئەو سەردەمە ١٨٨١- ١٩٥٢ دەبێت بە خاوەن جوگرافیای خۆی و کوردستانیش بە گوێرەی ویستی داگیرکەران دابەش دەکرێت، ئەمە دەبێت بە سەرەتایەک بۆ داکوتان و بڵاوبوونەوەی بیر و هەستی نەتەوەیی، پارچەکانی کوردستان ئاشنا دەبن بە ژیانی حزبی و ژیانی ڕێکخراوەیی سیاسی تایبەت بە خۆیان. حزب و ڕێکخراوەکان دەست بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و بڵاوکراوە لە شێوەی ڕۆژنامەگەریدا دەکەن، ئەمە و سەرەڕای کردنەوەی دەرفەتیک بۆ دەرکردنی ڕۆژنامە و گرنگیدان بە دنیای ڕۆژنامەگەریی کوردی. هەروەها چاپکردنی کتێب و خوێندن بە زمانی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا لە پاڵ ژیانی نوێی حزبایەتی دەبن بە دوو کۆڵەگە بۆ زیاتر بەرەو پێشچوونی ژیانی ڕۆشنبیری. بەڵان لە هەموویان ڕەونەقدار تر ماوەی دەسەڵاتی شێخ مەحموودی حەفیدە، کە زۆر گرنگی بە بواری ڕۆژنامەگەریی و هوشیارکردنەوەی کۆمەڵگا داوە، ئەمەش بۆ پشتیوانکردنی چەندان نووسەر و ئەدیب دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتەکەی شێخ.

لەو ماوەیەدا ١٨٨١-١٩٥٢ لە کوردستانی باشووردا ئەم گۆڤار و ڕۆژنامانە لە بەغدا و شارەکانی کوردستاندا چاپ و بڵاوکراونەتەوە. تەنیا وەک بەرچاو ڕوونی ناوی گۆڤار و ڕۆژنامەکان دەنووسمەوە تا بزانرێت موفتی لەنێو ئەو ناوانەدا تەنیا لە

پێنج شوێن بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە:
* گۆڤارەکان: بانگ کرد، گۆڤارێکی ئەدەبی بووە یەکەمین ژمارەی لە ١٩١٤/٢/٨ لە بەغدا دەرچووە و تەنیا پێنج ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە. دیاری کوردستان، بەغدا، یەکەمین ژمارەی رۆژی١٩٢٥/٣/١١ دەرچووە، ١٦ژمارەی لێدەرچووە. زاری کرمانجی، رواندز، یەکەمین ژمارەی ١٩٢٦/٥/٢٥ دەرچووە، ٢٤ ژمارەیە. پەیژە، بەغدا، ساڵی ١٩٢٧ دەرچووە تەنیا یەک ژمارەیە. یادگاری لاوان بەغدا یەک ژمارەیە و ساڵی ١٩٣٣ دەرچووە، بەڵام دیاری لاوان کە هەمان یانە واتە یانەی سەرکەوتن دەریکردووە ساڵی ١٩٣٤ دەرچووە، ئەویش یەک ژمارەیە. رووناکی، هەولێر، یەکەمین ژمارەی رۆژی ١٩٣٦/١٠/٢٤ دەرچووە و ١٦ ژمارەیە. زاستی، سلێمانی، رۆژی ١٩٣٨/٢/٢٥ دەرچووە و تەنیا یەک ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە. گەلاوێژ، بەغدا، ساڵی ١٩٣٩ دەرچووە و ١٠٥ ژمارەیە. دەنگی گێتی تازە، بەغدا، ساڵی ١٩٤٢ یەکەمین ژمارەی لێدەرچووە. نزار ساڵی ١٩٤٨ دەرچووە، ٢٢ ژمارەیە. رووناکی ١٩٥٠ لە شاری هەولێر دەرچووە تەنیا ١١ ژمارەیە. هەتاو لە هەولێر دەرچووە ١٨٨ ژمارەیە (١١).

* رۆژنامەکان: تێگەیشتنی راستی، بەغدا، رۆژی ١٩١٨/١/١ دەرچووە، ٢٧ ژمارەیە. پێشکەوتن، سلێمانی، رۆژی ١٩١٩/٤/٢٩ بەسەریەکەوە ١١٨ ژمارەی لێدەرچووە. بانگی کوردستان، سلێمانی و بەغدا رۆژی ١٩٢٢/٨/٢ یەکەمین ژمارەی لێدەرچووە ١٧ ژمارەیە. رۆژی کوردستان، سلێمانی، رۆژی ١٩٢٢/١١/١٥ دەرچووە و ١٥ ژمارەیە. بانگی هەق، سلێمانی، رۆژی ١٩٢٣/٣/٢٨ دەرچووە و سێ ژمارەیە بەڵام تا ئێستا ژمارە ٢ نەدۆزراوەتەوە. ئومێدی ئیستقلال، سلێمانی، رۆژی ١٩٢٣/٩/٢٠ دەرچووە و ٢٥ ژمارەیە. ژیانەوە، سلێمانی، رۆژی ١٩٢٤/٨/١٨ دەرچووە و ٥٦ ژمارەیە. ژیان، سلێمانی، رۆژی ١٩٢٦/١/٢١ دەرچووە و ٥٥٣ ژمارەیە. کەرکوک، کەرکوک، رۆژی ١٩٢٦/١٠/١٢ دەرچووە و ٢٠٣٣ ژمارەیە. زبان سلێمانی رۆژی ١٩٣٧/٩/١١ دەرچووە و ٩٤ ژمارەیە. ژین لە ساڵی ١٩٣٩ لە سلێمانی دەرچووە تا ساڵی ١٩٦٢ بەردەوام

بووە. هەولێر ساڵی ١٩٥٠ لە هەولێر دەرچووە.

ئەمەو لە پارچەکانی تری کوردستانیش بە هەمان ئاڕاستە، بیر و هوشیاری نەتەوەیی ریشەی خۆی دامەزراند، بە تایبەتیش لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە کوردستانی رۆژهەڵات ١٩٤٦-١٩٤٧ چەندان رۆژنامە و گۆڤار چاپ و بڵاوکراونەتەوە و خوێندن بە زمانی کوردی دەستپێکردووە. یەکێک لەو گۆڤارانەی کە موفتی پێنجوێنی لە رۆژگاری کۆماری کوردستاندا شیعری تێدا بڵاوکردۆتەوە گۆڤاری هەڵاڵەیە. هەڵاڵە سێ ژمارەی لێدەرچووە و لە بۆکان چاپکراوە، هەر سێ ژمارەکە ساڵی ١٩٤٦ دەرچوونە. بەم دوایەش کە چاپی دووەمینی دیوانی موفتی دەرچووە، کوڕی موفتی شاعیر شیعرێکی بڵاوکردۆتەوە و نووسیویەتی؛ موفتی ئەم شیعرەی لە رۆژنامەی کوردستان بڵاوکردۆتەوە، مەبەستی لە رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە.

**پێگەی موفتی لە نێو مێژووی ئەدەبی کوردیدا**

ئەوەندەی تا ئێستا باسکراوە و ئاماژەی پێدراوە، لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی رابردوو بۆ یەکەمینجار موفتی پێنجوێنی شیعری لە رۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە. بەڵام ئەمەش بە واتای ئەوە نایەت کە هەر لەو ساڵانەدا یەکەمین دەقی شیعری نووسیوە و پێشتر بەرهەمی نەبووە، ئەو» لە سووتانەکەی ساڵی ١٩٣٦ی پێنجوێن دوکانی سووتاوە و هەندێ لە رەشنووسی شیعری لەناوچووە (١٢)». نازانرێت توێژەر بۆ ئەم زانیارییە پشتی بە کام سەرچاوە بەستووە!؟. پێش ئەمە شیعرەکانی موفتی وەک تەواوی شاعیرانی پێش خۆی و دوای خۆی ئەو زار ئەو زاری کردووە و لە کۆڕ و دانیشتنەکاندا خەڵک شیعری موفتی گووتۆتەوە. بەڵام نازانرێت و ساغیش نەبۆتەوە کە یەکەمین دەقی شیعری کەی نووسیوە و گووتوە!

دوای چەندانجار خوێندنەوە و لێوردبوونەوە لە شیعرەکان ئەگەر بە مەزەندەش بێت دوای تەمەنی چل ساڵی واتە لە سەرەتای سییەکانی

سەدەی بیستەم دەستی بە دانانی شیعر کردووە، بۆ نموونە شاعیرێکی نیشتمانپەوەری وەک موفتی ناکرێت هەڵوێست و دەقی شیعری بۆ دەسەڵاتداریتی شێخ مەحموود نەبووبێت! چونکە لە ساڵی ١٩٢٢ تا ساڵی ١٩٢٤ شاری سلێمانی پایتەختی حکومەتەکەی شێخ مەحموود بووە، هەروەها تا بۆ روخان و شکستەکەش هیچ شیعری دیار نیە! ئەوەی من مەبەستمە نەخشەیەک بۆ مێژووی شیعری موفتی دابرێژم، چونکە لە حاڵەتی کێشانی ئەو نەخشەیدا پێگەی شاعیر لە نێو نەخشەی شیعری کوردیدا دیاری دەکرێت.

کۆمەڵێک شاعیر لە نێو مێژووی ئەدەبی کوردی هەن، بەڵام بە قوربانی پۆلێنکردنی قوتابخانە و رێبازە ئەدەبییەکان کراون، بە تایبەتیش کلاسیکی و رۆمانتیک. زۆربەی ئەوانەی پۆلێنی مێژووی ئەدەبی کوردی بە تایبەتی شیعریان کردووە شوێنێکیان بۆ مەلا محەمەدی کۆیی، قانیع، ئەسیری، موفتی پێنجوێنی دانەناوە، واتە لە نەخشەکەدا راگوزەرانە باس کراون!

ئەو شاعیرانە و چەندان ناوی تر، شار لوولی نەداون تا ئەوکاتەش کە دوا شیعریان پێش مەرگیان نووسیوە لە رووخساردا سادەن و لە ناوەڕۆکیشدا ئاڕاستەکراون و دەتوانین ناوی بنێین شیعری هاندان و هوشیارکردنەوە، کەرەسەکانیان وەک ژیانی دەرەوەی شار سادە و ساکارن. کەواتە رەوا نیە لە پێناوی شاریبوونی شیعردا، بەشەکەی تر لە ئەدەب فەرامۆش بکرێت، کە بریتییە لە زمانی سادەی کۆمەڵێک شاعیر، کە هەم هەوڵیانداوە لە کلاسیکیەت خۆیان دەرباز بکەن، هەم ناوەڕۆکێکی ئاڕاستەکراو بە دەقەکانیان بدەن.

دەکرێت لە دوو توێی مێژووی ئەدەبی کوردیدا موفتی پێنجوێنی لە چوارچێوەی شاعیرانی قۆناغی گواستنەوە لە رۆمانتیکیەت بەرەو واقیعی پۆلێن بکرێت، چونکە ئەو لە ناوەڕۆکدا واقیعییە و لە رووخساریشدا سوودی لەو کێشانە وەرگرتووە کە شاعیرانی کلاسیک و رۆمانتیک بەکاریان هێناون.

هەواڵنامەی کتێب

**بەشی دووەم**
**بانگەوازی موفتی لە رۆژنامەکاندا**

**موفتی لە رۆژنامە و گۆڤاردا**

سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی موفتی پێنجوێنی سەرەتا بەم بۆچوونە دەست پێدەکەم:» هەستم کرد کە هەر لە ساڵی ١٩٣٦ەوە لە رۆژنامەی ژیانەوە شیعری موفتی بە زۆری بەرچاو دەکەون، هەروەها بە هەمانشێوەش لە رۆژنامەی ژین و گۆڤاری گەلاوێژدا (١٣)». کە رووی لەو دیویش دەکات و لە سەردەمی کۆماری کوردستان بۆ مەهاباد دەچێت» شیعری لە گۆڤاری هەڵاڵە بڵاوکردۆتەوە (١٤)». ئەمەو لە چاپی دووەمی دیوانەکەی موفتی کە ساڵی ٢٠١٦ بڵاوکراوەتەوە و زیاتریش کامیل عەبدوڵلا کەریم کە دەکاتە کوڕی موفتی پێنجوێنی سەرپەرشتی ئەو چاپەی کردووە لە لاپەڕە ١٢ و ١٣ دا شیعرێکی موفتی باوکی دۆزیوەتەوە و نووسیویەتی» غەزەلێکی موفتی پێنجوێنی، کە لە لاپەڕە ٣ی ژمارە ٧٣ی رۆژنامەی کوردستان (١٥) لە کۆماری کوردستان ( مهاباد) بڵاوکراوەتەوە (١٦)» کامیل تەواوی شیعرەکەی نووسیویەتی، من لێرەدا تەنیا ئەم چوار نیوە دێڕە دەنووسمەوە:

**عەیبە بۆ من کە بڵێم عاشقی چاومەستانم**
**بولبولی شێتی گوڵی و چیمەنی کوردستانم**
**شەرتە نەیدەم بە هەموو میسر و فەلەستین و حیجاز**
**کێوی بەفرینی سپی، وەختی چلەی زستانم**

ئەگەرچی کامیل وەک تێبینی لە کۆتایی شیعرەکەدا نووسیویەتی:»ئەم غەزەلە لە کۆتاییەکانی تەمەنی شاعیردا نووسراوە» بەڵام بە رای من دوای ئەم دەقە، شیعری تریشی نووسیوە. هەروەها ئەوەندەی تا ئێستا ساغ بۆتەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بێجگە لە رۆژنامەی (کوردستان) لە گۆڤاری (هەڵاڵە)ش شیعری بڵاوکردۆتەوە، ئەگەرچی ناوی شاعیر بەسەر شیعرەکەوە نیە وەک لەم سەرچاوەیەدا هاتووە» گۆڤاری هەڵاڵە، بە کوردستانی باشووریشدا بڵاوبۆتەوە و شاعیران و نووسەرانی

کورد بەرهەمیان بۆ رەوانە کردووە. لە ژمارە ٣ دا سوپاسی شاعیرێکی گەرمیان دەکا، کە ئەو شیعرەی رەوانە کردووە، کە بەناوی «بۆ خزمەتی ئالا «یە وا دەست پێدەکات:

**خۆم پیرم دڵ تازە خەریکی گروگاڵە**
**عومرم کە لە شەستایە ئەڵێن گەنج و منالە**
**ئەو خوێنە لە سەرچاوەی چاوم کە لەمەویەر**
**تک تک دەتکا ئێستە شوکر ئاوی زولاڵە (١٧)»**

ئامادەکارانی دیوانی موفتی پێنجوێنی ئەو شیعرەیان بە شیعری موفتی داناوە و لە هەردوو چاپەکەدا بڵاویان کردۆتەوە. ئەگەر نیوە دێری دووەم نەبێت کە باسی تەمەن دەکات و دەڵێت عومرم کە لە شەستایە، گومانێک درووست دەبوو کە شیعرەکە هی موفتی بێت!

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە بەیانی بکەم، لە موفتی و رۆژنامەدا، واتە لەو شوێنانەدا شاعیر باس لە رۆژنامەگەریی دەکات، ئەگەرنا زۆربەی ئەو شیعرانەی کە لە دیوانەکەی (موفتی) دا دێنەبەرچاو لەو گۆڤار و رۆژنامانە بڵاوکراونەتەوە، کە پیرەمێردی شاعیر و رۆژنامەنووس سەرپەرشتی کردوون، ئومێد ئاشنا دەنووسێت: « ساڵی ١٩٨٤، من بۆ کاری چەند نووسینێکی خۆم دەربارەی پیرەمێرد و رەشید نەجیب و میرزا مارف و عەبدوڵڵا جەوهەر دەبوو هەموو ژمارەکانی رۆژنامەی ژیان و ژین و گۆڤاری گەلاوێژ تەماشا بکەم، هەستم کرد کە هەر لە ساڵی ١٩٣٦ ەوە لە رۆژنامەی ژیانەوە شیعری موفتی بەزۆری بەرچاو دەکەون، هەروەها بە هەمان شێوەش لە رۆژنامەی ژین و گۆڤاری گەلاوێژدا. بۆ ئەمە چوومە لای کاک عبدلکریمی کوڕی موفتی و مەبەستی خۆم بۆ پێکهێنانی کۆکردنەوەی سەرجەمی شیعرەکانی موفتی بۆباس کرد. زۆری پێخۆش بوو و بە هەموو جۆرێک هانیدام دەست بکەم بە کۆکردنەوە و رێکخستن و لێکۆڵینەوەیان و ئەو دیوانە دەستنووسەکەی کاک بورهان قانع کە لای بوو سپاردیە من و وتی پێنج ساڵە ئەم دیوانە رەقابە کراوە و هەروا ماوەتەوە. ئینجا من هەموو شیعرەکانی موفتیم کۆکردەوە

هەواڵنامەی کتێب

هێنامە سەر شێوەی ڕێنووسی ئەمڕۆ و لەگەڵ دیوانە دەستنووسەکەی کاک بورهان قانعدا بەراوردم کرد، لە ئەنجامدا بۆم دەرکەوت ژمارەیەکی زۆر ، کە لە ٤٠ شیعر زیاتر دەبوو، لەو دیوانەی ئەودا دەست ناکەون (١٨)» . کەواتە ئەو دیوانە چاپکراوە کە دووجار چاپکراوەتەوە، زۆربەی ئەو شیعرانەن کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە، ئەمە مەبەستی سەرەکی من نیە، بەڵکو من ئاماژە بە کاریگەریی ڕۆژنامەگەریی دەکەم لەسەر کۆمەڵگادا، بە تایبەتیش کە خودی شاعیر لە چەند شوێنێکدا ستایشی چەند گۆڤار و ڕۆژنامەیەک دەکات:

**ضرب المثلە- سەد قەل و بەردێک کە- هەڵاڵە- یش**
**بەردێکی سەری ناحەزی هەر وەکو قەل و داڵە**
**دوشمن لە هەموو لا وەکو خەرمانی موکریان**
**هەر چەندە کە ئامادەیە ئەم بادی ماڵە**
**بیری بدە ئەم کوردە کە چەن ساڵە لەبەرچی**
**خوێن و شەرەفت لای ئەم و ئەو پاکی حەڵاڵە**
**خوێناوی شەهیدانە کە ئەڕژێ لە کەژ و کێو**
**وا تێمەگە ئەو سوورە هەموو لالەیێ ئاڵە**

ئەو بە کەرەستەی خاو و سادەی زمان گفتوگۆ دەکات و بانگەوازی پێیە!، ئەوە چەند دێڕێکە لەو شیعرەی کە بۆ گۆڤاری» هەڵاڵە»ی نووسیوە، ئەو دەرچوونی گۆڤاری هەڵاڵە بە بەردی سەری ناحەزان دەچوێنێت.

بەم شێوەیەش وەسفی گۆڤاری گەلاوێژ دەکات، کە بۆتە مەشخەڵ، سەرو ماڵی خۆی بە فیدا دەکات، چونکە گۆڤارەکە هەقبێژە:

**دڵم ئەمڕۆ کە پڕ زەق و زمانم خەنجەری تیژە**
**لەبەرچاوم پڵنگی شێرکوژی چا پووک ئەڵێی گێژە**
**سەروماڵم فیدای مەردێک کەوا بێ ترس و هەقبێژە**
**لە شەوقی نیشتمان و شوعلە ئەستێرەی گەلاوێژە**
**برین و زامی جەرگی پڕ لە سۆم و پاکی سارێژە**

لـە شـیعرێکی تـردا، کـە لـە ژێـر ئـەم ناونیشـانە دایـە ( نامەیـەک بـۆ رۆژنامــەی ژیــن)، بــەم شــێویە بــاس لــە کاریگەرییەکانــی رۆژنامــەی ژیــن دەکات لەســەر کۆمەڵــی ئــەو رۆژێ، بــە تایبەتیـش لـە پێنجوێـن و دەوروبەریدا:

**ژینی خۆشەویست رۆحی کوردستان**
**چرای تاریکی شەوی نیشتمان**
**ئەم نامەیەی من ئامان سەد ئامان**
**نەشری کە بەڵکو بگاتە هەموان**
**گەلێ کەس لە من خەبەردار نی یە**
**ئەڵێن هۆنراوەت بۆ دیار نی یە**
**ئەڕوانینە ژین کوا هاوار نی یە**
**شیعر و نووسینت کۆڵ و بار نی یە**
**هەموو پێنج شەموان ئەڕوانینە ژین**
**بۆ ئەو شیعرانەی کە دێن لە پێنجوێن**
**کەچی کەم و زۆر هیچی نابینین**
**بۆ هیچ نانێری لە خۆت ئەپرسین**
**سەرەتاو کۆتایی لە نێو رۆژنامەدا**

تــا ئێســتا ئــەوەی ســاغ بۆتــەوە موفتــی زۆر گرنگــی بــە بڵاوکردنــەوەی شــیعرەکانی لــە رووپــەڕی رۆژنامــە و گۆڤارەکانــدا داوە، ســاڵی ١٩٣٦ یەکەمیـن شـیعری لـە رۆژنامـەی ژیـان دا بڵاوکردۆتــەوە و دوا شیعریشــی لــە رۆژنامــەی ژیــن-ە. «لــەو ســەردەمەدا رۆژنامـەی ژیـن تەنهـا هـۆی گەیشـتنی دەنگـی موفتـی بـووە بـە خوێنـەران. پیرەمێـرد تـا لـە ژیانـدا بـوو بـەردەوام هـاوکاری موفتـی بووە بـۆ بڵاوکردنەوەی شـیعرەکانی، لە سـاڵی ١٩٣٦ تا ١٩٥٠» واتـا لـە ماوەی چواردە سـاڵدا بـەردەوام شــیعری موفتــی بڵاودەبــووەوە (١٩).

لـەو سـەردەمەدا گـۆران- ی شـاعیر بـە پلـەی یەکـەم گرنـگ و کاریگەریـی رۆژنامــەی بــاش زانیــوە، ئــەو زۆرتریــن بەرهەمەکانـی لـە رۆژنامـە و گۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتــەوە، ســەرەڕای نووســینەکانی تـری لـە وتـار و وەرگێڕانـدا. هەرئەوکاتە پیرەمێـرد و بێکەس-یـش پانتاییەکـی زۆریـان لـە رۆژنامەگەریـی کـوردی بـۆ شـیعرەکانیان بـردووە، ئـەم نـاو و قەڵەمانـە وەک ئەهلی شـار و رووبەرێکی گەورەتـر لـە گونـد، دەرکیـان بـەوە کـردووە کـە لـە رێـگای رۆژنامـە و گۆڤار و کـۆڕ و کۆبوونـەوەی جەماوەریـدا باشـتر دەنگیـان بـە خەڵـک دەگات، بـەڵام ئـەوەی جێـی پرسـیارە هێشـتا خوێنـدن و خوێنـدەواری و فێربـوون بـە گوندەکانی کوردسـتان و پێنجوێن ئاشـنا نەبـووە چـۆن شـاعیرێکی دوورە دەسـت لـە شـاری گـەورە و ئاوەدانیـدا خەیاڵـی

هەواڵنامەی کتێب

بۆ ئەوە بووە کە بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوبکاتەوە؟ من وای بۆ دەچم بۆ هۆی نزیکی و سەفەرە بەردەوامەکانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات! زیاتر هوشیار بۆتەوە، بەڵێ! ڕۆژنامە کاریگەریی لە مزگەوت و حوجرە زیاترە بۆ بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی!

**پاوانی مەلا و کاریگەریی ڕۆژنامەگەری**

موفتی پێش ئەوەی شیعرەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوبکاتەوە، دەقەکانی بە زاری- شەفەهی- ئەو دەست ئەو دەستی کردووە،» توانیویەتی فۆڕمێکی زۆر لەبارو زمانێکی سادەی نزیک لە خەڵک بێنێتە پێشەوە و شیعرەکانی لەو قاڵبەدا داڕێژێ، بۆیە دەبیستین زۆر کەس شیعری ئەو شاعیرەیان لەسەر زارە و لە زۆر موناسەبەدا دەیخوێننەوە، یاخود لەبەر خۆیانەوە دەیڵێنەوە (٢٠)». بەڵام بەلای موفتی یەوە فۆڕمی سادە و زمانی نووسین و دوورکەوتنەوە لە لەفز و بەلاغە و کەرەستە باوەکانی شیعری کلاسیکی بەس نین، بۆئەوەی دەنگی لەنێو خەڵکدا دلێرت بێت، هەر بۆیە جیاواز لە شاعیرانی تری دوور لە سەنتەری شاری سلێمانی شیعرەکانی بۆ پیرەمێرد و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تر دەنێرێت. بڵاوبوونەوەی شیعرەکانی موفتی لە ڕۆژنامەدا، ئەم مەلایە سەغڵەت دەکات و بە زمانێکی تووڕە ڕوو لە موفتی دەکات:

**مەلا عەبدوڵڵای توتنچی پێنجوێن**
**بە ئێمەی ناسیت گەلاوێژ و ژین**

لێرەدا ناوی گۆڤاری گەلاوێژ و ڕۆژنامەی ژین دێنێت. ئەو شیعرە ساڵی ١٩٤٥ نووسراوە. لە دێڕەکانی دوایدا باس لە ناوەڕۆکی ئەو شیعرانە دەکات کە موفتی لەو گۆڤار و ڕۆژنامەیدا بڵاودەکرانەوە:

**ڕۆژی چوار شەموی هەموو بەهارێ**
**عالەم ئەچوونە سەر شەخس بە جارێ**
**ئەمڕۆ شەخس و پیر باویان نەماوە**
**چاڵغی و عود و تار لە نوا باوە**
**وەکو بیستوومە لای ئێوە کچان**
**ئەچن بۆ مەکتەب بە ئابڕوو تکان**

ئەمەی سەرەوە وەڵامە بۆ شیعرەکانی موفتی کە هەمیشە پشتیوانی لە کچ و ژنان کردووە کە بچنە قوتابخانە و بخوێنن. ئەو مەلایە لەگەڵ ئەوە نیە نامە و نووسین بە

زمانــی کــوردی بێــت:

**ژن هەقیان نیە لە ماڵ بێنەدەر**
**دین پایە ماڵ بوو هەی قوڕمان بەسەر**
**کاغەز نووسینیش کوردی زمانە**
**دیارە نیشانەی ئاخر زەمانە**

لێــرەدا کاریگەریــی دنیــای ڕۆژنامەگەریــی لەســەر کــوردەواری دەردەکەوێــت، هــەر بۆیــە ئــەو مەلایــە بــەو زمانــە دێتــە قســە، بــۆ ئــەوێ ڕۆژێــش مزگــەوت و تەکیــە و دیوەخــان ســێکوچکەی دەســەڵاتدارێتی کۆمەڵــگا بــوون.

موفتــی بێدەنــگ نابێــت، بــە زمانێکــی شــیعریی موخاتەبــەی مــەلا قــادری ئارمــوردە دەکات:

**مامۆستای گەورەم شاعیری ڕەنگین**
**کۆگای زانستی ڕێگای شەرع و دین**
**ئەو پرسیارانەی کە تۆ لێت کردووم**
**جوابیت عەرز ئەکەم تاکو نەمردووم**
**جێگەی تۆ لە دێی چۆڵ و لاپەڕە**
**کۆمەڵی دووڕن وەک بزن و مەڕە**

لــە کۆتاییــدا بــە مــەلا قــادر دەڵێــت، وەڵامەکانــی مــن بەشــێکن لــە دیــن و هــەر بــەو زمانــەش وەڵامــم دایتــەوە:

**مەلا عەبدوڵڵای توتنچی پێنجوێن**
**جوابی دایتەوە بە زووبانی دین (٢١)**

بــۆ ئــەوێ ڕۆژێ شــیعرەکانی موفتــی دەچنــە چوارچێــوەی یاخــی بــوون لــە کۆمەڵێــک داب و نەریــت، کــە کۆمەڵگایــان شــەتەک دابــوو.

**ئەنجام**

لە بابەتەکـەدا توێـژەر بـەم ئەنجامانـە دەگات:

١- موفتــی پێنجوێنــی ســاڵی ١٨٨١ لەگونـدی بێسـتانەی نزیـک بە پێنجوێـن لــە دایکبــووە و ســاڵی ١٩٥٢ لــە ســلێمانی کۆچــی دوایــی کــردووە.

٢- وەک بـۆ توێـژەر ساغ بۆتـەوە لـە سـەرەتای سـییەکانی سـەدەی ڕابـردوو دەسـتی بـە نووسـینی شـیعر کـردووە، واتــە تەمەنــی لــە ســەرووی چــڵ ســاڵی بــووە.

٣- تــا ئێســتا ئــەوەی ســاغ بۆتــەوە تەنیــا شــیعری نووســیوە و ڕووی لــە هونــەرە ئەدەبییەکانــی تــر نەکــردووە.

٤- ســێجار کۆمەڵێــک لــە شــیعرەکانی چاپکــراون، ســۆزی نیشــتمان ســاڵی ١٩٥٩، دیوانــی شــیعر چاپــی یەکــەم ســاڵی ١٩٩٠، ئــەم دیوانــە بــۆ جــاری دووەم ســاڵی ٢٠١٦ جارێکــی تــر چاپکراوەتــەوە.

هەواڵنامەی کتێب

٥- ئەگەرچی کەرەستە شیعرییەکانی سادەن، بەڵام ئەو هەڵگری پەیامێکی گەورە بووە.

٦- ناوەڕۆکی شیعرەکانی بریتین لە نیشتمانپەرەری و کوردایەتی، پەروەردە و خوێندەواری.

٧- ئەو شاعیری شکاندنی تابۆکانی کۆمەڵگایە، کاری بۆ کوردەوارییەکانی هوشیار و کراوە و پێشکەوتوو کردووە.

٨- هەر زوو لە هێز و وزە و کاریگەریی ڕۆژنامە گەیشتووە، بۆیە لە ساڵی ١٩٣٦ەوە شیعرەکانی بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان دەنێرێت.

٩- پیرەمێردی شاعیر بۆ ماوەی چواردە ساڵ هاوکار و پشتیوانی بووە بۆ بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی.

١٠- وەک لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە، شیعرەکانی بە جۆرێک کاریگەر بوون مەلایەک دێنێتە دەنگ و خەڵک دژی موفتی هان دەدات.

١١- پەیامی ئەو مەلایە بۆ ئەوێ ڕۆژێ بەرامبەر بە موفتی مەترسیدار بووە، بەڵام ئەو بە هەندی وەرنەگرتووە، بەڵکو توندتر وەڵامی داوەتەوە.

١٢- لە شیعرەکانیدا لە ڕۆڵ و کاریگەریی ڕۆژنامە تێگەیشتووە، بە جۆرێک وەسفی ڕۆژنامە دەکات، کە سەرچاوەی مەعریفە و زانیاری و ڕووناکییە.

١٣- بۆ ئەوەی پەیامەکەی ڕاستەوخۆ بگات، زۆر گرنگی بە بەلاغەی شیعریی نەداوە.

١٤- هەمیشە لە سەنگەری هەژاراندا بووە، شاعیری کێشە کۆمەڵایەتییەکان بووە.

پەراوێزەکان:

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ گێلاس کچی موفتی پێنجوێنی. لە نامەی ماجستێری ئامانج عەلی قادر وەرگیراوە، کە سەبارەت بە موفتی پێنجوێنی یە، زانکۆی چەرموو ٢٠١٨.

٢- بورهان قانع، یادی موفتی، چاپخانەی الارشاد، بەغدا ١٩٧٩

٣- مارف خەزنەدار ( دکتۆر)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم ١٩٤٥- ١٩٧٥ A، لە بڵاوکراوەکانی ئاراس، هەولێر

٢٠٠٦، ل١١٩

٤- ئامانج عەلی قادر، موفتی پێنجوێنی ژیان و بەرهەم، نامەی ماجستێر پێشکەش بە زانکۆی چەرموو کراوە. ساڵی ٢٠١٨

٥- عەلی باپیر ئاغا، گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم، بەغدا ١٩٣٩

٦- دیوانی موفتی پێنجوێنی، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا و عەبدولکەریم موفتی، پێداچوونەوەی عوسمان هەورامی، چاپی یەکەم، بە یارمەتی ئەمینداریتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان لە چاپدراوە، چاپخانەی الشركة العراقية للطباعة الفنية المحدودة، بەغدا ١٩٩٠، ل٧ تا ل٤٧. ئەو نووسینانە لە چاپی دووەمیشدا دێنەبەرچاو، چاپی دووەمین ٢٠١٦ ئەندێشە کردوویەتی.

٧- سۆران حەمە رەش، بزانە موفتی پێنجوێنی لە ساڵی ١٩٤٥ بە شیعر چۆن وەڵامی مەلاکان دەداتەوە، سایتی چاودێر، ساڵی ٢٠١٥

٨- مەلا عەبدوڵڵای تووتنچی، دیوانی موفتی پێنجوێنی، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا کەریم، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٩

٩- بەکارهێنانی ئەم وشەیە لێرەدا ناجۆرە، بەڕای من دەبوایە نووسەر وشەی ( دژی) بەکاربهێنێت،

١٠- مەلا عەبدوڵڵای تووتنچی، دیوانی موفتی پێنجوێنی، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا کەریم، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەندێشە، ٢٠١٦، ل٢٢

١١- بۆ چەند زانیارییەک سوودم لەم سەرچاوەیە بینیوە: محەمەد تۆفیق وردی، رۆژنامەگەری لە کوردستاندا، گۆڤاری روناکی، ژمارە ١، ساڵی ١٩٦٩، ل٤١( ئەم گۆڤارە پاشکۆی رۆژنامەی النور-ه)

١٢- مارف خەزنەدار ( دکتۆر)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم ١٩٤٥- ١٩٧٥ A، لە بڵاوکراوەکانی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٦، ل١٢٠

١٣- دیوانی موفتی پێنجوێنی، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا و عەبدولکەریم موفتی، پێداچوونەوەی عوسمان هەورامی،

چاپی یەکەم، بە یارمەتی ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان لە چاپدراوە، چاپخانەی الشركة العراقية للطباعة الفنية المحدودة، بەغدا ١٩٩٠، ل ٨

١٤- مارف خەزنەدار ( دکتۆر)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم ١٩٤٥- ١٩٧٥ A، لە بڵاوکراوەکانی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٦، ل ١٢٠

١٥- مەبەست لە رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە.

١٦- مەلا عەبدوڵڵای تووتنچی، دیوانی موفتی پێنجوینی، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا کەریم، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەندێشە، ٢٠١٦، ل١٣

١٧- هیمدادی حوسێن ( دکتۆر)، رۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دێمۆکراتی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢، ل١١٣

١٨- دیوانی موفتی پێنجوێنی، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا و عەبدولکەریم موفتی، پێداچوونەوەی عوسمان هەورامی، چاپی یەکەم، بە یارمەتی ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان لە چاپدراوە، چاپخانەی الشركة العراقية للطباعة الفنية المحدودة، بەغدا ١٩٩٠، ل ٨

١٩- مەلا عەبدوڵڵای تووتنچی، دیوانی موفتی پێنجوێنی، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا کەریم، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەندێشە، ٢٠١٦، ل١٥

٢٠- مەلا عەبدوڵڵای تووتنچی، دیوانی موفتی پێنجوێنی، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا کەریم، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەندێشە، ٢٠١٦، ل١٥

٢١- ئەو شیعرانەی وەک نموونە وەرگیراون لە چاپەکەی ساڵی ١٩٩٠ ی دیوانی موفتی وەرگیراون.

**سەرچاوەکان**

**کتێب**

- بورهان قانع، یادی موفتی، چاپخانەی الارشاد، بەغدا ١٩٧٩
- مارف خەزنەدار ( دکتۆر)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم ١٩٤٥- ١٩٧٥ A لە بڵاوکراوەکانی ئاراس، هەولێر ٢٠٠٦
- مەلا عەبدوڵڵای توتنچی، دیوانی موفتی پێنجوێنی، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا و عەبدولکەریم موفتی، پێداچوونەوەی عوسمان هەورامی، چاپی یەکەم، بە یارمەتی ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان لە چاپدراوە، چاپخانەی الشرکة العراقیة للطباعة الفنیة المحدودة، بەغدا ١٩٩٠
- مەلا عەبدوڵڵای توتنچی، دیوانی موفتی پێنجوێنی، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵڵا کەریم، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەندێشە، سلێمانی ٢٠١٦
- عەلی باپیر ئاغا، گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم، بەغدا ١٩٣٩
- هیمدادی حوسێن (دکتۆر)، رۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیمۆکراتی کوردستان، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢

نامەی ماجستێر:

- ئامانج عەلی قادر، ژیان و شیعرەکانی موفتی پێنجوێنی، نامەی ماجستێر پێشکەش بە زانکۆی چەرموو کراوە، ساڵی ٢٠١٨

**گۆڤار**

- محەمەد تۆفیق وردی، رۆژنامەگەری لە کوردستاندا، گۆڤاری رووناکی، ژمارە ١، ساڵی ١٩٦٩، ل٤١( ئەم گۆڤارە پاشکۆی رۆژنامەی النور-ە)

سایتی ئەلیکترۆنی:

- سۆران حەمە رەش، بزانە موفتی پێنجوێنی لە ساڵی ١٩٤٥ بە شیعر چۆن وەڵامی مەلاکان دەداتەوە، سایتی چاودێر، ساڵی ٢٠١٥

کتێبخانەی هەواڵنامە

# لدەمێ ئەدەب ل ماهییەتێ دگەرییێت دبیتە فەلسەفە

## (بەراوردەک دناڤبەرا ئەدەب و فەلسەفە)



د. ژڤان نعمان حجی

ئەگـەر ئـەم بهـزرەکا سـادە بـەرێ خـو بدەینـە پەیوەندیـا دناڤبـەرا ئـەدەب و فەلسـەفێ، ئایا چ پەیوەنـدی دناڤبـەرا وانـدا هەیـە؟ دبیـت گەلـەک بێـژن ئـەدەب تشـتەکێ گرێـدای هەسـت و سـوز و خەیـالان دێ گەلـەکا دویـر بیـت ژ فەلسـەفێ کـو یـا گرێـدای عەقـل و هوشـی.

لـێ ئەگـەر ئـەم بکویراتـی بچینـە دنـاڤ بابەتیـدا دێ بینیـن کـو راسـتە دهنـدەک لایەنانـدا هـەردوو د ژێـک دویـرن، بەلـێ ژلایەکـێ دیڤـە پەیوەنـدی دگـەل ئێـک هەیـە و گەلـەک نیزیکـی ئێکـن.

فەلسـەفە ژلایـێ زمانیڤـە ژ پەیڤـا یونانـی فیلوسـوفیا هاتیـە وەرگرتـن، فیلـو

ب واتایا ڤیان و سوفیا بواتایا دانایی کو هەردوو پێگڤە واتایا ڤیانا دانایی (حب الحکمە) ددەن.(١)

پەیوەندی دناڤبەرا ئەدەب و فەلسەفێ مینا پەیوەندیا دو بازنێن هەڤگرتییە؛ دناڤ ڤان هەردوو بازناندا بوشاییەکا مەزن دچیتە دناڤ ئێکدا و جهەکێ سنوردارژی هەرئێکێ ژ دەرڤەی ڤێ هەڤگرێ هەیە.(٢)




ئەڤ پەیوەندییە هنگی دیاردبیت ل دەمێ ئەدەب ب کویراتی دچیتە دناڤ ئەزمونێن مروڤایەتیدا خو نیزیکی فەلسەفێ دکەت. ئەدەب ئامرازێ دەربرینێ یە ژ هزرێن فەلسەفی و هەردوو زمانی دکەنە ئامراز ژبو گەهاندنا هزرێن خو. فەلسەفە گەریانە ژ ماهییەتێ ژبەر هندێ ئەم دشێین بێژین ئەدەب ل دەستپێکا پەیدابونا خودا قالبەک بوو ژبو دارشتنا هزرێن فەلسەفی، هەروەکو یا دیار د بەرهەمێن میسولوژیایێ دا دگشت ئەدەبیاتێن جیهانێدا.

جان پول سارتەر د پێناسەکرنا فەلسەفێدا دبێژیت:

(فەلسەفە تشتەکە هەبوونا خو نینە و هندی ئەم گەنگەشێ بکەین بهەر رەنگەکی ئەم ناگەهینە بەر سێبەرا ڤی زانستی و ئەو تشتێ چنە یێ وەسا ببلندی بەحس لێ دکەت... یا راست ئەوە کو پتر ژ فەلسەفەکێ یا هەی و ئەو فەلسەفا ژ براڤا جڤاکی پەیدا بووی دێ هەر مینیت براڤەک کارێ خو ل داهاتوی ئەنجامدەت..).(٣)


ئەڤ پێناسا سارتەری ژ سەروکانیا فەلسەفا وجودی دەرکەڤتییە، کو فەلسەفێ بکارێ مروڤایەتیێ و بەرپرسیا گەردوونییا ڤی کاری گرێ ددەت کو ب بوچونا وێ دڤێت فەلسەفە یا رەنگا و رەنگ بیت. فەلسەفا رەنگا و رەنگ ژی ئەوە یا کو چ قالبان قەبیل نەکەت، ڤەکرنا هزرێ یە لسەر ئاریشێن خەلکی و براڤە بو فێرکرنا جڤاکی بو جیاوازیێ

، ئانکو دەربرین ژ کەتواری برێکەکا داهێنەرانە نە برێکەکا کلاسیکی و میکانیکی کو داهێنانا کەسایەتی تێدا نەبیت. (٤)

چ گومان تێدا نینە کو ئەڤ جورە فەلسەفە ئەدەبە، چنکو بتنێ ئەدەب دشێت ڤێ داهێنانێ بکەت و ئەو لایەنێ تاکانەیە یێ دشێت بڤێ داهێنانا کەسایەتی دەربرینێ ژ هەر تشتەکی دجیهانێدا بکەت. لدویڤ بوچونا سارتەری دڤێت فەلسەفە خو برەنگەکێ دی بخەملینیت دا پتر بشێت خو ژ روتین و هشکاتیێ خلاس بکەت، ئەدەب ژی باشترین ئامرازە بو دەربرینا هزرێن فەلسەفی، ژبەر هندێ ل دەمێ ئەم بەرهەمێن وی دخینین دبینین کو ئەدەبەکێ تێکەلە ژ فەلسەفێ، ئەڤجا ئەم دشێین بەرهەمێن وی ب ئەدەبێ فەلسەفی پولین بکەین.

دیسان ناڤبری د پەرتوکا (ئەدەب چیە؟) دا دبێژیت: بوچی ئەم دنڤێسین؟ و بو کێ؟ د بەرسڤێدا دبێژیت: ئەدەب بو مروڤییە، مروڤ ژی زیندیەکە و پێکهاتییە ژ گیان، کەرستە، مێشک و وجدان. کو ب شێوەیەکێ تێکەل و راچاندی پێگڤە دگرێ داینە. راستە ئەدەب لایەنێ هەست و سوزێن مروڤی تێر دکەت، لێ چنکو ئەڤ مروڤە زیندیەکێ راچاندییە ژ گیان، عەقل، وجدان و کەرستە؛ ئەڤجا دبیت ئەدەب عەقل و سوزێ پێگڤە تێر بکەت، هەروەسا زانست ژی دشێن هەمان کار بکەن، چنکو ئەڤ پێکهاتێن مروڤی هەمی ب ئێک کاریگەر دبن و دگەل ئێک کار دکەن. (٥)

لڤێرە دیاردبیت کو ئەڤ هەر سێ لایەنە پێگڤە دگرێداینە و هەر ئێک




یێ دی تەمام دکەت وەکی دڤی وێنەیدا دیار.

دناڤبەرا ئەدەب و هزر و فەلسەفێدا گەلەک پەیوەندی هەنە، گەلەک جاران فەیلەسوف و تورەڤان بەرامبەری ئێک رادوەستن، چنکو ئاریشێن ئەدەبی

دهێنە بەرامبەر فەیلەسوفان د هەمان دەمدا تورەڤان رولێ هزرڤانی دبینیت، ئەڤجا خو دناڤ فەلسەفێدا دبینیت.
تایبەتمەندیێن شارستانی و مێژوویی رەهەندێن خو دناڤ ئەدەب و فەلسەفێدا هەنە و ئامادەبونا خو د ئەزموونا تورەڤان و فەیلەسوفاندا هەیە، ئانکو بنیات و سەروکانیا ئەزموونا تورەڤانی و هەستیاریا فەیلەسوفی ئێک تشتە، ئەوژی سەرسورمانبونە، بەلێ چەوانییا هەلسوکەوتی بەرامبەر ڤێ سەرسورمانیێ و شێوازێ دەربڕێنی ژێ و دوبارە بەرهەمئینانا وێ یە ئەدەب و فەلسەفێ ژێک جودا دکەت.(٦)
ئانکو هەردوو دێ ب ئێک تشت کاریگەر بن و سەرنجا وان بو دهێتە راکێشان ، بەلێ هەرئێک دێ بشێوازەکی دەربرینێ ژ وێ کاریگەریێ کەت.
ل دور ڤی بابەتی دوو چەمکێن جودا دیار دبن، ئەوژی (ئەدەبێ فەلسەفی) و (فەلسەفا ئەدەبییە).
فەلسەفا ئەدەب گەریانە ل ماهییەتا ئەدەبی، بەلێ ئەدەبێ فەلسەفی هەمی هزر و بوچون و گەریانێن فەیلەسوفانە د چارچوڤێ دەقێن ئەدەبیدا، ئانکو لدەمێ ئەدەب بەحسی بابەتێن هەبوون، مرن و ...هتد دکەت.
ئەدەب و فەلسەفە ژ هشیاریێ دەردکەڤن و رەگڤەدانا هشیاریا مروڤینە، ئەڤ هشیاریە پتر د کار و ئەزموونا فەیلەسوفیدا دیار دبیت، چنکو دناڤ کارێ ئەدەبیدا دگەل هەست و سوز و خەیالان تێکەل دبیت و نڤێسەر ب روخسارەکێ جوان و برێکا رەگەزێن جوانکاریێ بەرزە دکەت و خاندەڤانی برێکا فێلێن هونەری بەرزە و رازی دکەت ب سادەییا هزرێن دەربرینێ ژێ دکەت، چنکو ئەدەبێ بەرز وەکی کەڤالەکێ جوان ژێدەرێن بەرهەمئینانا خو لپشت جوانیا روخسارێ خو بەرزە دکەت.
ژڤێ چەندێ دیار دبیت کو ژێدەرێ فەلسەفێ و ئەدەبێ ئێک تشتە و راستی ناڤەروکا هەردووکان پێک دئینیت، بەلێ فەلسەفە بشێوازەکێ ئاشکرا و ئەدەب بشێوازەکێ ڤەشارتی دەربرینێ ژێ دکەت.
(ریتشارد شسترمان) دیار دکەت کو کارێ فەلسەفا ئەدەبی پێشکێشکرنا پێناسەکا بابەتییە بو ماهییەتا ئەدەب، بەلێ ئەگەر فەلسەفە جورەک

بیت ژ ئەدەبی دێ یا بزەحمەت بیت ڤێ پێناسێ پێشكێش بكەت، چونكو ژلایێ لوژیكیڤە دێ یا خەلەت بیت و دێ وەكی پێناسەكرنا ئاڤێ ب ئاڤێ بیت كو ئەوژی تشتەكێ ئەستەمە. (٧) ئانكو دێ پێناسەكا ئالوز بیت و وەكی وێ چەندێ بیت ئێک پسیار بكەت ئەرێ ئاڤ چییە؟ ئەم بەرسڤ بدەین ئاڤ ئاڤە !!.

لدویڤ بوچونا شسترمانی فەلسەفە ئەدەبە و دیار دكەت كو نەیا درستە ئەدەب ب پێچەوانەی فەلسەفێ ب گوتارەكا ئاشوپی بهێتە لقەلەم دان، چونكو گەلەك ژ كارێن ئەدەبی بزاڤن ژ بو بدەستڤە ئینانا راستییان. دیسان دبێژیت: ئەگەر فەلسەفێ بڤێت بژیت ب تایبەتی پشتی مرنا دانەرێ وێ دڤێت ببیتە گوتارەكا ئەدەبی دا بشێت ببیتە ژێدەرەک بو هەلسوكەوتێ ژیانێ. (٨)

دانانا پێناسەكا درست بو ئەدەبێ بزاڤا گەلەک فەیلەسوف و رێبازان بوو، بەلێ هەتا نوكە پێناسەكا تەمام كو بدرستی تێدا هاتبیتە دیاركرن ئەدەب چییە نەهاتیە دانان و هەمی پێناسە دهێنە تێكەلكرن ب هندەک لایەنێن دی یێن گرێدای ڤێ جیهانێ و د تایبەت نینن ب ئەدەبێ بتنێڤە.

ب بوچونا میتودا كلاسیكی د فەلسەفێدا ئەدەب دەربرینە ژ كەتواری بشێوەیەكێ راستەوخو یان نەراستەوخو. ئەڤ پێناسە چ جیاوازیێ نائێخیتە دناڤبەرا ئەدەب و زانستیدا، چونكو زانست ژی دەربرینێ ژ كەتواری دكەت. (٩)

(پیتەر لامارک) د پەرتوكا خودا (فەلسەفا ئەدەب) بزاڤێ دكەت ئەڤێ ئاریشێ چارەسەر بكەت ل دەمێ دبێژیت: ئایا ئەو چییە دەقەكی دكەتە دەقەكێ ئەدەبی؟ ئەڤجا بەرسڤێ ددەت و دبێژیت:

(دەقێ ئەدەبی كارەكە بو مەبەستەكێ دهێتە دانان. ئەو دەقە یێ سەقایەكێ گونجای پێشكێش دكەت كو دشیانێن وی سەقاینە چێژەكا ئستاتیكی درست بكەت و ساخلەتێن جوانكاریێ تێدا بەرجەستە بن و داهێنانا بەهایەكێ جوانكاری بیت). (١٠)

ئەڤ پێناسا لاماركی دەربرینەكا تەمام ژ ماهییەتا ئەدەب دكەت، دگەل ڤێ چەندێ رەخنەكا توند

لــێ هاتــە گرتــن و هاتــە دیارکــرن کــو ئــەڤ پێناســە جیاوازیــێ ناکــەت دناڤبــەرا ئــەدەب و زانســتیدا. ئەڤــان رەخنەگــران ژ بــو ســەلماندنا بوچونــا خــو تیورا (ئەوتارێــن دەنگــی) یــا زانایــێ فیزیکــی (لــی سمولن)ی دئینــن کــو لدویــڤ ڤــێ تیــورێ گــەردوون ژ ئەوتــار و ئــاوازان پێــک دهێــت و لدویــڤ جیاوازییــا جــولان و بزاڤتنــا ڤــان وەتــەران کەرەســتێن گەردوونــی وزە دهێتــە گهوریــن. (١١)

یا دیارە کو هندەک ژ تایبەتمەندیێن ئەدەبــی دڤــێ تیورێــدا بەرچــاڤ دبــن، بتایبــەت مەســەلا ئیســارەکرن، چێــژ و جوانکاریــێ.

هنــدەک پێناســە ڤەگێــران، مەجــاز و ئاشــوپێ دکەنــە پیڤــەر ژبــو پێناســەکرنا ئەدەبــی، بەلــێ تیــورا نســبی یــا ئەنیشــتاینی و تیــورا میکانیکــی باشــترین بەڵگەنــە بــو نزمبونا ئاســتێ ڤــێ پێناســێ کــو ئــەوژی لســەر بنیاتــێ ڤەگێــران و خەیــال و مەجــازێ هاتینــە دانــان.

بڤــێ چەنــدێ ئــەم نەشــێین تایبەتمەندیێــن ئاشــوب، مەجــاز و ڤەگێــران ب ئەدەبێڤــە گــرێ بدەیــن و ئــەوان بکەینــە خالێــن جیاوازیکرنــا ئەدەبــێ ژ لایەنێــن دی، چنکو د زانستی ژی دا ئــەڤ تایبەتمەندیــە هەنــە.

*** جیــاوازی دناڤبــەرا ئــەدەب و فەلســەفە:**

هەرچەنــدە وەکــی مــە دیارکــری کــو ئــەدەب و فەلســەفە گەلــەک دنیزیکــی ئێکن و فەلســەفە گەلەک جاران برێکا تێکســتێن ئەدەبی دهێتــە پێشکێشــکرن و مــروڤ ب زەحمــەت جــودا بکــەت ئایا ئەدەبــە یــان فەلســەفەیە، بەلــێ دگــەل ڤــێ چەنــدێ هنــدەک جیــاوازی هەنــە دناڤبــەرا هەردوکانــدا

جیــاوازی دناڤبــەرا ئــەدەب و فەلســەفێدا د شــێواز و زمانیــدا دیــار دبیــت.

زمــان ئامــرازێ دەربرینــا هەردوکانــە، بەلــێ د ئەدەبیاتانــدا تایبەتمەندیا خــو یــا دیــار هەیــە و جودایــە ژ زمانــێ فەلســەفێ و هەمــی زانســتێن دی، چنکو زمــان د فەلســەفێدا یــێ بــێ لایەنە. (١٢)

ئــەم دشــێین بێژیــن زمانــی د فەلســەفێدا ئارمانــج نینــە و بتنــێ ئامــرازە بــو دەربرینــا هــزران، بەلــێ د ئەدەبیــدا زمــان ئامــراز و ئارمانجــە د هەمــان دەمــدا.

ئەدونیس دیار دکەت کو زمان د ئەدەبیاتاندا ئاماژێ ب زێدەترێ دکەت ژ وێ یا فێربوی دەربرینێ ژێ بکەت و گوهدار لسەر فێربوی.(١٣)

جیاوازیا هەرە دیار ئەوە کو فەیلەسوف کەسەکە ل دەرڤەی دەقێ خو کار دکەت، بەلێ تورەڤان کەسایەتییەکا دیارە دناڤ دەقێ خودا.

*** هوزان و فەلسەفە:**

ئێکەمین کەس ئاماژە ب شیانێن فەلسەفی یێن د سروشتێ هوزانێدا کری ئەرستو بوو ل دەمێ دبێژیت: (هوزان فەلسەفەترە ژ مێژوویێ، چونکو هوزانڤان هەلسوکەوتێ دگەل تشتێ گشتی دکەت).(١٤)

هیدگر دبێژیت: هزر و هوزان دشێین ل میتافیزیکێ دەرباز ببن. دیار دکەت کو میتافیزیکێ هەبوون یا ژبیرا مە بری و هوزان دشێت مە بزڤرینیتێ، چنکو هوزان دامەزراندنا هەبوونێیە برێکا ئاخڤتن و گەریانە ل ماهییەتا راستی و هەبوونێ.

هندەکێن دی دیار دکەن کو هوزان نیزیکترە بو راستیێ ژ فەلسەفێ، چنکو ئەوا فەیلەسوف دبێژن ژمێژە هوزانڤانان گوتی. دڤی بواریدا (فرنان ئەلکێە) دبێژیت: (هوزان د بەرزترین ئاستێ خودا نە داهێنانە، بەلکو دیتن و وەحییە و زڤرینە بو راستیێن بنەرەتی و دویر ئێخستنا هەمی دیاردانە پێخەمەت گەهشتن بو هەبوونێ و شکاندنا جیهانا دەستکرد ب داب و نەریتان ب ئارمانجا گەهشتنێ بو جیهانەکا باشتر.. و دبیت فەلسەفێ ئەرکێ خو ژبیر کربیت، لێ هوزان هەر یا رشدە لسەر بجهئینانا ئەرکێ خو).(١٥)

لڤێرە دیار دبیت کو ئەدەب بگشتی و هوزان بتایبەتی دەربرینێ ژ جەوهەرێ مروڤایەتیێ دکەت و ژێدەرەکێ گرنگە ژبو هشیارکرنا مروڤایەتیێ و وەکی فەلسەفێ تێگەهشتن و هزرێ دکەتە بنەما ژبو داهێنانێ.

د ئەدەبێ کوردیدا گەلەک هوزانڤانان بابەتێن فەلسەفی د هوزانێن خودا بەحسکرینە و ئەدەبەکێ فەلسەفی ژێ پەیدابوویە. (ئەحمەدێ خانی) دمەم و زینێدا دبێژیت:

**ساقی وەرە بێژە من چ لەونە**
**ئەڤ کەونە خەیالە یان خەونە !**
**تەعبیر مەکە کو ئەو بەتالە**

**تەصویر نەکە کو ئەو خەیالە**
**ئاغاز گەر چی رەنگ حەیاتە**
**ئەنجامێ حەیاتێ وێ مەماتە**
**یەعنی وجودە بێ وجودە**
**خوەش خیلقەتە حەیفە بێ خلودە (١٦)**

دیسـان (شـێرکو بێکـەس) دڤـێ پارچە هوزانێدا د دیاردەکا سروشـتیدا کویـر دبیـت و بەحسـێ حەتمییەتـا مرنـێ و نەمانـێ د هەبوونێـدا دکـەت:

**خورنشینی ئاسوی بەهار**
**لە خویناوی ئاوابونا..**
**وردە وردە ئەچێتە خوار**
**کلپەی دوای لە دەروونا**
**ئەسوتێنێ بۆ شەوی تار..**
**ئەڵێ: بونی ئەم دونیایە**
**وەکو تیشکم ئەتوێتەوە..**
**کام شەوقی جوانی ڕووی تیایە**
**وەک هەناسەم ئەبڕێتەوە.. (١٧)**

**پەراوێزەکان:**

١- ویکیبیدیا الموسوعە الحرە http://ar.wikipedia.org
٢- Literature,philosophy,Ask philosophers-org.mht
٣- جان بول سارتر، نقد العقل الجدلی، ص٨٩.
٤- جاسم الصغیر، الفلسفە والآدب.. السؤال الوجودی www.alitthad.com
٥- جان بول سارتر، ما الآدب، ص٨.
٦- محمد راتب حلاق، النص والممانعە – مقاربات نقدیە فی الآدب والابداع، أتحاد کتاب العرب، دمشق، ١٩٩٩، ص٢٦.
٧- حسن عجمی، ما الفرق بین الفلسفە والآدب والعلم، جریدە السفیر الثقافیە، ع (١١٦٧٧)، لبنان، ٢٠١٠.
٨- حسن عجمی، نفس المصدر.
٩- هەمان ژێدەر.
١٠- Peter Lamarque: The philophy of Literature, ٢٠٠٩.
١١- حسن عجمی، لا فرق بین الفلسفە والآدب..الفلسفە نوع من الآدب.. http://www.terezia.org/section.php?id=٢٦١٠
١٢- النص والممانعە، ص ٢٧.
١٣- هەمان ژێدەر.
١٤- نزار بریک هنیدی، الفلسفە والآدب.
١٥- مدارات فلسفیە،ع (٢)، المغرب، ٢٠٠٨.
١٦- ئەحمەدێ خانی، مەم و زین، هەژار، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٢٤٤.
١٧- جەبار ئەحمەد حسێن، ئستاتیکای دەقی شعریی کوردستانی عیراق(١٩٥٠-١٩٧٠)، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢٧٦.

هەوالنامەی کتێب

# ڤێرن و کاڵڤینۆ و مارکیز:

# بەپیتیی جیهانی واقعی



نزار ئاگری
و: سەباح ئیسماعیل

ئیتالۆ کالڤینۆ لە گەشتەکەیدا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەبارەی ماڵی چیکیتای سەماکەری سێرکەوە لە کالیفۆرنیا شتێکی نووسی. ئاماژەی بەوە کردبوو، کە پیاوەکەی ئەکتەری سینەمایە و بەردەوام ڕۆڵی گاردی کەسایەتییە ناودارەکان دەگێڕێت. وەکو کالڤینۆ وەسفی دەکات، کچەکەی چیکیتا ماڵی بەسەر درەختێکی دەم باوەیە.

کاڵڤینۆ بەو پێیەی داهێنەری ئەم شێوە ژیانەیە: ژیان لەسەر درەختەکان. سەری لە ماڵەکەیدا. ئەو بەمە ئاماژە بە ڕۆمانەکەی «بارۆنی سەر دارەکان» دەکات. کە پاڵەوانەکەی (کۆزیمۆی لاو) دوای ئەوەی لە ماڵەوە هەڵدێت

لەسەر درەخت دەژیت. بارۆن و ماڵە «درەختییەکەی» هەوێنی ئەندێشەی نووسەرن.

هەڵبەت کالڤینۆ مەزەندەی ئەوەی دەکرد، کە سەرکێشییەکی فەنتازیی وادەکات، ڕێگەی ئەوەی دەداتێ جڵەوی خەیاڵی بەر بدات، تاکو لە واقیع دوور بکەوێتەوە.

لە کتێبەکانیدا کالڤینۆدا بۆی دەردەکەوێت، قەڵەمبازەکەی لە واقعەوە دوور نییە. ئەوە تەنیا کۆزیمۆی پاڵەوانی ڕۆمانەکە نییە لەسەر درەخت ژیابێت. هەروەها چیکییەکیش ماڵەکەی لەسەر دار بنیاتناوە و هەموو پێداویستییەکانی ژیانیشی تێدا دابینکردووە.


ژۆڵ ڤێرن و داڤنشی و وێڵز و ئەوانی تر، لە پاڵنانی ئەندێشە بۆ پێشەوە پێش کالڤینۆ کەوتوون، تاکو لە شەقەی باڵ بدا و واقع لە پاش خۆیەوە جێهێڵێت.

هەروەها چیرۆکەکانی ئەدگار ئالان پۆ و کافکا و بۆرخیس و مارکیز دڵگیر دیارن، هەر دەڵێی وێنەی شتی سەرسوورهێنەری وا دەکێشن لە توانای مرۆڤ بۆ خەیاڵکردن بەدەرن. بەڵام ئەوە واقعە دەنووسێت، ڕۆژانە واقع چیرۆک و ڕۆمانەیلێکی سەرسوورهێنەرتر لە سەیرترین چیرۆک دەنووسێت، کە خەیاڵگەی نووسەر بەرهەمی دێنێت.

زریانی تسۆنامی. زریانی کاترینا، ئەو بوومەلەرزەیەی لە پاکستان و ئەفغانستان و کشمیری دا. ئەو لافاوانەی لەپڕ بێدار دەبنەوە و هەموو شتەکانی بەردەمیان لەگەڵ خۆیاندا ڕادەماڵن. ئەمانە جگە لە دوا بەشی ڕۆمانێکی نزیک لە یادەوەریمانەوە زیاتر، کە خەیاڵی سروشت دایڕشتووە، شتێکی تر نییە. ئەندێشەیەکە خەیاڵگەی مرۆیی نووسەران و داهێنەران ناتوانن پشتی بە زەوییدا بدەن.

لێ تەنیا سروشت فەنتازی نییە. کارەیلێک هەن خەڵکانێک بە خۆیان ئەنجامی دەدەن، وا دەکەن خەیاڵگەی هەر نووسەرێکی فەنتازی لێڵ بنوێنێت. دیمەنی ئەشکەنجەدانی زیندانەکانی گرتگەی ئەبو غرێب. دیمەنی سەربڕینی ڕفێنراوان بەدەستی گرووپە چەکدارەکانی عێراق. دیمەنی ئەو سەربازە بەریتانییەی بە گڕگرتوویی لە تانکەکەوە خۆی دەهاوێژێت.





ئایا ئەوەتان خوێندۆتەوە، کە پیاوێک چی بەژنەکەی دەکات، هەینێ لەگەڵ پیاوێکی نەناسیاودا قسە دەکات؟ لێوەکانی لە بنەوە بڕین و لووتیشی هەڵکێشا. داخۆ لەیادمانە عیدی ئەمینی دیکتاتۆری ئۆگەندا چی بە نەیارەکانی دەکرد؟ نووسراوە، گۆشتی دەخواردن.

ئەی میلۆسۆڤیچی دیکتاتۆری سربیا چی بە خەڵکی بۆسنە و هێرسک نەکرد؟ ئەی سەدام حوسێن لە هەڵمەتەکانی ئەنفالدا چی بە کوردەکان نەکرد؟ ئەی عودەی کوڕی، دوو لاوی لە قەفەسێکی ئاسنیندا لەگەڵ کۆمەڵە شێرێکدا جێهێشتن.

ئەی ستالین چی بەسەر بۆخارین و کامنییێڤ و زینۆفییفدا هێنان؟ چۆنیش لیۆن ترۆتسکیی تیرۆر کرد؟ لە دوورخراوگە مەکسیکییەکەی بە باڵتەیەک سەرکی کردە دوو لەتەوە. ئەی هیتلەر چی نەکرد؟ ئەی فەرەجولڵا حلو چۆن کوژرا؟ بە تواندنەوەی لە ناو تێزابدا.

ڕەفتاری دیکتاتۆران زۆر باڵاترە لە توانای خەیاڵگە. نووسراوە، لە کۆریای باکووردا کیم ئیل سۆنگ دوژمنەکانی لە قیمە دەدات. لە ژێرزەمینەکەشیدا پتر لە دە هەزار شووشە شەرابی گرانبەها هەن، لەو جۆرەی کارگەکانی شەرابی ئیتالیا و ئیسپانیا و فەرەنسا بەرهەمیان دەهێنن، لە کاتێکدا منداڵان لەوێ لەبرساندا بەلادا دێن.

نووسەرانی ئەمریکای لاتین هەر زوو تێبینیی سەیر و سەمەرەیی و بەربادیی ڕەوشت و ئاکاری ستەمکارانیان کرد.

ئەو واقعە نامۆیەی ئەمریکای لاتین بووە ئەگەری هەڵقوڵانی ڕیالیزیمی ئەفسووناوی.

ماركيز باس لەوە دەكات، کۆمەڵێک لەوانەی بڕوایان بە پزیشکیی میتافیزیکی هەیە، بە سەرۆکایەتیی ئەلڤارۆ نوونیزا کابیزا لە کانییەک دەگەڕان لاوێتیی هەمیشەیی بەوانە ببەخشێت، کە لە ئاوەکەی دەنۆشن. ئەو کۆمەڵەیە بۆ ماوەی هەشت ساڵی ڕەبەق لە ناوچە بیابانییەکانی خوارووی ئەمریکا و مەکسیکدا بە دوای ئەو کانییەوە وێڵ بوون. گەڕانەکەیان کۆتایی نەهات، تاکو ڕێیان ونکرد و بزر بوون، ئیدی وایان لێهات لە برسێتیدا کەوتنە خواردنی یەکتر. لەو کۆمەڵە ٦٠٠ کەسییە تەنها پێنجیان مانەوە.

گۆنزۆلۆ بیسارۆ بڕوای وابوو دۆشاوێک هەیە دەتوانێت سەری ئەو سەربازانەی لە شەڕدا دەپەڕێن، بە شانیانەوە بنووسێنێتەوە.

مارکیز دەڵێت، یەکێک لەو ئاریشە سەرەکییانەی ڕووبەڕووی خوێنەری ئەمریکای لاتین دەبێتەوە، لە تێگەیشتنی مانای وشەکاندا خۆی حەشار داوە. هەینێ ناوی ڕووبارێکی درێژ دەهێنرێت، خوێنەری ئەوروپی (بۆ نموونە) ناتوانێت وێنای ڕووبارێکی درێژتر لە ڕووباری دانووبی (٢٧٠٠ کم) بکات. لە کاتێکدا درێژترین ڕووباری ئەمازۆن لە ٥٥٠٠ کم تێدەپەڕێنێت، پانییەکەشی لە هەندێک شوێندا ڕووبەرێکی گەورەتر لە دەریای بەڵتیق دروست دەکات. کاتێکیش وشەی لافاو دێتە گۆڕێ، ئەندێشەی ئاسایی بۆ بارانێکی بەلێزمە و سەرما و بروسک دەچێت، کە جگە لە چەند کاژێرێکی دیارکراو بڕ ناکات. لە دەڤەرەکانی ئەندیز بارانێک باری تا پێنج مانگ نەوەستایەوە. هەورە تریشقەکان وا تێکچڕژابوون ئاگر و ئاویان تێکەڵ دەکردن و لە چیاکانیشەوە گرمەی وا دەهات، مرۆڤ وایدەزانی کۆتایی جیهانە.

مارکیز دەڵێت: ڕەنگە گەورەترین شتێک لە ژیانمدا کردبێتم، ئەوە بێت توانیبێتم ڕووداوەکان بە شێوەیەکی ئەدەبی بنووسمەوە، لێ گشت ئەوانەی لە ڕۆمانەکانمدا هاتوون لە واقعەوە وەرگیراون نەک لە خەیاڵمەوە.

ڕۆمان هیچ شتێک دروست ناکات. تەنیا واقع بەرجەستە دەکات. پەردە

لـە ڕووی شـاراوەکان هەڵدەداتـەوە. لـە «سـەد سـاڵ دوورەپەرێـزی»دا چەندین بڕگەی تێدا هاتـوون بـاس لـە هاتنـە دنیـای کۆرپەیـەک دەکـەن کلکی بـەرازی هەیـە.

مارکیـز دەڵێـت: وادەهاتـە بەرچـاوم ئـەم کارە لـە خەیـاڵ لادانـە، کەچـی کەمتـر ماقووڵتـر بـوو لـە واقـع. بـەڵام دوای دەرچوونـی ڕۆمانەکـە کەسـانێک پێوەندییـان پێـوە کـردم، جەختیـان لەسـەر ئـەوە کـردەوە کەسـانێک هـەن لـە ناوچـەی برانکۆنیـلا کلکی بەرازیـان پێوەیـە. گەنجێکیـش وێنەیەکـی خـۆی نـارد تێیـدا دیـارە کلکـی بـەرازی پێوەیـە.

کـوڕە گەنجەکـە دەڵێـت: بـەر لـە خوێندنـەوەی ڕۆمانەکـە تێکـەڵ بـە خەڵـک نەدەبـووم و زۆرم شـەرم دەکرد. کەچی ئێستا شتەکەم بەلاوە ئاسـاییيە.

زەحمەتتریـن شـت ڕووبـەڕووی مارکیـز بووبێتـەوە ڕۆمانـی «پاییـزی پەتریرک» بـوو. ئـەوی بەردەسـتی کەوتبـوو خوێندبوویـەوە، لـەو تێکسـتانەی بـاس لـە ژیـان و کارەکانـی سـتەمکارانی ئەمریکای لاتینـی دەکـەن، بـە تایبەتـی لـە دەڤەرێـن کاریبـی.

پاشـان دەرکـەوت ڕەفتـاری زۆریـان لـەو سـنوورە بـەدەرە، کـە خەیاڵـی مـرۆڤ پێـی بـگات. دوڤالێـی دیکتاتـۆری هاییتـی بڕیـاری دا زۆر بەتونـدی و دڵڕەقانـە ئەشـکەنجەی یەکێـک لـە بەرهەڵسـتکارەکانی بدرێـت، تـا ئـەو بەرهەڵسـتکارە وایلێهـات بـووە بوونەوەرێـک لـە سـەگی ڕەش دەچـوو، پاشـان بڕیارێکی دەرکـرد بـە لەناودانی هەمـوو سـەگە ڕەشـەکانی هاییتـی.

یەکێـک لـە دیکتاتۆرەکانـی هنـدۆراس فەرمانـی بـە دروسـتکردنی قەفەسـێکی زەبـەلاح دا لـە دوو بەشـی کـراوە بەسـەر یەکدیـدا پێکهاتبێـت. بەشـێکی بریتـی بێـت لـە ئاژەڵـی دڕنـدە، بەشـەکەی تریشـی نەیارانـی ڕێژیمەکـەی بگرێتـە خـۆ.

دەبێـت دانـی پێـدا بنێیـن، مارکیـز دەڵێـت، خەیاڵـی واقـع زۆر کارامەتـر و بەپیتتـرە لـە خەیاڵـی ئێمـەی نووسـەر. باشـترین شـت لـە ئێسـتادا بیکەیـن و بـە دەسـتکەوتێکی مەزنـی دابنێیـن، ئەوەیـە جـار جـار بتوانیـن هەندێـک لـە واقـع بگوازینـەوە سـەر کاغـەز.

**سەرچاوە:**

الحیاە – ٢٠٠٥/١٢/١٣

# هێڵ و گونجاندنی هێزی خود لە ئەزموونی سەباح ڕەنجدەردا



هەواڵنامەی کتێب

بڵند باجەلان

**سەرەتا:**

هەمیشە گەیشتن بە فەزای ئەو وشانەی لە ڕۆحەوە دەردەچن، پێویستی بە مەعریفە هەیە، خۆ ئەگەر قسە لەبارەی (فەزای شیعری)یەوە بکەین، ئەوا لەپاڵ ئەو مەعریفەیە، پێویستیمان بە دروستکردنی دنیایەک هەیە، بانگمان دەکا بۆ خۆشەویستی و بەرائەت و ترازان لە کینە و تارمایی.

ئەرکی ڕەخنەگر بریتی نییە لە دابەشکردنی دەق بەسەر دوو بەرەی دەقی (باش) و (خراپ)، بەڵکو گەیشتنە بەو فەزایەی، ڕۆح تیایدا سەنتەرە و ئاگادار کردنەوەی خوێنەریشە لەو تەگەرە دەستکردانەی، زۆرجار (جەهلی

ئەدەبی)، کە بەرهەمی (کینەی ئایدۆلۆژی و فیکری و دەروونی)، لە پشتیەوەیەتی.

بۆ گەیشتن بەو ڕۆحە شیعرییە، کار دەکەین بۆ کەشفکردنی چەند کۆدی شاراوەی نێو دنیای مەودا فراوانی شیعری (سەباح ڕەنجدەر)، چونکە وا دەبینین توانیویەتی، خوێنەر بخاتە نێو بازنەی ئەو بیرکردنەوانەی، هەمیشە پێویستییان بە دووبارە بوونەوە هەیە.


سەباح ڕەنجدەر

شیعر دنیایەکە سەربەخۆ. سەربەخۆیی دنیای شیعر سنووردارە، شیعر سەربەخۆییەکی سنووردار، سەربەخۆیە. ئەوەی سنووری سەربەخۆیی شیعر دیاری دەکا , فیکرە. ئەوە فیکرە وا دەکا شیعر سەربەخۆ بێت , وەلێ فیکر خۆشی دیارخەری سنوورە، کەواتە: فیکر سەربەخۆییەکی سنووردار دەبەخشێ بەو دنیایەی ناوی شیعرە. سنوورەکانی شیعر، کە فیکر دیاری کردوون , پێویستین. لەودیو ئەو سنوورە سروشتییانەی شیعردا ژانرە ئەدەبییەکانی تر بوونیان هەیە. سنووردارکردنی سەربەخۆیی شیعر دواجار بەخشینی سەربەخۆییەکی تەواوە بە شیعر. ئەو کاتەی قسە دێتە سەر (شیعری جوان).

بۆ نووسینی شیعرێکی جوان , بوونی ئەو سنوورە جوانانە پێویستین , چونکە جوانییەکی فیکری دەبەخشن بە شیعر، ئەگەر ئەو سنوورانە گوزارشتێکی ڕووت بن لە خودی فیکر , کەواتە: دەرکەوت شیعر پێویستی بە فیکرە، فیکریش پێویستی بە شیعرە , لە کاتێکدا فیکر و شیعر دەکەونە نێو یەک بازنەی خودییەوە , واتە: ئەگەر شیعر بازنەیەکی هەبێت , یەکێک لە ئەندامانی ئەو بازنەیە فیکرە ,

بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر فیکر بازنەیەکی سروشتی هەبێت , ئەوا شیعر کەلێنێک لەو بازنەیەدا پڕ دەکاتەوە.

شیعرییەت چڕ بوونەوەی حاڵەتێکی واقیعی و زانستی نیە، قسەکردن لەبارەی خۆ گرێدانە بە گوریسی نەگەیشتنەوە. شیعرییەت لای هەندێ شاعیر، بە وێنە و ڕایەڵێکی فیکری و مەعریفی، خۆی نەخستۆتە ڕوو، وەکو هاوکێشەیەکی تەموومژاوی لە چەندین شوێن بەیان نەبووە، شیعرییەتێکە دەکرێ ببینرێ، بەڵام ناکرێ بکرێتە میکانیزمی بەگەڕخستنەوەی ڕەخنە.

لێدوان لە شیعرییەت لە سیاقێکی ڕەخنەیی وشکدا، ڕشتنی خوێنی شیعرە (poem) و نووسینەوەی نەهامەتییەکانە بە خوێنی ئەدەب، ئێمە تەنیا قسە لەبارەی جۆری شیعرییەت دەکەین. (ڕۆلان بارت) لە کتێبی (ئەفسانەناسیدا- fable logy) ڕەخنە لە ڕەخنەگرەکان دەگرێت لەسەر ئەوەی پێیان وایە: دەقێک، کە ئەوان تێی نەگەن؛ خوێنەریش تێی ناگا. گرژی ڕەخنەگرە کۆنەکان گەیشتە ئاستێک، کە دەقەکانی (بارت) بە بێبەها و بێسەلیقە لە قەڵەم بدەن، دواجار (بارت ) وەڵامی بەشێک لە ڕەخنەگرە کۆنەکانی دایەوە لە کتێبی (ڕەخنە و حەقیقەت)دا.

پێناسەکان بۆ ڕەخنە جیاوازن. (کریتیک) لای (شێکسپیر) بە واتای تێپەڕاندنی سنوورە ئەخلاقییەکانە. ئەخلاق لێکدانەوەیەکی تایبەتی هەیە لای (شێکسپیر)، کە لە دەقەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. (هاملێت) و (ماکبێس) گوزارشت لە فۆرمێک لە ئەخلاق دەکەن بە جیاوازییەکانی نێوانیانەوە. گرنگە ڕەخنەگرەکان گوێ بە بۆچوونی جیاواز بدەن و کار بۆ بەتەختەبوون و بەبەفربوونی عەقڵ نەکەن.

لای (کانت)ی فەیلەسووفی مۆدێرنە، ڕەخنە، واتە: فۆرمێک لە دادوەری، (هیگل)یش ڕەخنەی بەو واتایەی (کانت) قەبووڵ کردووە و لە (ئۆدیسەی ڕۆح)دا بەکاری هێناوە.

جوانترین دەق ئەو دەقەیە، زۆرترین ڕەخنە هەڵدەگرێ و زۆرترین بەیەکداکەوتن و جەنگی ناوخۆیی

هەولێرنامەی کورد

لــە نێــوان وشــەکانیدا ڕوودەدا. وەکــو پێویســتییەک و ئەلتەرناتیڤێــک بــۆ ستایشــکردن، ڕەخنــەم گرتــووە.
دووپاتکردنــەوەی ڕوانگــە نەریتییەکانــی دڕدۆنگــی توندڕەوانــە و پابەندبــوون بــەو واقیعــەی لــە وەهــم و ئەندێشــە ڕووتەکانــەوە نزیکــە، تاریکســتانی فیکــر بەرهەمیەتــی. ڕەخنەگرتــن لــە پــاڵ ئــەوەی کردەیەکــی درێژکــراوە و درێژخایەنــی مەعریفییــە، دروشــم و ســیمبولە و لــە پەناگــەی ئەدەبیــی و فیکریــدا، خۆمــان (منــی نووســەر ) و دەقەکانمــان (دەقــی نووســراو )ی پــێ دەناســینەوە.
کەســانێک ئــەو میتۆدەیــان بــە دڵ نییــە، ئــەم وتەیــە دووبــارە دەکەنــەوە: (شــیعر هەمــوو کەســێک پێــی دەوێــرێ)، ئــەم وتەیــە زادەی نەبوونــی ڕۆشــنبیرییەکی فیکــری و شــیعرییە و دابڕانــە لــە ڕۆشــنبیریی ئێســتای ڕۆژئــاوا و ڕۆژهــەڵات، ئەگــەر لەســەر کۆمەڵێــک بنەمــای شــیعری (نــەک پێــوەری شــیعری) ڕێککەوتیــن، کــە شــیعرەکانمانی لەســەر هەڵبســەنگێنین، ئــەوا چیتــر شــیعر بێدەســەڵات نییــە، تەنیــا شــاعیرەکان دەتوانــن بینووســن، شــاعیریش ئــەو کەســەیە، کــە شــیعر دەنووســێ، شــیعریش، واتــە: شــیعرییەت و شــتی تــر.
ئــەوەی گرنگــە بــۆ لێکۆڵــەر هەڵســەنگاندنی بابــەت نییــە بــەو جــۆرەی خــۆی دەیبینــێ، بەڵکــو بینینــی بابەتەکەیــە بــەو جــۆرەی هەیــە، ئــەو کــردارەش کامــڵ نابێــت تــا بــە چــاوی وشــەی نێــو دەقەکانــەوە ســەیری دەقــەکان خۆیــان نەکەیــن.
ئــەوەی دەبێتــە ســەنتەر، وشــەگەلی نێــو تێکســتە، دواجــار یەکگرتنــی وشــەکان ڕســتەگەلی لــێ دەکەوێتــەوە: (هەڵبــەت مامەڵــەی لێکۆڵــەر لەگــەڵ وشــە و ڕســتە، دوو مامەڵــەی جیــاوازە). دەرەنجامــی یەکگرتنــی ڕســتەکان، هاتنــە کایــەی تێکســتە بــە ژانــرە جیاوازەکانیــەوە. هەمــوو تێکســتێک ڕووبەڕووی چەند ڕێگایەکی بێکۆتایــی دەبێتــەوە، لــە دیارترینــی ئــەو ڕێگایانــەش، لێکۆڵینەوەیــە وەکــو ڕێگایــەک بــۆ گەڕانــەوە بــۆ نــاخ و دڵــی دەق: (لێرەدا لێکۆڵینەوەمــان بە ڕێگا چوواند، ئەگینا خــودی لێکۆڵینــەوەش تێکســتە).

**پاژی یەکەم: خود چییە؟**

قسەکردن لەبارەی چەند بابەتێک بەیەکەوە، پێویستی بە جۆرێک لە پۆلێنکردن هەیە، یانی ناکرێ ئێمە قسە لەبارەی بابەتی ئەخلاق بکەین، ئەگەر قسەمان نەکردبێ لەبارەی خود، بەڵام بۆ قسەکردن لەبارەی خود، پێویستیمان بە گەڕانەوە نییە بۆ ئەخلاق، چونکە خود دەروازەی ئەخلاقە نەک بە پێچەوانەوە.


بۆیە من وەکو نووسەری ئەم بابەتە، ڕێگا بە خۆم دەدەم ڕاستەوخۆ و بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەخلاق، قسە لەبارەی خودی مرۆڤ بکەم، بەڵام دواجار ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە ئەو مرۆڤانەی باسیان دەکەین بکەونە دەرەوەی ئەخلاقەوە، بابەتەکە پەیوەستە بە پێویستی قسەکردن و ئەوەی، کە من دەبێت چی بڵێم و دەبێت چی نەڵێم.

بۆ قسەکردن لەبارەی خود، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک دەرگای جیاواز دەبینەوە، هەندێ لە دەرگاکان کراوەن، هەندێکی تریان داخراون و هەندێکی تریان شکاون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەلتووری جیاواز و وێنا جیاوازەکانی خود و شێواز و میتۆدە جیاوازەکانی قسەکردن لەبارەی خود.

مەبەست لە خود، کەسی یەکەمی قسەکەرە، واتە: منی بینراو، کە دەمەوێ حەقیقەتی کەسیی خۆم و حەقیقەتی شتەکانی دەوروبەرم بخەمە ڕوو، ئەو مەودایەی لە نێوان خود و دەوروبەر هەیە، بەستراوەتەوە بە زەمەنەوە، ئەوە زەمەنە مەودای نێوان خود و ئەویتر دیاری دەکا.

خودێک هەیە لەناو خودی ئێمەدا، ئەو خودە چون منداڵێکی ساوایە، وەلێ زۆر جوان بیردەکاتەوە و توانای بیرکردنەوەی بەرزە، ئەو باسەش گفتوگۆ هەڵدەگرێ، کە ئایا ئەو منداڵە ساوایە خودە ڕاستەقینەکەیە یانی ئەو خودەی فەیلەسووفان بە خودی حەقیقی ناودێری دەکەن , یان خودی هەڵگری ئەو منداڵە ساوایە خودە حەقیقییەکەیە؟ بە لێکدانەوەیەکی ئاسانتر: ئایا مرۆڤەکەی ناومان خودی حەقیقییە، یان خودی خۆمان؟

ئەوەی ناسنامەی کەسێک دیاری دەکا، وای لێ دەکا بیناسینەوە، دواتر مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و پەنجەی لە




ئاستدا شل بکەین، چۆنیەتی بینین و تێبینیکردنی خودە جەوهەرییەکەیە، ئەمەش دوو وەسفی گشتی و تایبەتی لەخۆ دەگرێ، هەڵگری هەردوو وەسفەکەیە، وەکو دوو وەسفی جیاواز، ئەگەر ڕوونکردنەوەیەک بدەین لەو ئاستەدا، ئەوا دەکرێ بڵێین: مەبەست لە وەسفی تایبەتی، خاسیەتەکانی کەسەکەیە، ناسنامەی خودیش عەقڵ و ژیری خودە، واتە: عەقڵ و ژیری ناسنامەی خود دیاری دەکەن و بەرپرسیارن لەو ناسنامەیە.

ئێمە هەریەکەمان هەست بە خودی تاک دەکەین، هەست بەوە دەکەین ئەوەی لە بەرانبەرمانە شتێکە، کە دەکرێ لە وشەیەکدا چڕی بکەینەوە، ئەویش وشەی (تاک) ە، دەشکرێ بڵێین: خودێک، کە جێگای گومان نییە. دڵنیاین لەوەی لەسەر ئەرزی واقیعدا بوونی هەیە، توانای هاموشۆ و خواردن و خەوتن و خوێندنەوە و دواتریش داهێنانی هەیە، خودێکی بیرکەرەوەیە، بەو مانایەی توانای بیرکردنەوەی هەیە، ئاگایە بە بوونی خۆی و لە بوونی خۆی دڵنیابۆتەوە، هیچ چەندوچوون و گومانێکی نییە لە بوونی خۆی (تیۆرییەکی دیکارت لە فەلسەفەی مۆدێرندا هەیە جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکاتەوە).

کەواتە: ئەو کاتەی مرۆڤ شوێنی نەفسی دەکەوێت، نەفسی دەبێتە

خودە ڕاستەقینەکە و ئیتر ئەو کەسە بەگوێرەی بڕیارەکانی نەفسی جووڵە دەکا، نەفسی داوای چی لێ بکا ئەوە دەکا، دەست لە هەڵە ناپارێزێ، خراپە دەکا و گوێش بەوە نادا، کە دەرەنجامی هەڵەکانی بەرەو کوێی دەبەن , تا ئەو کاتەی , بڕیار لەسەر خۆی دەدا بەوەی تەسلیمی نەفسی دەبێت، ئیتر بەگوێرەی بڕیارەکانی نەفسی دەجووڵێتەوە، دەبێتە کۆیلەی نەفسی.

ئەگەر بڕیار بێت خود کۆی هۆشیاری نەبێت وەک ئەوەی (جۆن لۆک) دەڵێ: ئەوا خود بەشێکە لە عەقڵ، خود ئەو بەشەی عەقڵە , هەڵگری ڕابردووە، لای (جۆن لۆک) ئەمە گوزارشتە لەوەی، کە ئێمە هەمان کەسین لە پەنای گۆڕانە ڕادیکاڵییەکاندا. لای (کیرکگارد)، خود یەکسانە بە سۆز و لای (نیتشە) خود (ئیرادە)یە. دەشکرێ خود بیرکردنەوەی عەقڵانی بێت.

لێرەدا پرسیار دەکەین: (ئایا ئێمە جگە لە ناسینی خۆمان، توانای ناسینی ئەوانی تریشمان هەیە؟) ئەگەر قسەکردن لەبارەی هەر یەکێک لە ئێمە قسەکردنێکی ڕووت بێت لەبارەی هۆشیارییمان و قسەکردن لەبارەی هۆشیاری قسەکردن بێت لەبارەی ئێمە، لەو ئاستەدا چۆنچۆنی دەتوانین بگەین بە خودەکانی دەرەوەی خودی خۆمان؟

(سارتەر) پێی وابوو خود بەردەوام لە داهاتوودا دانیشتووە، ئێمە دەمانەوێ خۆمان بکەین بە شتێک. ئەو تیۆرییانەی لە فەلسەفەدا پێیان وایە: خود بوونی هەیە، لای سارتەر بێکەڵکن، چونکە سارتەر پێیوایە: خودی ڕەسەن شتێکە بنیاتدەنرێ، شتێک نییە بدۆزرێتەوە، سارتەر ئەو تیۆرییانە بە بەدئیمانی ناودەبا.

**پاژی دووەم: خنکان لەنێو دنیای جوانیدا:**

خنکان هەر بە تەنیا وێستگەی گەیشتن نییە بە مردن، بەڵکو زۆر جار گوزارشتە لە قووڵترین خاڵی بیرکردنەوە، کە لەڕێگایەوە دەگەین بە حەقیقەتی زیاتر، کەواتە: جۆرێک لە خنکان هەیە، لە دەرەنجامی گەڕان بەدوای حەقیقەتەوە پێیدەگەین. **(ئاوەدانی ڕەگم**

**ڕەگ دەمگەیەنێ بە لێهەڵبووم**
**لێهەڵبووم بۆم دەڕوانێ**
**لێوی پەڕیوم بە گوڵمی خۆم وەدەنێم**
**پرچی پەرتی منداڵیم هێشووی**
**سێبووری گرتووە**
**دێم و کۆت و بەندی کات و ناکات**
**دەکەمەوە)**

دیوان: بەرگی یەکەم، ل: ٩.

لەم کۆپلە شیعرەدا، شاعیر مرۆڤ پەیوەست دەکا بە ڕەگەوە، ئەمەش بەخشەری هێزە بەو مرۆڤەی، ویستی گەیشتنی هەیە بە وزەی درێژەدان بە ژیان. دیسانەوە گەڕانەوە بۆ منداڵی، پشت بەست بە ئاوەدانیی ئەو ڕەگەی شاعیر تێبینی دەکا، سێبووری بۆ ئێستای شاعیر دەهێنن، دەرەنجام منداڵیی شاعیر پڕ دەبێت لە دەنکە ترێ و دڵۆپە فرمێسک، کە تامی بزە دەدەن، سەرەنجامی ئەو سەفەرەش، کرانەوەی ئەو کۆتە هەمیشەییانەیە، کەسێک لە زەمەنێکی شیندا دەیانخاتە گەردەنمانەوە.

زەمەن کاتێ شین دەبێت، هەموو شتێکی نێو زەمەن هەر شینە، پرتەقاڵەکان شینن و پەنجەرەکانیش هەر شین، دەرگاکان شینن و فرمێسکەکانیش هەر شین، بۆیە بۆ ڕزگار بوون لەو (شینستانە)، پێویستە بەردەوام ئێستامان گەڕانەوە بێت بۆ منداڵی، چونکە ئەو دنیا پەمەییەی لەنێو خەیاڵی زۆرێکمان بوونی هەیە، مەگەر هەر لە باخچە سەوزەکانی ئەوێدا پێی بگەین، ئەگینا بیابانی شینی (گەورەبوون)، هەرگیز نابێتە مەملەکەتی خەیاڵە پەمەییەکان.

وەکو گوتمان، شاعیر تێبینی ئەو ڕەگە پتەوە دەکا، کە هێزی ئەوە، هێزی خۆشویستنی وشە و نیشتمان و خودا، هێزی بەرگەگرتن بەرانبەر ئازار و سەراب و ناڕەحەتی، کە ئەمەش دیدگای (نیتشە)یە، کاتێ پێی وابوو، ئازار مرۆڤ بەهێز دەکا و دژی بۆچوونی (شۆپنهاوەر) بوو، کە وجودی ئازاری وەکو پێویستییەک قەبووڵ نەبوو، بەڵکو ئەو پێی وابوو، کە بەزەیی تۆ بەرانبەر بە من، تەنیا بۆ ئەوەیە، ترسی ئەو ئازارەی تووشی من بووە، لە خۆت دوور بخەیتەوە.

**پـاژی سـێیەم: گەڕانـەوە بـۆ سروشـت و ترسـان لـە سروشت**

ئـەو سـاتەی، مـرۆڤ لەنێو سروشـتدا، سروشـتێکی بـەد نمایـش دەکا، ئـەوا بەرانبـەر تووشـی ئازارگەلێـک دەکا، وەکـو ئازارەکانـی نێـو سروشـت دەردەکـەون، کەچـی لەنێـو وێنـا ڕاسـتەقینەکەی ئـەو نمایشـە، دەزانیـن، کـە ئـازارەکان هیـچ نیـن جگە لـە ئازاری مرۆڤـە بـەدەکان کـە دەمانسـووتێنن.

**(سروشت هەموو شتێکت ترساندووە**
**لرفەی ئاگرت**
**بڵندایی چیات**
**گەفی ڕووبارت**
**دەشتایی ڕووتت**
**پەنجەم لە چاوەڕوانییەکی دوانەهاتوو**
**یان گیان پێنەماو**
**بەناویەکدا دەشکێنمەوە)**

دیوان: بەرگی یەکەم، ل: ٥-٦.

ترسـان لـە سروشـت، ترسـانە لـەو دیـوە بینـراوەی، کـە مـردن بـەدوای خۆیـدا دەهێنـێ، بـەڵام لـە شـیعرەکەدا هیـچ ئاماژەیـەک بـۆ ترسـان لـە مـردن بوونـی نییـە، تەنیـا ترسـان لـە ڕێگاکانـی گەیشـتن بـە مـردن هەسـتی پـێ دەکـرێ، بۆیـە شـاعیر وەکـو کارەکتەرێکـی بوێـر باسـی ئـازاری ئـەو سروشـتە دەکا، بوێرییـەک، کـە لـە ترسـان لـە ئاگـر و چیـا و ڕووبـار و دەشـتاییدا بـە کۆتـا دەگات، ترسـانێک، کـە چاوەڕوانییەکـی دوانەهاتـوو، یـان گیـان پـێ نەمـاو بـەدوای خۆیـدا دەهێنـێ.

مـرۆڤ لـە ئەسـتانەی گەیشـتن بـە مـردن، لەوەیـە بیـر لـە ڕێگاکانـی گەیشـتن بـەو مردنـە بکاتـەوە، وەک چـۆن باڵندەیـەک دەفـڕێ و دەشـزانێ فڕینـی ئـەو لەوەیـە مردنـی ئـەو بێـت، لەوەیـە لـە میانـەی ئـەو فڕینەیـدا، ببێـت بـە قوربانیـی فیشـەکێک، یـان ساچمەیەک، یـان دارلاسـتیکێک، بـەڵام هێشـتا ئـەو ترسـانە لـە فڕین پاشـگەزی ناکاتـەوە و بەردەوامـە لـە فڕیـن بـەرەو مەملەکەتـی ئـەو حەقیقەتـەی، بێکۆتایـە.

(سـارتەر) لـە شـانۆنامەی (دەرگای داخـراو)دا، لەسـەر زاری کارەکتەرێکـەوە دەڵێـت: (نەخێـر لـە دۆزەخـدا پێویسـتیمان بـە گـوڕزی ئاگریـن نییـە، دۆزەخ هـەر ئەمانـەی دەوروبەرمانـن). نارەحەتیـی نائاسـایی (سـارتەر)، بەشـێکی پەیوەسـتبووە بـە شـێوەی

هەواڵنامەی کتێب

(سارتەر) خۆیەوە، کە خاوەنی دوو چاوی کز بووە و مامەڵەی ئەوانی تر لەگەڵیدا لە منداڵییەوە نائاسایی بووە، دواجار (سارتەر) نیگای ئەوانی تر بە ڕق و کینەوە ڕوون دەکاتەوە، بۆیە ژیان لەگەڵ ئەوانی تر لای ئەو فەیلەسووفە، دۆزەخێکە بۆ خۆی، چونکە هەست بەو ئازارە دەکا، کە لە مرۆڤەکانەوە پێماندەگەن.

**پاژی چوارەم: لە ئەزموونی مردنەوە بۆ ئەزموونی گۆڕستان:**

گۆڕستان ئەزموونێکی تازەیە بۆ مرۆڤ بە هەمیشەیی، چونکە بەردەوام مردووی تازە دێنە نێو گۆڕستان، بۆیە ئەو مەملەکەتە بەردەوام خۆی تازە دەکاتەوە، بەردەوام لەسەر حیسابی خوێن و ئێسقان و جەستەی ئێمە، بانگەشە بۆ ڕیفۆرم دەکا.

**(گۆڕستانماڵێکە ئازیزەکانی بانگ**
**دەکاتە ناو خۆی بە مەدالیا ناسراویان**
**دەکا**
**فێری زمانی هەمووموان دەبن**
**لە**
**کتێب و**
**چرا و**
**سرووش و**
**شۆڕش و**
**ئەسپ دەدوێن**
**دارشەخسەکانی لێیان دەبڕدرێ بۆ**
**لانک و**
**بلوێر و**
**گۆپاڵ و**
**پەرژین**
**چۆن و بە چ تامەزرۆییەک دەمخەیتە**
**سەر دووباڵی بەهێزی فڕین**
**ئای فڕین بەرەو کوێم دەبات)**

دیوان: بەرگی یەکەم، ل: ١٩.

شاعیر باسی ونبوونی ئازیزەکان دەکا لەنێو گۆڕستاندا، باسی ئەو لێدوانە دەکا، کە لێدوانە لە کتێب و چرا و شۆڕش و ئەسپ، دواتر (فڕینی نادیار)، کە فڕینە بەرەو دنیایەکی نادیار، خەیاڵی شاعیر داگیر دەکا، فڕینێک لەپاڵ ئازار و ناڕەحەتییەکانی، لەخۆگری تامەزرۆییەکانی گۆڕستانە و وێناگەلی وەکو لانک و بلوێر و گۆپاڵ و پەرژین بەدوای خۆیدا دەهێنێ.

گۆڕستان پێماندەڵێ: شکستی مەزن ئەو شکستەیە , مرۆڤ هەست

بکا لەسەر ڕێگایەکی ڕاستە و هەر ئەو ڕێگایەش سپاردەی دۆزەخی بکا، شەڕ لە پێناوی ئایدیایەک بکا، هەر ئەو ئایدیایەش ببیا بەرەو کەناراوەکانی مردن، شانازی بە مەعریفەیەکەوە بکا، هەر ئەو مەعریفەیە وجود و بیرکردنەوە و عەقڵی لێبسێنێ، کەواتە: لەو ساتەدا ئەو مەعریفەیە هیچ نییە جگە لە جەهلێکی خەست، کە پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێ بۆ گومڕابوونی زیاتر.

مادام ژیان هەر کۆتایی دێت و لە چرکەساتێکدا دەبینەوە بە سفر، کەواتە: ئەوەی دەمێنێتەوە، ڕابردووی ئێمەیە، هەر ئەو ڕابردووە بەرپرسیارە لە داهاتووی ئێمە، خۆشی و ناخۆشی ئێمەی پێوە لکاوە، بەئەندازەی جوان کێشانی تابلۆی ڕابردوومان، باخچەی ئایندەمان فراوانتر دەبێت , ئەو حەقیقەتە شتێکە پێویستی بە سەلماندن نییە، چونکە زمانی حاڵی هەموو مردووەکان ئەوەمان پێ دەڵێن، کە ژیانی دنیا کۆتایی بۆ هەیە، بەڵام وێستگەی جوانکردن و نەخشاندنی ژیانی حەقیقییە، هەر ئەو چرکەساتەی سپاردەی خاکمان دەکەن، تێ دەگەین ئازاردانی ئەوانی تر، چ کارەساتێکی مەزن بوو، وەلێ تازە درەنگە بۆ هەموو شتێک.

**کۆتایی:**

شاعیر بەردەوام لەم بەرهەمەیدا، کە (زێوان)ە. پێماندەڵێ: پێویستە بە قووڵی لە دنیا بڕوانین و مامەڵەیەکی قووڵتر لەگەڵ ڕووداوەکان بکەین، وەلێ ئەو مامەڵەیە، هیچ لە حەقیقەتی پووچێتی دنیا کەم ناکاتەوە.

**سەرچاوە:**

١- دیوانی سەباح ڕەنجدەر، بەرگی یەکەم، ٢٠١٨، هەولێر.
٢- ژیان بێمانایە؟، بڵند باجەلان، ٢٠٢٣، هەولێر.
٣- سەفەر بەرەو منالّی بە کەشتیی گەورەبوون، بڵند باجەلان، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ٢٠٢٢.
٤- زەینەب خان لەنێو دنیای چەمکە جیاوازەکاندا، بڵند باجەلان، هەولێر.

هەمووانامەی کتێب

# مێژووی ئەدەبی دژە شەڕ

جیرۆد لابێر
لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن

ماریۆ ڤارگاس یۆسا، ڕۆماننوسی پیرۆیی لە وتاری وەرگرتنی خەڵاتی ئەدەبی نۆبڵ لە ساڵی٢٠١٠، تاریفی توانای بەکلتوریکردنی چیرۆکی کرد. لەئەنجامی چیرۆکگێڕانەوەدا، «لەوکاتەوە شارستانیەتی ئەمرۆ کەمتر زاڵمانە و بێبەزەییە، کە چیرۆکنووسان بەچیرۆکەکانیان ڕەنگوبۆی مرۆڤایەتییان بە ژیانداوە. ئەگەر کتێبە باشەکانی خوێندومانەوە نەبوایە، لەخۆمان خراپتردەبووین، واتە لەجیاتی ئەوەی بوونەوەرێکی یاخی و نائارام بین، زیاتر لەگەڵ جەماوەردا هەڵماندەکرد، گوێڕایەڵ دەبووین و هیچ شوێنەواری ڕۆحی ڕەخنەگرانەی هێزی بزوێنەری پێشکەوتنمان تێدانەدەبوو.» شارەزایانی تری ئەو بوارە، ئەم لێدوانە

بەڕووکەش توندڕەوانە بۆ سروشتی فریادڕەسی ئەدەب و چڕبوونەوەی تاکی مرۆڤیان پشتڕاستکردۆتەوە. ڕەنگە ئەستەمبێت نووسەرێکی دژبەریت دەستبکەوێت. ئەمە ڕاستە یان نا، بابەتێکی ئەزموونییە و بۆچوونەکان دەربارەی جیاوازن.

ڕەنگە لیبرالیزمی وتارەکەی ڤارگاس یۆسا، بەگشتی لەناو نووسەرانی چیرۆک و ڕۆماندا هەبێت، بەڵام مێژووی نوێ وەها دیالۆگەکانی ڕێکخستووە، پێدەچێت لێدوانی نوێی ئاشکرامان بۆ دژایەتیکردنی جەنگ نەبێت. بێگومان زۆرێک لە نووسەرانی هاوچەرخ (زۆربەیان نا) لایەنگری جەنگ نین، بەڵام دژایەتییان بۆ میلیتاریزم ئەوەندەی دژایەتی هەندێک لەڕابردوانیان بەهێز و بنەڕەتی نییە، کە لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دیارتر بوون.

ئێرنست هێمینگوای لە ساڵی١٩٣٥ لە وتارێکی ڕەخنەییدا لە گۆڤاری ئێسکوایر هۆشداری بە ئەمریکادا نەچێتە ئەو شەڕەوە لە ئەورووپا هەڵدەگیرسێت. هێمینگوای لە پەرەگرافی «چەند خاڵێک دەربارەی جەنگی داهاتوو: نامەیەکی لەمەڕ بابەتە گرنگەکانی ڕۆژەڤ» نووسی کە «یەکەم چارەسەر بۆ وڵاتێکی باش بەڕێوەنەچوو، بەرزکردنەوەی نرخی ئاڵوگۆڕ و جەنگە. هەر دوو خۆشگوزەرانی کاتی، هۆکاری کاولکەری هەمیشەیی و لەناوچوونن، بەڵام پەناگەی هەلپەرستانی سیاسی و ئابوورین.» هێمینگوای «سەر بە دوانەوەی» ئەو نووسەرانەیە، جەنگی یەکەمی جیهان و کاولکارییە بێوێنەکەی، کاریگەری بەسەریانەوە زۆربوو. لەکۆمێنتێکدا بیرکردنەوە و هەستەکانی (ڕاندۆڵف بۆرن) مان بیردەخەنەوە نوسی، جەنگەکان «حکومەتانی هێشتەوە و گرەنتی مانەوەی بەدناوەکان بوو». نیگەرانی بەردەوام زیادبوونی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئەمریکا بوو دەڵێت، لەئەنجامی زیادبوونی دەسەڵات «تەنها ئەو چاودێری و کۆنتڕۆڵە ئەگەرییە لەناودەبات هەیە. نابێت هیچ پیاوێک یان گروپێک لە پیاوانی بەخشراو لە شەڕ، هەرگیز ئەو دەسەڵاتەیان هەبێت... ئەم وڵاتە یان هەر وڵاتێک بخەنە شەڕەوە.» هێمینگوای، کە لەوکاتەدا لێدوانەکەی بەجۆرێک کاردانەوەی ڕەخنەگرتنی باو بووە

لـە سیاسـەتی دەرەوەی حکومەتەکـەی ئۆبامـا، نوسـی: «کاتێـک دەسـەڵات بەدەسـەڵاتدارێکی جێبەجێکردن دەدەی، ناتوانـی پێشـبینی بکـەی کـێ لەکاتـی قەیراندا، ئـەم پۆستە داگیر دەکات.»

بەوتـەی هێمینگـوای، «جەنگـە مۆدێرنـەکان براوەیـان نییـە، چونکـە ئەوەنـدە جەنـگ بـەردەوام دەبێـت کـە بەناچـاری هەمـوان دۆڕاون.» ڕەنگـە ئـەم وتەیـە لەڕوانگـەی گوێبیسـتانی ئەمـڕۆوە وڕێنـە بێـت، چ ئێمـە هیـچ شـتێکمان ئەزمـوون نەکردبێـت هەتـا لەکۆمەڵکـوژی بچێت کـە لـە هـەر دوو جەنگـی جیهـان ڕوویـدا، بـەڵام دەبێـت بـۆ هێمینگـوای و هاونەوەکانـی بڵێیـن، جەنگـی یەکەمـی جیهـان بەهێـزی خۆیـەوە بـارە بەسـەر ڕۆح و گیانیانەوە.

جەنگـی دووەمـی جیهـان بـۆ کـۆرت ڤۆنـەگات وەک جەنگـی یەکەمـی جیهـان بـوو بـۆ هێمینگـوای. ڕۆمانـە کلاسـیکییەکەی «سـەربڕینخانەی ژمـارە٥» بـە ئیلهـام وەرگرتـن لـە ئەزموونـی، زیندانـی شـەڕ و بینینـی ئاکامـی بۆردوومانەکانـی درێسـدن لەلایـەن هاوپەیمانەکانـەوە نووسـرا. لـە وتارەکەیـدا «لـە هەمووڵایەکـەوە دەنگـی شـین و ڕۆڕۆ دەبیسـترا» خەمـی ئەوەیەتـی بۆردوومـان «ئـەم گەنجینەیـەی خاپووركـرد، بـە تەقینـەوە بەهێـزەکان وێرانیکـرد و بەبۆمبـە ئاگرینـەکان سـووتاندی» و «ژمارەیەکـی ترسـناک ژن و منـداڵ بـوون... بەزیندوویـی سـوتان، خنـکان و تارومارکـران. پیـاوان، ژنـان، منداڵان کۆمەڵکوژکـران.» ڕۆمانـی «بێشـکەی پشـیلە»، بەرجەسـتەکردنێکە دەڵێـت: «ڕەنگە کە شـەڕەکان بیردەهێنینـەوە، واباشـە خۆمـان ڕووتبکەینـەوە، ڕووخسـارمان شـین بکەیـن، هەمـوو ڕۆژەکـە دەسـتوپێمان بکوتیـن و وەک بـەراز بمرقێنیـن، بێگومـان ئەمـە شایسـتەترە لەوتـاری خۆبەزلـزان و نمایشکردنی ئاڵاو چەکی واتـە واتیـی» جـۆن شـتاینبێک لـە پێشـەکیەکەی بـۆ «کـە شـەڕ هەڵگیرسـا» نووسـی: «جەنگـی داهاتـوو، گـەر هێنـدە گەمژەبیـن ڕێگەبدەیـن هەڵبگیرسـێت، دواشـەڕ دەبێـت بـە هـەر جۆرێکبێـت. کـەس نامێنێتـەوە شـتێک بیربێنێتـەوە. گـەر ئەوەنـدە گەمژەبیـن بهێڵیـن شـەڕێکی دیکـە هەڵبگیرسـێت، لـەڕووی ژینگـەوە، شایسـتەی مانەوەنیـن.»

زۆربـە مـارک تویـن بەگەورەتریـن ڕۆماننوسـی ئەمریکـی دەزانـن،

دژەئیمپریالیستێکی لیبڕاو بوو. توین ئەندامی گرووپی ڕۆشنبیران و بازرگانانی «تێکیرۆڤا» بوو، لەسەرەتای سەدەی٢٠، بەشدارییەکی بەرچاوی لەشەڕی ڕۆشنبیران بۆ وەستاندنی فراوانخوازی ئەمریکا دوای شەڕی ئەمریکا و ئیسپانیا، هەبوو. زاراوەی «تێکیرۆ» بۆ تاریفکردنی پیاوانی خۆشگوزەران، کە قەرزداری حزبە سیاسییەکان نەبوون، بنەما ئەخلاقیەکانیان لە هەمووشتێک زیاتر بەلاوە گرنگ بوو. بەگشتی (بەچەند ڕیزپەڕێک) لیبرالّ نەبوون، بەلاّم پرۆژەی ئیمپریالیستییان بەکالاّی بالاّی پرۆژەی زلتری خودی ئەمریکا دەزانی.

پوختە بەرهەمەکەی توین «نزای شەڕ»، کاردانەوەیەکی بەهێز و گەستەری شەڕی ئەمریکایە لەگەڵ فلیپین. ناوکی سەرەکی چیرۆکەکە، دۆڕاوانێک لە شەڕدا بوونیان هەیە. نەک تەنیا سەربازەکان، بەڵکو خەڵکیش دەمرن و ناژین: «ئەی خودایە، یارمەتیمان بدە سەربازەکانیان بەگولەی تۆپ کوتکوت بکەین و لەخوێنی خۆیاندا بیانگەوزێنین، مەزرا سەوزەکانیان بە جەستەی ڕەنگپەڕیووی نیشتمانپەروەرانی مردوویان داپۆشین، دەنگی هەورەگرمەی تۆپ و تفەنگەکان بەقیژە و هاواری بریندارەکانیان بخنکێنین، کە لەتاو ئازار گرمۆڵەدەبن، بەزریانی ئاگر خانووەکانیان بەسەردا بڕوخێنین، دڵی بێوەژنە بێتاوانەکانیان، بە خەمێکی بێئاکام ئازار بدە، یارمەتیمان بدە منداڵە بچوکەکانیان بێماڵوحاڵ بکەین، تا لە خاکە سوتماک و وێرانەکەیاندا، بێهیچ یار و فریادڕەسێک، ڕووتوڕەجاڵ، برسی و تینو، ئاوارەبن..

سۆزان سۆنتاگ بەدژی وێنەگرتنی جەنگ ناسراوە، وادەکات بێهێز و بێباک بین لەوەی دەبێت ئەزموونێکی شۆککەر و ترسناک بێت، بەلاّم لە لێکۆڵینەوە وردەکانی خاڵەکانی زایەڵەی ڕەخنە دەخاتە ڕوو، دەڵێت «منداڵانی هێروشیما و ناکازاکی وەک گەنجە ئەمریکییەکانی بەڕەگەز ئەفریقی بێتاوانن و (ژمارەیەک ژن)، لەشارۆچکەکانی ئەمریکا سەربڕدراون و بەداراکراون. زیاتر لە سەدهەزار خەڵکی سڤیلی ئەڵمانی ... بەهۆی بۆمبی سوتێنەری هێزی ئاسمانی بەریتانیا، لە شاری درێسدن سووتێندران.» پاشان دەڵێت:

«دانپێدانان بە بەکارهێنانی هێزی ئامێری جەنگی ئەمریکی کە لەگەڵ چەکی دوژمنانی بەرەکانی شەڕ نارێژەییە (پێشێلکردنی بنەمایەکی بنەڕەتی جەنگ)، لەکاتێکدا هەرگیز بەرنامەیەکی تەریب بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئەمریکا نییە»، سەرنج دەداتە دووڕوویی و فریودانی سیاسەت مەدارە ئەمریکییەکانی لەناوخۆدا بەرەوڕووی ئەم لەکەیەی مێژووی خۆیان دەبنەوە، بەڵام هاوکات نایانەوێت وێنەی نێودەوڵەتییان لەکەدار بێت.

نمونە دووپاتەکانی سەرەوە، مێژووی قوڵی لیبرالیزمی ڕادیکاڵی دژەجەنگ لە ئەدەب نیشاندەدەن. بەگشتی چیرۆکە هاوچەرخ و نووسەرەکانیان لەم بابەتە ناکۆڵنەوە کە نووسەران لەڕابردوو لێیاندەکۆڵییەوە (تەنانەت لانیکەم نوسەرێکی زۆر دیار لەدۆخێکدا هەوڵیدا تەقەمەنی فیکری بۆمیلیتاریزمی سەرگەردان دابین بکات). هەر چەند دەرک بەمە دەکەین، بەڵام بێمانایە کارێکی گرنگ نەبێت بیکەین. وا دیارە سەردەمی شەڕە تەواوەکان بەسەرچووە. گەلانی پێشکەوتوو بەهێزی مرۆیی کەمتر و تەکنەلۆژیای پێشکەوتووتر شەڕ دەکەن. لە کاتێکدا شەڕی عێراق یان ئۆپەراسیۆنە ناڕاستەوخۆ بچووکە ترسناکەکانن لە ژمارەیەک وڵات ڕوودەدەن، بەڵام ئەوەندەی جەنگی دووەمی جیهان فۆکەسی ناخەنە سەر. بوونی سوپایەکی خۆبەخش، زۆربەمان لەبودجەی تێچووی شەڕ دەپارێزێت.

ئەمڕۆ لەسەردەمی شەڕە بەردەوام و نارەواکاندا، بەوئاماژەیەی ڕۆژانە خراپتردەبن، لیبرالیزم پێویستی بەداکۆکیکارانی ئەخلاقی و سۆزداریی ئاشتییە. گەر ڤارگاس لۆسا ڕاستدەکات دەڵێت ئەدەب کاریگەرە لە شارستانیکردن و بنیاتنانی کلتوردا (بەڵگەش هەیە ئاماژە بەوەبکات، ڕاستدەکات)، واتا دەبێت نووسەرانی ڕۆمان و کورتەچیرۆک، سەرچاوەی ئیلهامی هەمیشەیی زیاتری ئاشتی بن.

*** جێرۆد لایەر نووسەر و بەڕێوەبەری بەرنامەی قازانج نەویستە و بنکەکەی لە شاری ئارلینگتۆن لە ویلایەتی ڤێرجینیایە. پێشتر ئەکتەر و گۆرانیبێژی کلاسیک بوە لە ئۆپێرا و شانۆی مۆسیقی و کۆنسێرت لە ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ڕۆژئاوای ئەمریکا و منداڵی خۆی لە ئەپالاچیەکانی ئۆهایۆ بەسەر بردووە.**

www.aasoo.org

# ئەو شوێنەی کە فڕۆکەکە دیار نەما



هەواڵنامەی کتێب

جەلال بەرزنجی

کەس هاواری نەکرد
ئاسەواری هیچ کانزایەکیش
لە دەریادا نیە
تەنها بێدەنگییەک
ساڵ بە ساڵ گەورەتر دەبێت
لەوێندەر نەبووم
من تێکشکاوەکە بووم
ئەوان لە سندوقی ڕەشدا دەگەڕان

بەڵام من پاشماوەی فڕۆکەکەم
یادەوەریم بە پشتێنی سەلامەتی
بەستەوە
هیوا لە ماسکی ئۆکسجیندا
دەدرەوشایەوە
کەس ڕاینەکێشا
من لەوێ بووم
لەنێوان گەیشتنە «ماڵ» و
«هێشتا نا»
کە نەخشەکان
بە ئارامی گەورە دەبن و
کات فرمانەکانی لەدەستدەدات
کەس کەوتنەخوارەوەی نەبینی
بەڵام هەندێک شت بە جێیانهێشتم و
هەرگیز نەگەڕانەوە
پێیدەڵێن تاراوگە.
من ناوی دەنێم
ئەو شوێنەی کە فڕۆکەکە دیار نەما

**چی لە چیا دێنە خوارەوە**

لە چیا دێنە خوارەوە.
شوێن پێ،
نقوومی ناو بەفرە
دروشمەکان
ئەوانەی جاران و سروودییان گوللە بوو

ئێستا هەناسەی دانەوەی ئەشکەوتن
ئاوێنە خۆی لەبیر دەکات
یادەوەریەکان دەڕۆنەوە
دەست لە سەر کتێبی شۆڕش
کە پڕە لە یاری ناو غوبار
بەڵێنی جێبەجێ نەکراو
دەلەرزێت
لە فیستڤاڵێک
ئاسنی سارد
سومبولی شەڕ
وەک پێستەکی کۆن
داماڵران
وەک پوشی وشک سووتان
نازانم
نە کوشتار ماندووی کردوون
نە بە سادەیی بڕیاری گەڕانەوە دەدەن
ئەڤەلووشن دێت
بەڵام وەک خۆر نا
وەک کیسەڵێک
بەرەو دواکەوتنێکی دیار. دەخشێت
ئەلفوبێی زمانی دایک
چاوەڕوانە زیندان و
چرپە جێبێڵێت
بێ ترس بگەڕێتەوە سەر زاری زارۆکان
لە بنار
دوکەڵی چا

چاوەڕوانە
شوێن دوکەڵی بارود بگرێتەوە
ژێر چادرەکە تەماوییە
نازانم ئەوەی ژێری خۆشیە
یان ماندوو بوون
شەهیدان بە دوای تۆڵە ناگەڕێن
چاوەڕوانن
ئازادی بە تێچووی کەم
وەک هەوا
بگاتە هەموو سییەک

**شەڕکۆتایی نەهات**

شەڕکۆتایی نەهات،
تەنیا ناوی خۆی
لە هێڵی بەرەکان بۆ هێڵی کات گۆڕی
لە دەرگای نەدا،
لە شاشە هاتە ژوورەوە.
بەیانیم تێکدا.
خەونەکانم بێ ماڵئاوایی ڕۆیشتن
کتێبەکانمی فرێدایە ناو ئاوەکی سوێر.
خەیاڵم بە رووتی ،
وەک درەختێکی زستان لە باخچەیەکی
چۆڵ مایەوە.
مێژوو نەیدەزانی کێ دەیگێڕێتەوە.
شەڕ وەک بلیتی یانەسیب سەلامەت نیە
هەمووان دیلی ئایدۆلۆژیان .
هیوا لە ئەبستراکت داڕما
چەکەکان بێزار بوون لە دووبارە
بوونەوە بە میتافۆڕ
هیچ شتێک ناگونجێت ،
تەنانەت بێدەنگیش.
شەڕ شەڕێکی تر دەپێچێتەوە
لە ئێوارەیەکی شیاودا،
من هێشتا خەون بەوە دەبینم چەکەکەم
بخەمە لاوە،
وەک کەسێک لە کۆتاییدا گڵۆپێکی
لەبیرکراو بکوژێنێتەوە، شەڕ
بکوژێنمەوە.
بەڵام ئاشتی لە ژوورێکە کلیلەکە،
لە گیرفانی کەسێکی تردایە.

**سی ساڵ لەمەوبەر شیعری شەڕم نووسی، بەڵام شەڕ کۆتایی نەهات، نایەت و تەنها شێوەی خۆی دەگۆڕێت. بۆیە گەڕامەوە بۆ هەمان شیعر، چاوم بە برینەکانیدا خشاندەوە و بە دیدو ستایلەکی جیاواز بۆ سەردەمێک کە هێشتا ئازار دەچێژێت نووسیمەوە.**

هەواڵنامەی کتێب

# پەناگەهـ



**هلبین باقر**

**تو ئەی جیهان هەموو،**
**ئورکسترایا تە پێنگاڤێن من**
**دناڤبەرا حەزو ڤیانێ دە دکت مایسترو**
**من دلێ خوە پێ پەژراند**
**تو خۆدێ ل بەختێ هەدارا دەمی من فرار بکە**
**یان من دجەزبا خویسارا قەدەرا ئەنیا من دە بسوژە**
**هەدارا تە ئاڤا ژیانێ یە من ئاگرێ دلکێ خوە پێ دڤەمراند**
**تو وەک سیمەرخەکێ خوە دادە سەر خوەلیامن**

تو ب خوە کەڤالەکی من دڤێت ل
دیوارێن ژوورا من ڤە بی
تو ژی ژ کەڤالێن داڤنشی
نیگاران ژلێڤێت من بکێشە ببە هەڤالێ
ئەزەلییا من
ببە پەناگەها روژگارا سەخت
ترسا مرنێ ب هلمژینە گەها
سەر تبلێن خوە ماچی بکە
وخوەلیا من ڤێدە بکە رەها
ل بەخت وبارێ دویکێلا هەناسا خوە
بەردە وبمن را بگەهینە
کاروانێ سال و مەها
دهینکەبایێ تاڤسورکا ئێڤاریان
دخانیکێ خوەدا دەنگێ تلیلیان بەلاڤ
بکە
کراسێ خوە باڤێ سەر توخیبان
کوترێن سپی بفرینە و ئاسمانان
غەوارەبکە
دهەمبێزا ئاشتیێ دە
هێڤ بکە من
بیردانکا خەمان داقوتە
سەرێ خوە دانە سەر بالیفکا کەڤرین
سەرمەدی بنڤە
تەنا بنڤە
لسەر سنگێ من رووبارەکێ بێ تابەت
سەرابەک دچیایەکێ قاف ڤەقەتینە

دلەپێن خەیالێن من و خوەدا ب رەڤینە
دناڤبەرا هەبوون و نەبوونێ دە
تێرا هەیە ئەز گەرماتیا دلێ خوە
ب هەر تاوانەکێ دانپێدانێ بکم
تێرا هەیە ئەز بریارێن خوە
لبن باندورا ژیانێ بن پێ بکم
من دڤێت ناسناما من ل دوماهییا
دونیایێ
پەنابەر بم
پەنابەر
تەرزەکێ نوو ژ یاخیبوونێ تاقی بکم
کی شاهدە
هزراتە و گومانا من ژنفشێ بەندەمانیێ
تێکەل دبن
ترس و دوو دلی دەرا خوە دبینن
دنەقەبا هەمییان دا وەریسەکێ
هلاویستی یە
دەنگێ غافلەتێ دقرکا من دا مژارەکا
بێ پەنایە
رەڤ و بەز ب ئێکجاری دبەرزەنە
توژی لسەر را
خوە پاڤێژە سەر دەڤێ برینا ڤەکری
و نالان بکێشە
وبێژە..
وەغەر خێربت

هەوالنامەی کتێب

# تێکەڵەیەک
# بە چەند تامێکەوە



موحسین ئاوارە

١


بە زەقە زەقی چاوی هەنگەکان
هەنگوینەکانیان فرۆشت
شەڕی نێوان ، هەنگ و هەنگەوان
درێژەی کێشا ،
وەک ئەو دوژمنکارییەی هەیە و دەبێت
لە نێوان پەپولە و عەتر فرۆشان

٢

هەویرێک بە خۆشەویستی شێڵدرا بێ
نانەکەی شیرینە
پەیکەرێ بە خۆشەویستی بنیات نرا بێ
پەیکەرێکە و پڕ لە ئەوینە
کەسانێک لە ئازیزانی دابڕا بێ
هەمیشە دڵ بە زام و برینە
خۆشویستنی منیش بۆ نیشتیمانەکەم
تاوەریکە سەرێکی لە بن هەورە و
دەیان قات قاتە و چین چینە

٣

وتەیەکی هەبوو ئەو گوڵە جوانە
لێم نزیک کەوتەوە
ویستی بە چرپەیەک لە بنا گوێمدا
بیچرپێنێ
لە بۆن و بەرامی هەناسەکەی ،
وام هەست کرد ،
لە دوکانی عەتر فرۆشێکدام



هەواڵنامەی کتێب

٤

لە خەندەوە بۆ خەندەق
جەنگێکی بێ ئامانە خۆشەویستی
لە پەپولەوە بۆ باخ
سەوداسەرییە گوڵپەرستی
لەسینەوە بۆ سینە
مزراحی هەڵدراوەی دڵ سوورڕ دەخوات
و دەخولێتەوە
لە وەستان و ڕاگیر کردنیدا
سوپای ( هۆش )یش پێناوەستێ

٥

ڕۆژانێ بوو
دەستەکانی لە سەر سینگم دانا
دوو وتە و زیاتر نا
لەو ڕۆژەوە تا ئێستا
دەستی لە سەر سینگم جێماوە
ئێستا سینگم لالەزارێکە و سەر بە
خوناوە

٦

بە دیار کەوتنی کورگەل
بێری لە مەڕ دۆشینە
دەستی لە گوانی مەڕ بەردا
مەنجەڵی شیریش قەڵب بۆوە
ئای لەو عیشقەی کە ئەو دڵەی چۆن
گرِدا

٧

کەڵەشێر لە بەرەبەیاندا
لە گەڵ دەرکەوتنی تیشکی خۆر
بانگی خۆی دەدا
کەچی لەو سەردەمە سەرەڕۆیەدا
شەوانی شەوقدار بە بلاجکتۆر و گلۆپە
داگیرساوەکان
هەڵدەخەڵتێ و بانگ دەدا
بانگەکەی ، لە گەڵ هەچ کاتژمێرێکدا
لە گەڵ هەچ کازێوەیەکدا
هەڵناکات و هاوتا نەبووە
ئەوە چ زەمەنێکە
لە خەلک و کەڵەشێرەکانیش
تێکچووە؟!!

# باخچەکانی ژیان
# گوڵی مردنیش دەگرن



هەواڵنامەی کتێب

**حەمە عەباس**

**ئاشی گریان**

**دەمەوێ وەک با**

**بەلاتاندا تێپەڕم و**

**هەستم پێبکەن و**

**نەمبینن**

وەک ئاو
بەلاتاندا تێپەڕم و
بمنۆشن و
تامم نەکەن

وەک تاریکی
گەمارۆتان بدەم و نەمبینن

وەک خوا بمپەرستن و
نەتوانن دەستم لێبدەن

نامەوێ وەک خۆم
سەرم بنێمە سەر باڵی خەون و
بڕژێمە ناو رووبارێک و
ببمە بەشێک لە تاڤگەیەک

لە داوێنما
ئاشێکی گریان بگەڕێ

من گریان دامدەڕزێنێ
دامدەخورێنێ
دامدەگیرسێنێ
تا
نەمان

من باوەکوشتەی گریانم و
رەچەڵەکیشم دەچێتەوە سەر گریان

**چاندنی ئەستێرە**

ئەستێرەیەک
لە شەوێکی تاریک کەوتەخوارەوە
ورد و خاش بوو
من بەدیاریەوە وەستابووم
پڕووشکێکی کوێری کردم
کوێربوون بە پڕووشکی ئەستێرە
لە خەوندا رووناکیە
من
خەوننامەم نەخوێندۆتەوە
بەڵام
ئەو نوورەی لە چاوی مندایە
بە سەد خەوننامەش ناخوێنرێتەوە و
نابینرێ
من ئەستێرەم چاندووە

**حەزرەتی با**

وەک ئێوارەیەکی خەمگین
با
نەرم نەرم
گەڵاکان دەلەرێنێتەوە
نەوەک
تەرزەیەک لە گەڵا
بەسەر گلکۆی مرۆڤێکی ماندوو داکا

با
هەموو شتێک دەخوێنێتەوە
مرۆڤ نا

مرۆڤ
زمانێک و دوو دەزانێ
با هەزار
مرۆڤ هەزار ئاواز دەزانێ
با ملیار
مرۆڤ چ قەشمەرە
با چ نازدار

**بەشە ژیان**

ڕەنگمەندی ڕەند
سەرمامە
ڕەنگەکانت هەڵبرێژە و
ئاگردانێکم بۆ بخە سەر کانڤاسی ژیان
بە تەما نیم ئەم بەستەڵەکە جێبێڵم
بە ڕەنگەکانی خۆت فریامکەوە
ڕەنگەکانت ڕەنگی ژیانن
ژیان
بەشی منیشی تێدایە
هەر بەشی خۆمم ڕەنگ بدێ
ڕەنگمەندی ڕەند
بەشی خۆم ڕەنگ

**حەزێکی قۆڕ**

حەزم لە شتی قۆڕە
بۆ نموونە ژیان
زۆر مردنم بینی
هیچیان
هێندەی ژیان خۆش نەبوون
داوای هیچ لە ژیان ناکەم
ئەوە نەبێ
بمباتە سەر کانییەک و
چۆڕێک لە ئاوی خۆیم پێبدات
ماوەمە بژیم
ژیانیش وەک مردن وایە
شەرم لە کەس ناکات
باخچەکانی ژیان
گوڵەکانیان هەمەڕەنگن
گوڵی مردنیش دەگرن
مردن لەسەر خوانی ئێوارە دادەنیشێت
ژیانیش لە تەنیشتی
ئەوەندە تەبان
نایەڵن کەس بچێتە نێوانیان

هەواڵنامەی کتێب

# خاتوون



سەبا ئەحمەد

پاش کنەو پشکنین وسەرەتاتکێیەکی زۆر دەرگای حەوشەم ترازاند و بەئەسپایی ڕۆشتمەناو کۆڵان. تەنەکەی خۆڵەکەم هەڵگرت و هێنامە دەرەوە چاوم لەسەر دەرگاکەی ئەوان هەڵنەگرت تا گەیشتمە کەلاوەکە و خاشاکەکەم هەڵڕشت. بەپەلە و هەڵەداوان گەڕامەوە زاتم نەبوو ڕاکەم نەوەک تەپەی پێم دەرگاکەیان پێبکاتەوە، تاخۆم کرد بەماڵدا تەنانەت هەناسەم لەسنگیشمدا ڕاگرتبوو...هاتمە ئەمدیو و دەرگاکەم جوتکرد و هەناسەیەکی ئۆخەییم هەڵکێشا.

بەیانی هێشتا لەخەو هەڵنەسابووم دەنگی هاتوو هاوار کۆڵانی پڕ کرد، پەردەی پەنجەرەکەم لاداو سەیرێکی کۆڵانم کرد. دەرگای هەموو ماڵەکانی

گەڕەک داخرابوون، و جگە لە ئەو کەس لەگەڕەکدا نەبوو، لەبەر ئەوەی ڕۆژی پشوبوو تائەوکاتە کەس لەخەو هەڵنەسابوو. بەدەنگیدا دیاربوو ڕووی لە ماڵی ئێمەیە و قسە لەسەر زبڵ وخاشاکەکەی شەوی ڕابردوو دەکات. بەدووچاوی خەواڵوە وە ڕۆیشتمە ئاشپەزیەکە دایکم لە پەنجەرەکەوە سەرەتاتکێی بوو کەدەنگی کرانەوەی دەرگاکە هات ئاوڕی بۆ دامەوەو وتی: باشت کرد، تۆ وتت کەس دیارنەبووە، کەس چاوی لێنەبووە کەس ئاگادارنەبووە، نەتزانیووە ڕادارەکە ئاگادارە، ئەو قوش لەدەستی دەرناچێ، ئەڵێیی جنۆکە قسەی بۆدێنن. ئێستا من چی جوابی ئەو ژنە بدەمەوە، ئەهلی گەڕەک لەڕوودا دۆست و دڵسۆز لە پشتەوە دوژمن و جاسوس وەک مار پێتەوە دەدەن بەخشکەیی. وتم: نیگەران مەبە بەخوا کەس نەیدیووم و بەکەسیشم نەوتووە بەو دەرەنگانی شەوە، ژن و مێردەکان خەوتوون، منداڵ و گەنجەکانیش لە کوچەکانی ئینتەرنێتدا وێڵن وکەسیان نایانپەرژێتە سەر کۆڵانەکانی گەڕەک تا بزانن چی دەگوزەرێ... ئێستا تۆ هیچ مەڵێ خۆم دەچم چارەی دەکەم. بە هێواشی و لەسەرخۆ ڕۆشتم. بەیانیت باش دایەگیان ئەوەخێرە بەم بەیانیە دەنگت دێ هیچ بووە خوانەخواستە؟. وتی: دایکت دەزانێ دیسان شەو شەخەڵی لە کەلاوەکە ڕشتووە. وتم: یانی دایکم ڕشتوویەتی؟ وتی: بەڵێ. پێکەنیم وتم: بەچیدا دەزانیت... چاوت لێبوو یا کەسێک پێی وتوی، بۆ لەناو گەڕەکدا بەس گومانت لە ئێمە هەیە؟. وتی: پێویستم بەکەس نیە پێم بڵێ، ئاخر هەرماڵێک خاشاکی خۆی جیایە... هی هەمووان دەناسمەوە، ماڵ هەیە خاشاکیان تەنیا چێشتی ترشاوە هەیە هەمووی سەرەپارچەی پەڕۆیە، هەیەپاشماوەی دەبەو پەرداخی ئاو و قاپی سەفەریە، هەیە وەک ماڵی ئێوە زۆربەی کاغەز وڕۆژنامەیە. لە وردەکاری و سەرنجی ئەو ژنە سەرم سوڕما... شەرمم لەخۆم کردو بەخۆمدا شکامەوە. بۆیە دەستەکانم ماچکردو بەڵێنم پێدا پاشماوەی خاشاکەکە کۆکەمەوە بەناوی دایکمەوە داوی لێبوردنم لێکرد. هەرلەوێدا گسک و سەتڵی خۆڵەکەم بردو پاشماوەکەم کۆکردەوە. لەوکاتەوە من بومە پشتیوان وهاوکاری ئەو پارێزگاریم لەپاک ڕاگرتنی ئەو کەلاوەیە

کـرد کەبووبـوو بەگەراجێکـی بچـووک بـۆ وەسـتانی ئۆتۆمبیلەکانـی گـەڕەک و هەندێکجاریـش گۆڕەپـان و یاریـگای منـداڵان. پارێـزگاری لـەو نەختـە زەویـە چۆڵـە لـە گەڕەکـدا کەبووبوویـە دەمـی زەڕنەقووتـە لـە نێـوان باڵەخانەکانـەوە دەمـی داچەقاندبـوو کردبوویـە ژنێکـی تورەوشـەڕانی کەهیچکام لەخەڵکی گـەڕەک خۆشـیان نەدەویسـت وکردبوویانـە پاڵەوانـی سـەرجەم زەم و باسـوخواس و وردە بۆڵەکانیـان.

لـە پاییـزو بەهـاردا سـاڵانەماڵەکانـی گـەڕەک خانووەکانیـان نـۆژەن دەکردەوە و دەیانویسـت هەرچـی پاشـماوەی گەچـی وەریـو و لەتەبلـۆک و خشـتی شـکاو چیمەنتـۆی لەکارکەوتـوو تەپـەدۆری ڕزیـوو لقوپۆپـی درەختـی هەڵپاچراویـان هەیـە ڕۆیکەنـە ئـەو کـەلاوە... هەمـوو هەوڵێـک بـۆ پاراسـتنی لـەو پاشـماوانە جەنگێکـی گـەورەی لەگەڕەکـدا بەرپادەکـرد، ئەمـەش وایکردبـوو هەمـوو خەڵکـی گـەڕەک لـە منداڵـەوە بـۆ پیـرەکان وەک دوژمـن و نەیـار سـەیریان دەکـرد و هـەر کۆبونەوەیەکـی ئـەوان پڕبـوو لەزەمـی ئـەم. پـاش ئـەو ڕۆژە مـن بوومـە لایەنگـری ئـەو. لەهەمـوو شـەڕەکاندا پشـتیوانیم دەکـرد و ڕێـگام نـەدەدا کـەس لەبـەردەم منـدا زەمـی بـکات بەدایکیشـمەوە، بۆیـە دایکـم دەیـووت: خواپێـم نەگـرێ شـتێک لەنێوانتانـدا هەیـە وا پشـتگیری دەکەیـت، بڵـێ بزانـم خوانـەکا عاشـقی هەتیوەکـەی بوبـی چیـت لەژێرسـەرایە؟ دایکـم بـاش دەیزانـی ئـەو قسـانەی بوختانـەو بۆمـی دەکات دەیویسـت بـەو قسـانە بترسـم و واز لەپشـتیوانی ئـەو ژنەبێنـم هیـچ نەبـێ بەشـی ئەونـدەی گـوێ لەزەمەکانـی بگـرم. بـەڵام هەرگیـز نەمهێشـت، سـەرم لەخۆڕاگـری و کۆڵنـەدان و هەسـتی بەرپرسـیارەتی ئـەو ژنـە سـوڕدەما ئـەو هەمووجنێـو تانـەو تەشـەرانە بەگوێـدا دەچـوون، کەچـی نەکۆڵیـدا و نەگەڕەکـی بەجێهێشـت و نەدەنگـی لەکەسیشـیان وەرگـرت. هەمیشـە دەستپێشـخەربوو لەسـڵاوکردن لەهەمـووان. هەموکارێکو هەڵوێستێکی ئـەم ژنە ڕۆژ بـەرۆژ لەبەرچاوم گەورەتـری دەکـرد. شـەوێک لەگـەڵ قلەکـەم لەکەلاوەکـەدا لەنـاو ئۆتۆمبیلەکەیـدا خـراپ ئاوێـزان بوویـن لەپـڕ یەکێـک لەگەنجـە بزێوەکانـی گـەڕەک عەلاگەیەکـی پڕخاشـاک و پیسـی فڕێدایەنـاو حەوشـەکەیان و بەرشوشـەی پەنجەرەکەیـان کـەوت

و لەگـەڵ هـارەی شـکانیدا ڕایکـردو بەتەنیشـت ئێمـەدا تێپـەڕی بەبێ ئـەوەی هەسـت بەبوونـی ئێمەبـکات، بـەڵام کاتێـک ئەوخاتوونەهـات بەپەلـە جلەکانمـان لەبەرکـردەوە هێندەشـڵەژاوبووم پێـش ئـەوەی بگاتـە ئاسـتی ئێمـە لەماشـینەکە دابەزیـم و وتـم: مـن دەزانـم کـێ بـوو؟. ئەویـش وتـی: لەکامێراکانـی چاودێریـەوە خۆیشـم دیـم. منیـش وتـم: کـە دیوتـە باشـتر ئیتـر بـۆ تەلەفـۆن بـۆ پۆلیـس ناکەیـت؟ کەچـی ئـەو وتـی: پێویسـتناکات، شـکات ناکـەم. زۆرم پـێ سـەیربوو ملیوانـی بلوزەکـەم لەتـاو پەلەپەلـی لەبەرکـردن چوبـوو بەنـاوا چاکـم کـردو وتـم: بۆنایکەیـت؟. وتی:میمـۆری کامێراکانـی چاودێـری دەبـەن، بـۆ تەبەقێـک شووشـە ئابـڕوی منداڵانـی گـەڕەک نابـەم. بەخۆمداشـکامەوە هیچـم نـەووت. سـەیرم لێهـات چەنـدە ڕۆحێکـی مەزنـی هەیـە. ئـەم ژنـە لـە کەتـواردا بۆتەسـایەو پاسـەوانی ئـەم گەڕەکـەو هەربەهـۆی ئەمیشـەوە هەمووسـنورەکانی پارێـزراو وئاسـودەن، کەچـی هەمووانیـش بەبێـزاری لێیدەڕوانـن.

جارێـک هەمووگـەڕەک ڕێککەوتـن بـۆ بێزارکردنـی ئـەو هەرچـی پاشـماوەی خانووەکانیـان لـە چیمەنتـۆو بلـۆک و گـەچ بوورفرێدایـە کەلاوەکـە، بەجۆرێـک ڕێگای وەسـتانی ئۆتۆمبیلـی تێـدا نەمابـوو، هەمووانیـش وەک سـەرکەوتوو لەخۆیـان دەڕوانـی، لەنـاو هەمـوو گەڕەکـدا تەنیـا منـی بەدڵسـۆزو هاوبیـری خـۆی دەزانـی چەندجارێـک بـە بێتاقەتیـەوە باسـیکرد و هەسـتم کـرد ماڵەکانـی تریـش هەلیـان بـۆ خۆشـبوو خاشـاکەکانی ڕۆژانەیـان دەڕشـتە سـەری، خەریـک بـوو کارەکـە لەدەسـتدەرەچوو... ئەویـش لەترسـی کچەکانـی کەزۆرجـار لای منـدا گلـەی لێدەکـردن، چونکـە ئەوانیـش قسـەی خەڵکیـان بیسـتبوویەوە بەرگـەی توانجـی خەڵکـی گەڕەکیـان نەدەگـرت و ئەمـەش ئەوانـی تەنیـا کردبوویـەوە کەزاتیـان نەبـوو هاوڕێیەتـی کـەس بکـەن و کەسـیش وەک هـاوڕێ سـەیری نەدەکـردن. تاکوڕەکانـی منـداڵ بـوون باکـی نەبـوو، بـەڵام لەئەوکاتـەوە کـە گـەورە بووبـوون و سـێبەری خۆیـان دیبویـەوە ئیتـر کـەم بەئاشـکرا ڕەخنـەی دەگـرت و گلەیەکانـی دەبـردەوە نـاو ماڵـەکان. بەپەلـە زەنگـم بۆخـاوەن شـۆفڵێک کـردو پێکـەوە دووبـەدوو وەسـتاین تاسـەرجەم خاکەکـەی ڕێککـردو بـاش کوتایـەوە وبەجـووت

هەواڵنامەی کتێب

سۆندەی بەلوعامان هێناو تاڕادەی خوسانەوە وقوڕ ئاو ڕشێنمان کردو کردمانە گەراجێکی ڕاستەقینە، چیترهاوشانی ئەو بومە پاسەوان و پاکوانی گەڕەک.

ئەوچەند ساڵەی لەدەرەوەبووم هەرجارێک تێلم دەکرد هەواڵی بەجێهێشتنی ماڵێکم دەبیست لەگەڕەک و ماڵێکی بێگانە جێی دەگرتەوە، تاقەماڵێک لەجێگای خۆیدا مابوو بەهەمان کەس ودیکۆرو داروپەردووەوە ماڵی ئێمەبوو. ئەو ئێوارەی گەڕامەوە بەوهەموو تاسەوتامەزرۆییەوە، کەسەرم بەکۆڵانەکەدا کرد بۆگەن خەریک بوو بمکوژێ. ئەوکەلاوەی جاران جێگای یاری منداڵان و وەستانی ئۆتۆمبیل و جێگای دانیشتن و خۆدانەبەرهەتاوی زستانان و بەهارانی ژنانی گەڕەک بوو، هەنوکە بۆتە سەرەنوێلک، نەک بۆ ئەوچەند ماڵەی کۆڵانەکە... لەگەڕەکەکانی دیکەشەوە شەوانە پاشەڕۆ و زبڵیان بۆ دەهێناو ڕۆیاندەکرد. ماڵەکانی ئەو گەڕەکە لەحەیبەت شاڵاوی مێشەکان پەنجەرەکانیان بەتەل و دەرگاکانیان پەردە بۆکردبوو، کەچی دەرهەقی ئەو هەموو مێشە نەدەهاتن کەبەهەموو ڕەنگ و قەبارەیەکەوە خەریکبوو دەچوون بەچاودا. ئەو کەلاوەیەی ڕۆژانێک جێگایەکی ئارام بوو بۆ منداڵان ئێستا بەڕۆژدا مۆڵگەی مانگاو شاری ڕاستەقینەی مێش و مەگەزەکانە و شەوان تا بەری بەیانی بۆتە مەئوای سەگی بەرەڵاو پشیلەی برسی، نەکەس دەیتوانی خۆی بکاتە خاوەنی نەبەلای کەسیشەوە گرنگ بوو تا دەستبەرداری خۆڵڕشتن بن و لەجێگایەکدا ئەو وێرانەیە بوەستێنن کەدەستیان پێکردبوو... خەڵکی گەڕەک کاتێک بۆساتێک لەدەرەوە دەوەستان دەموو لوتی خۆیان هەڵدەبەست و بەدەم وردەبۆڵەوەو جنێو دانەوە دەچونەوە ماڵەوە و کەسیش خۆی بەتاوانبار نەدەزانی و کەسیش ئامادە نەبوو ڕێگری بکات. هەمووان هەستیان بەلەدەستدانی کردبوو گرنگی و دڵسۆزی ئەو کاتێک دەرکەوت کەجێنشینێکی نەبوو بتوانێ بەخاتری هەمووان خۆی خراپ و ناشیرین کات بەبێ ئەوەی هیچ قازانجێکی تایبەتی هەبێ لەو کارەدا، هەمووان لەبەر کورتی بینی و بچوکی خۆیان دووربینی و گەورەیی ئەویان هەست پێنەکرد.


گەربەخاتری دایکم نەبوایە هەرگیز ئارەزووی گەڕانەوەم نەبوو بۆ ئەو کۆڵانە.

بەدایکم وت: بۆچی لێرە ماویتەوە خۆتۆ ناتوانی بچیتە دەرەوە گەڕەکیش لەوێرانەدەچێ لەتاو بۆن وچەپەڵی، سیمای خەڵکی کۆڵان هەمووی نائاشنان بەمن وتۆ، وەرە بائەمە بفرۆشین وماڵێکت لەگەڕەکێکی نوێ بۆ بکڕین چیتر ئەم خەڵک و کۆڵان و گەڕەکە بەئێمەنامۆن. کەچی ئەو سەیرێکی کردم وتی: ناچم بۆ هیچ شوێنێ ماڵی خۆم جێناهێڵم، ڕاستە وەکجاران نەهاوڕێم ماوە نە هاودەم و هاوڕاز ونەگەڕەکیش نەخشەو سیمای جارانە، ڕاستە کۆڵان بۆگەنی کردوەو دەڵێی کەلاکی تۆپیووە، بەڵام دیوارەکان پەنجەرەئاسنەکان دەرگاشینەکەبەگوڵە ئاسنینەکانیەوە ئەوانە بونی منن لەم تەمەنەدا، ئەوانە بونەتە ڕۆژ ژمێری تەمەنی من و بەردەوام دەیانخوێنمەوە، ئەوساڵەی خانووەکەمان کردوو پەنجەرەکانمان گۆڕی، ئەوکاتەی کێلۆنی دەرگاکەم تێکچوو... ئەمانە بوونی منن ناتوانم دەست لەو ڕابردووە بەردەم، یادەوەریم نەبێ وەک پەڕی دەمبا ڕۆژگار دەمهێنێ و دەمبا.

وتم: کەواتە چارنیە دەبێت ئەم کەلاوەیە بکرمەوە بەهەرنرخێک بێت و پاکی کەمەوە خۆم ببمە چاودێری تاکەس خاشاکی تێنەکات دیواری بۆ دروست دەکەم. دایکم وتی: تا ئێستا چەندین کەس داوای ئەوکەلاوەیان کردووە بیکڕن، بەڵام خاوەنەکەی نایفرۆشێ و وتویەتی: دیواریشی ناکەم موڵکی خۆمە ئەمەوێ وابێ، هەربەهۆی ئەو کەلاوە و بۆگەنەوە هەمووخانووەکانی گەڕەکی کڕی بەنیوە قیمەت، ناشتوانین ڕێگری لەخەڵک بکەین جاران تەنیا خاشکی ئەم چەند ماڵەبوو، ئێستا لەزۆربەی گەڕەکەکانەوە بۆی دێنن، هیچ چارنەماوە دەبێت چاوەڕێبم یا من بمرم یا خاوەنی ئەو کەلاوە.



# سێ گریانی چۆنیەك
# سێکاتی جیاواز..



ئەحمەد عارف

زەمان گۆرا هەمووشتە بەنرخ و بەهادارەکان بوون بە پووشی سەر ئاو.. هاوژین کوری پیاوێکی هەژار و لادێ نشین بوو ،. هەر لە منداڵییەوە هەستێکی نەتەوەیی سەیری هەبوو ، لە قوتابخانەش تێدەگەیشت لە مامۆستا نا کوردەکانی کە جیاواز بوون لە بیر کردنەوە و هەڵسوکەوتیان ، رۆژگار هات و رۆیی خاڵی شەهید بوو هەستی دەکرد غەدرێکی لێکراوە ، هێدی هێدی بۆ ژیان و کار گەیشتنە گەرەکێکی هەژار نشینی شار و گەیشتە خوێندنی ناوەندی و چالاکانە کەوتە بیر کردنەوە لە خۆی و میللەتەکەی و دایک و باوکە هەژارەکەشی ، دراوسێیەکیان هەبووە بوون ، بەڵام شۆخە

کچێکیـان هەبـوو بەنێـوی تـارا زوو ئاشـنایەتی لـە گـەڵ هاوژینـدا پەیـدا کـرد و کەوتنـە سۆزی ئاشـقانە بـۆ یەکتـر.. چەنـد سـەیرە سـۆز و خۆشەویسـتی جیـاوازی چینایەتــی ناهڵێــت،

هاوژیـن لـە خوێنـد ن و دەرس و دەوردا ژیـر وریابـوو ، بـەردەوام خـۆی لـە بیـر بـوو تـا رۆژێـک بـوو بـە هـەراو هەنگامـە و بەیانـی یانـزەی ئـازار خوێندرایـەوە و هاوژیـن لـە سێی ناوەنـدی بـوو ، سـوکە پەوەندییەکیشـی بـە یەکێتـی قوتابیانـەوە کردبـوو،

رۆژگار هـات کـورد خـۆی دۆزییـەوە هاوژینیـش چـووە قۆناغـی ئامادەیـی زیرەکتر و وریاتـر لەگـەڵ خوێندنەکەیدا میللەتەکـەی لـە بیـر بـوو ، رۆژێـک بـوو بـە هـەراو هەنگامــەو میــری زۆر تــوورە بــوو هەمــوو خەڵــک بــەرە و لادێ و شــاخ کەوتنــە رێــگا ، هاوژیــن خــۆی کۆکــردەوە و کەوتــورێ یەکــەم شــەوی لــە مەرقــەد و ســەرقەبرانەکەی هەشــەزینی رۆژ کــردەوە ..

مـاوەی زیاتـر لـە ساڵێک بەشـێکی زۆر لـە شـاخ و دا خ و کوردسـتانەکەی گـەرا گۆرانکارییـەک کەوتـە تێفکریـن و بیرکردنـەوەی ئیـدی لـە نـاکاو دەنگـۆی هـەرەس دنیـای گرتـەوە وهاوژیـن دای لـە سـەڵای گریانێکـی نـاخ هەژێـن و تـا سـێ شـەو وسـێ رۆژ ژیـر نەبـۆوە و چەکەکـەی و خـۆی رادەسـتی دووژمـن بـوون ..

رۆژگارێ هاتـە پێـش بـە زۆری دایـک و باوکـی هەڵەیەکـی مێـژووی ئەنجامـدا و هاوســەر گیرییەکـی کـرد و خوێندنـی تـەواو کـرد ،.

هـەر لـە و سـەردەمەدا کەوتـە خـۆی و بـۆ ژیـان خـۆی تەرخـان کـرد، بـەڵام میلـەت و نیشـتیمانی خـۆی لەبیـر نەکـرد و چـووە ریزەکانی کۆمەڵـەی رەنجدەرانی کوردسـتان و پـاش ماوەیەکـی تـر هاوژیـن کەوتـە ئیـش و کار بـۆ ئـەوەی ژیانـی خـۆی نەداتـە دەسـتی نەبوونـی ،. لەگەرمـەی کارد رۆژێـک کرێکارێکـی پێـی

گووت ؛ ( وەستا گیان دەکرێت دوو قسە بکەین بەیەکەوە لەو سێبەرە ..!!)

گووتی ؛ ( بڵێ خێرە ، چ کێشەیەکت هەیە با بۆتی چارەسەر بکەم ..!!)

دانیشـتن لـە سـەر بلۆکـەکان و وەسـتا هاوژینـی گووتـی ؛ ( هەرچیـت پێیـە بیڵـێ و شـەرمێ مەکـە ئێمـە برایـن خەمـت نەبـێ ..)

دوای هەنێ گفتوگۆ ..

نازانم چیت پێ بڵێم ..!!

گووتم شەرم مەکە هەرچیت هەیە بیڵێ ..!!

گووتـی ؛ ( مـن بەراسـتی بێـزار بـووم ژیانـم زۆر ناخۆشـە دەمەوێـت وەک برایەکـی گـەورە و بـاش ڕێ نیشـاندەرم بیـت بـۆ ئـەوەی بچمـە شـاخ و ببمـە پێشـمەرگە ..)

هاوژیـن پێکەنـی و گووتی؛ (هـاورێ کـێ تـۆی نـاردوەو ئـەم تەڵەیـە لـە کێوەیـە بـرام..!!!)

سـەری داخسـت و گووتـی ؛ ( سـوێند بـە خـوای گـەورە تەڵـە نییـە و بـە نیەتێکـی سـافەوە هاتـووم دەمـەوێ ببمـە پێشـمەرگە ..)

هاوژیـن نامەتەکـی دیـە دەسـتی گووتـی بچـۆ بـۆ لای هەڤـاڵ فـلان سـڵاوی منیـان پێبگەیەنە..!!

ئـەو ڕۆیشـتنە ڕۆیـی و بـێ هـەواڵ مایـەوە ، هاوژینیـش بـۆ سـەر کار و کاسـبی خـۆی هەتـا ڕۆژێکیـان لـە نێوەنـدی راسـتە شـەقامێک بـوو بەنیشـانە بـۆ دووژمـن و دەسـتگیر کـرا ،. دوای شـەش مانـگ ئـازار و ئەشـکەنجە و دوو سـاڵیش مانـەوە لـە ئەبـوو غرێـب و دواتـر ئـازاد بـوون کـە لـە دەرگای حەوشـی خۆیانـی دا دایکـی نەگەیشـتە دەرگا بـە رووداکـەوت و هاوژیـن بـە هـاواری گریانێکـی بـە کوڵـەوە گەیشـتە سـەر دایکـی و بەهەمـان هـاوار و ناڵـەوە لـە باوەشـی گـرت و بدییـە ژوورەوە ، بـەڵام ئـەم دوو گریانـە بەکوڵـە هاوژینیـان نەخسـتە گۆشـەی تەنگـی روخـان و لـە بیـر کردنـی ڕۆژگارەکانـی تێـی پەڕاندبـوو ..

هـەر لـەو ئـان و سـاتانەدا خـۆی کۆکـردەوە و نامـەی ڕێکخسـتنەکانی وەرگـرت و بـەرەو شـاخ تـا راپەرینـی سـاڵی ١٩٩١ ئیـدی لـە شـاردا هەمـەکار بـوو لەتـەک هەنـدێ لـە کـوران و کچانـی باکـوردا ئاشـنایەتی پەیـدا کـرد و درێـژەی بـە ژیانـدا وەک دەوڵـەت خوازێـک بـەدەر کـەوت هەتـا گەیشـتە ئـەو دەمـەی جاسـەنەی بانگـی هـەق بـوو بـە شـوێنی سـوتاندنی چەکـی گیلاکانـی کوردسـتان بـۆ جـاری سـێیەم دەسـتی خسـتە نێـو چەوانـی دای لـە سـەڵای گریانێکـی بـە کـوڵ و گووتی؛ (باوکـەڕۆ بـۆ دەبێـت گریانەکانیشـم هـاو شـێوە و هاوکارەسـات بـن...!!!)

# دیاریی جادووگەر



هەواڵنامەی کتێب

**چیرۆکی ئۆ. هێنری**

**لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق**

یەک دۆلار و هەشتا و حەوت سەنت. ئەوە هەمووی بوو و شەست سەنتەکەی پێنی (وردە) بوو. پێنییەکانمان بە چکە چکە لە بەقاڵ و سەوزەفرۆش و قەسابەکە دەگرتەوە، بە ڕیکە ڕیک و پیسکەییەکی لەڕادە بەدەر. دێلا سێ جار ژماردی، یەک دۆلار و هەشتا و حەوت سەنت و ڕۆژی دواتر دەبێتە جەژنی لەدایکبوون (کریسمەس).

هیچ نەبوو بکرێ لەوە بەولاوە کە لە سەر قەنەفە شڕەکە پاڵ بکەویت و هاوار بکەیت. هەڵبەت دێلا هەر وایدەکرد و ئەمەش ئەو تێڕامانەی مۆراڵی دەهێنایە پێشەوە کەوا ژیان بریتییە لە داخ و خەفەت و زەردەخەنە و بە

زۆرییــش هەناســە هەڵکێشــان.

لـە کاتێکـدا کـەوا کابانـی مـاڵ وردە وردە لـە پلیکانـەی یەکەمـەوە بـۆ دووەم دادەبـەزی و تەماشـایەکی ماڵەکـەی دەکـرد. فلاتێکی (شـوقەیەکی) ڕاخراو هەفتانە بـە ٨ دۆلار. ئەمـە وسـفێکی وردی سـواڵکەرانە نەبـوو، بـەڵام بـە دڵنیاییـەوە ئـەم وشـەیە بـۆ هەفتەیـەک بـوو. بـە تـەواوی وەسـفی سـواڵکەرانە نەبـوو، بـەڵام بـە دڵنیاییـەوە ئـەو وشـەیە داواکارییەکـی خۆگرتبـوو.

لـە ڕاڕەوەکـەی خـوارەوەدا سـندووقێکی پۆسـتە کـە هیـچ نامەیەکـی تێنەدەخـرا و کونێکـی ئەوتـۆی تێدابـوو کـە هیـچ پەنجەیەکـی بچووکیـش نەیدەتوانـی ئەنگوسـتیلەیەکی لێـوە دەربێنێـت و کارتێکـی لەسـەر دانرابـوو کـە نـاوی «بەڕێـز دیلینگهـام یۆنـگ»ی لەسـەر بـوو.

کەشـتیی «دیلینگهـام» لـە سـەردەمێکی پێشـووی خۆشـگوزەرانیدا بـە دەم بـاوە ونبووبـوو کاتـێ خاوەنەکـەی هەفتانـە ٣٠ دۆلاری پێـدەدرا. بـەڵام ئێسـتا کـە داهاتەکـەی بـۆ ٢٠ دۆلار دابەزیـوە، بـە جیـددی بیریـان لـەوە کردبـووەوە کـە گرێبەسـت لەگـەڵ لایەنێکـی سـادە و ئایەخـدا بکـەن. بـەڵام هـەر کاتـێ کـە بەڕێـز جەیمـس دیلینگهـام یۆنـگ دەهاتـە ماڵـەوە و دەگەیشـتە خانووەکـەی لـە نهۆمـی سـەرەوە بانگـی لێدەکـرا «جیـم» و بەتونـدی لەلایـەن خاتـوو جەیمـس دیلینگهـام یۆنگـەوە باوەشـی پێـدا دەکـرا، کـە پێشـتر وەک دێڵـلا بـە ئێـوە ناسـێندرابوو و ئەمـەش کارێکـی زۆر بـاش بـوو.

دێڵـلا گریانەکـەی تـەواو کـرد و بـە پارچـە پـەڕۆی پۆدرەکـە ڕوومەتەکانـی سـڕی. لـە تەنیشـت پەنجەرەکـەوە وەسـتا و بـە ساردێکەوە سـەیری پشـیلەیەکی بـۆری دەکـرد کـە لـە حەوشـەیەکی خۆڵەمێشـیدا بە سـەر پەرژینێکەوە دەڕۆیشـت. سـبەی جەژنـی لەدایکبـوون (کریسـمەس) دەبێـت و تەنهـا بـڕی ١ ,٨٧ دۆلاری هەبـوو کـە دیارییەکـی بـۆ جیـم پـێ بکڕێـت. مـاوەی چەنـد مانگێـک بـوو هـەر پێنسـێک لـە توانایـدا بـوو پاشـەکەوتی دەکـرد، تـا بـەم حاڵـە گەیشـت. بیسـت دۆلار لـە هەفتەیەکـدا زۆر نەبـوو و خەرجییـەکان لـەوە زیاتـر بـوون کـە ئـەو حیسـابی بـۆ کردبـوو، کـە هەمیشـە وابـوو. تەنهـا ١ ,٨٧ دۆلار بـۆ کڕینـی دیارییـەک بـۆ جیـم،

جیمی خۆی. ئەو زۆر کاتی خۆشی بەسەربردبوو لە پلاندانانندا بۆ شتێکی خۆش بۆی. شتێکی ناسک و دەگمەن و بەهادار- شتێک کە بە ڕێزەوە شایستە بە جیم بێت.

لە نێوان پەنجەرەکانی ژوورەکەدا ناوبەینێکی شووشە هەبوو. ڕەنگە لە فلاتێکی (شوقەیەکی) ٨ دۆلاریدا شووشەی ناوبەینت بینیبێت. کەسێکی زۆر سووکەڵە و بزێو دەتوانێت بە چاودێریکردنی ڕەنگدانەوەی وێنەی خۆی لە زنجیرەیەکی خێرای شریتە درێژکوولەکاندا ببینێت و تاڕادەیەک بیرۆکەیەکی ورد لەسەر ڕووخساری خۆی بەدەستبهێنێت. دیڵلا بەهۆی ئەوەی کە سووکەڵە و باریک بوو، شارەزاییەکی باشی لەم هونەرەدا بەدەستهێنابوو. ئەو کوتوپڕ بە دەوری پەنجەرەکەدا سووڕایەوە و لە بەردەمی ناوبەینە شووشەکەدا وەستا و چاوەکانی زیرەکانە دەبریسکانەوە، بەڵام لە ماوەی بیست چرکەدا ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما و خێرا پرچی بە درێژایی خۆی شۆڕکردەوە.

ئێستا جەیمس دیلینگهام یۆنگ دوو شت شکدەبات و شانازییەکی هێجگار زۆری بە هەردووکیانەوە دەکرد. یەکێکیان کاتژمێرە زێڕەکەی بوو کە بە میرات لە باوکی و باپیرەیەوە بۆی مابووەوە و ئەویتریان پرچەکەی دیڵلا بوو. ئەگەر شاژنی سەبەء لە فلاتەکەی ئەوبەری ڕاڕەوەکەدا نیشتەجێ بوایە و ڕۆژێک دیڵلا قژی لە پەنجەرەکەوە بەربدایەتەوە تا وشک بێتەوە ئەو کاتە بەهای گەوهەر و دیارییەکانی خاتوونی شاژن شتێکی ئەوتۆ نەدەبوون لە چاویدا. خۆ ئەگەر شا سولەیمان بە هەموو گەنجینە و گەوهەریەوە دەرگاوان بوایە و هەر جارە و جیم بە بەردەمیدا گوزەری بکردایە ئەوە کاتژمێرە زێڕەکەی دەردەهێنا، تەنها بۆ ئەوەی بیبینێت و ئەو کاتە لە ئێرەییدا ڕیشی خۆی دەڕنییەوە.

بەم ڕەنگە پرچی جوانی دیڵلا بەسەر شانیدا شۆڕ دەبووەوە و دەدرەوشایەوە و چوون تاڤگەی ئاو شەپۆلی دەدا. ئەو پرچە دەگەیشتە خوار ئەژنۆی و نزیکەی جل و پۆشاکێک دەبوو بۆی. پاشان بە دەمارگرژی و خێرایی جارێکی تر بەرزی دەکردەوە. جارێکیان بۆ ساتێک دوودڵ بوو و ئەوجا بێدەنگ

ڕاوەستا و لەو ساتەدا دڵۆپێک یان دوان فرمێسک هەڵوەرینە سەر فەرشە سووره شڕەکەی ماڵ. پاشان چاکەتە قاوەییە کۆنەکەی لەبەرکرد و کڵاوە کۆنە قاوەییەکەشی لەسەر کرد و بە تەنووره لوولخواردووەکەی و چاوانی هێشتا پڕشنگداریەوە لە دەرگاکەوە دەرپەڕییە دەرەوە و بە پلیکانەکەدا چووە خوارەوە بۆ سەر شەقامەکە.

لەو شوێنەی کە وەستابوو، لە سەر تابلۆکە نووسرابوو: «خاتوو سۆفرۆنی، کەلوپەلی قژ بە هەموو جۆرەکانیەوە». دێڵلا بەرەو سەرەوە ڕایکرد و خۆی کۆکردەوە و هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو دەدا. خانم، گەورەیە و زۆر سپی و سارده و بە حاڵ لە «سۆفرۆنی» دەچێت.

دێڵلا لێی پرسی «ئاخۆ قژ و پرچی من دەکڕیت؟»

خانم وتی: من قژ و پرچ دەکڕم. "ئەرک نەبێت کڵاوەکەت لەسەر داکەنە با تەماشایەکی بکەم».

ئەوجا لە ژێریدا تاڤگەیەکی قاوەیی کەوتە شەپۆلان.

خانمەکە دەستێکی قاڵ و زیرەکانەی بە قژەکەیدا هێنا و وتی «بیست دۆلار».

دێڵلا لە وەڵامدا وتی «زۆر باشە خێرا بمدەرێ».

ئۆی، ماوەی دوو کاتژمێری دواتر بە خۆشحاڵییەوە گوزەرا و لە دوکان و فرۆشگاکاندا کەوتە گەڕان بۆ دیارییەکەی جیم.

لە کۆتاییدا دۆزییەوە و پێیوابوو بە دڵنیاییەوە بۆ جیم دروستکراوە نەک بۆ کەسێکی تر. لە هیچ کام لە فرۆشگاکاندا هاوشێوەیەکی نەبوو و هەمووی ئەمدیو و ئەودیو کردن و سەر و خواری کردن لەوە باشتری نەدۆزییەوە. زنجیرێکی پلاتینی سادە لە دیزایندا و بە شێوەیەکی دروست بەهای خۆی تەنها لە کەرەستە و ماتیریاڵەکەیدا دەردەخات نەک لە نەخش و نیگار و ڕازاندنەوەیدا- وەک لە هەموو شتێکی باشدا دەردەکەوێت. ئەمەیە کە شایستەی «کاتژمێرە» نایابەکەی ئەو بێت و هەر کە دێڵلا ئەمەی بینی هەستی کرد ئەو بابەتەیە کە بەدوایدا دەگەڕێت و دەبێ هی جیم بێت. پاش

سـەودا و مامەڵـە بـۆ نرخەکـەی بیسـت و یـەک دۆلاریـان لـێ وەرگـرت و ئەویـش بـە پەلـە بـە ٨٧ سـەنتەکە ڕۆیشـتەوە بـۆ مـاڵ. لـە دڵـی خۆیـدا وای لێکدایـەوە کـە بەدڵنیاییـەوە جیـم تـەواو سەرسـام دەبێـت بـەو زنجیـر یـان زریـزەی کاتژمێرەکـەی و زوو زوو پیشـانی هاوەڵانـی دەدا. بێگومـان هەرچەنـدە کاتژمێرەکـە کەمێـک گەورەیـە بـەڵام ئـەم زنجیـرەی بـۆ دەبێتـە نەخـش ئەگـەر لەجیاتیـی قایشـە چەرمـە کۆنەکـەی خـۆی بەکاریبێنێـت و ئەمەیـان شـتێکی تـر دەبێـت.

کاتـێ دێڵـڵا گەیشـتە ماڵـەوە ئەقـڵ و ژیـری جێگەی بە کەیفخۆشـیی سەرکەشـانە گرتـەوە. بۆیـە ئوتـووی لوولکردنـی پرچـی دەرهێنـا و گازەکـەی داگیرسـاند و کەوتـە چاککردنـەوەی ئـەو زەرەر و زیانانـەی بەخشـندەیی خۆشەویسـتی دروسـتی کردبـوو. کـە هەمیشـە ئەرکێکـی گەورەیـە، هاوڕێیانـی ئازیـز، ئەرکێکـی زۆر زەبەلاحـە. ئەوجـا لـە مـاوەی چـل خولەکـدا سـەری بـە لوولەکـی بچـووک و بچـووک نزیـک یەکتـر داپۆشـی و وایلێکردبـوو سـەیر و سەرسـوڕهێنەرە بنوێنێـت وەک کیژۆڵەیەکـی قوتابـی کـە نەچووبێتـەوە بـۆ قوتابخانـە و بـۆ ماوەیەکـی زۆر بـە وردی و قووڵـی و چاوێکـی ڕەخنەگرانـەوە لـە ڕوخسـاری خـۆی ڕامـا لـە ئاوێنـەدا.

پاشـان لـە دڵـی خۆیـدا وتـی: «ئەگـەر جیـم نەمکـوژێ، پێـش ئـەوەی دووەم جـار سـەیرم بـکات، دەڵێـت مـن لـە کچێکـی کۆراڵـی دوورگـەی کۆنـی دەچـم. بـەڵام ئـەی چیبکـەم؟ خودایـە! مـن چـی بکـەم لـە دۆلارێـک و هەشـتا و حـەوت سـەنت؟»

کاتژمێـر حـەوت قـاوە ئامادەکرا و تاوەکـە لەسـەر سـۆبەکە گـەرم بـوو و ئامـادە بـوو بـۆ کوڵاندنـی گۆشـتە توێتـوێ کراوەکـە.

جیـم هیـچ دوا نەکـەوت و دێڵـڵا زنجیرەکـەی دوو جـار لـە دەسـتی خـۆی ئاڵانـد و لەسـەر گۆشـەی مێزەکـەی نزیـک دەرگاکـە دانیشـت کـە هەمیشـە لێـوەی دەچـووە ژوورەوە. دواجـار گوێـی لـە هەنگاوەکانـی بـوو کـە لـە پلیکانەکانـەوە دادەبـەزی و بـۆ سـاتێک ڕەنگـی سـپی هەڵگـەڕا و نەریتـی وابـوو بـۆ هـەر شـتێکی سـادەی ڕۆژانـە بـە بێدەنگـی نزایەکـی دەخوێنـد و وا ئێسـتاش بـە چرپـە دوعـای دەکـرد: «خـودای مـن تکایـە وای بـە بیـردا بێنـە کـە مـن هێشـتا ژیکەڵـە و جوانـم».

دەرگاکە کرایەوە و جیم هاتە ژوورەوە و لە دوای خۆیەوە دایخست، لاواز و زۆر جیددی دەرکەوت. داماوە تەمەنی لە بیست و دوو ساڵ تێپەڕی نەکردبوو، کەچی ئەرکی خێزانێکی کەوتبووە ئەستۆ! پێویستی بە پاڵتۆیەکی نوێ بوو و هەروەها بێ دەستکێشیش بوو. جیم لە ناو دەرگاکەدا وەستا، تاوێک گوێقوڵاخ بووەوە وەک برسییەک بۆنی خواردنێکی خۆشی کردبێت. چاوەکانی چەقیبوونە سەر دێلا و گوزارشی لە شتێک دەکرد کە ئەم نەیدەتوانی بیخوێنێتەوە و هەستی بە ترس دۆخێکی نائاسایی کرد. ئەمە نە تووڕەیی بوو، نە سەرسوڕمان، نە ناڕەزایی بوو نە ترس و تۆقین و نە هیچکام لەو هەست و خولیایانەی ئەم خۆی بۆ ئامادەکردبێت. جیم یەکبینە چاوی تێبڕیبوو بەو گوزارشە نامۆیەوە کە دەموچاوی داپۆشیبوو. دێلا لە سەر مێزەکە هەڵسا و ڕۆیشت بۆ لای و هاواریکرد:

«جیم، ئازیزم، سەرت سوڕنەمێنێت، قژەکەی خۆمم بڕی و فرۆشتم چونکە نەمدەتوانی لەم جەژنی کریسمەسەدا دیارییەکت بۆ نەکڕم. نیگەران مەبە قژەکەم زوو دێتەوە. جیم، با دڵخۆش بین و جەژنی کریسمەسم لێ پیرۆز بکە، تۆ نازانی ئەم دیارییەی کە بۆم هێناویت چەند جوان و نایابە."

جیم بە زۆر لەخۆکردنەوە لێی پرسی «بۆ قژت بڕیوە؟" هەرچەندی دەکرد باوەڕی بەخۆی نەدەکرد و لە ناخی خۆیدا وەک ئەوەی بە دێلای گوتبێت «بڕۆ قژت ببڕە و بیفرۆشە». بەڵام دێلا وتی «چما تۆ خۆشت ناوێم، بەهەرحاڵ، من ئێستا قژم بەسەرەوە نییە، وانییە؟»

جیم بە خولیا و مەراقەوە تەماشایەکی ناو ژوورەکەی کرد و بە تۆنێکی نزیک لە گەمژەییەوە وتی:

«کەواتە دەڵێی قژت نەماوە؟»

دێلا لە وەڵامدا وتی: «پێویست ناکات بەدوایدا بگەڕێیت. پێت دەڵێم فرۆشرا و ڕۆیشت، کاکی خۆم ئێوارەی جەژنی لەدایکبوونە (کریسمەس)، میهرەبان بە لەگەڵم، چونکە لەپێناوی تۆدا ڕۆیشت. ڕەنگە مووەکانی سەرم بە ژمارە سنووردار بوایەن»، ئەوجا بە میهرەبانییەکی جیددی و لەناکاوەوە

درێـژەی بـە قسـەکەی دا و وتـی «بـەڵام کـەس هەرگیـز نەیدەتوانـی خۆشەویسـتی مـن بـۆ تـۆ بژمێرێـت. گۆشـتە تویێتـوێ کراوەکـە بخەمـە سـەر ئاگـر، جیـم؟»

پێدەچێـت جیـم بەخێرایـی لـە خـەون و خەیاڵەکـەی وەئـاگا هاتبێـت. ئەوجـا دێڵـلای لەبـاوەش گـرت و وتـی بـا بـۆ چرکەسـاتێک بـە وردی بڕوانینـە شـتێکی بێبایـەخ و بـە ئاڕاسـتەیەکی پێچەوانـەوە. هەفتانـە هەشـت دۆلار یـان سـاڵانە ملیۆنێـک؟ جیاوازییەکـەی چییـە؟ هەڵبـەت بیرکارێـک یـان کەسـێکی دانـا و ژیـر وەلامێکی هەڵـەت دەداتـەوە. جادووگـەرەکان دیاریـی بەنرخـی هێنابوو، بـەڵام ئەوە لـە نێـو ئەوانـەدا نەبـوو. ئـەم جەختکردنـەوە تاریکـە دواتـر ڕوونـاک دەبێتـەوە.

پاشـان جیـم پاکەتێکـی لـە گیرفانـی پاڵتۆکـەی دەرهێنـا و هەڵیدایـە سـەر مێزەکـە و وتـی:

«دێـڵ، بەهەڵـە لـە مـن تێمەگـە. پێـم وانییـە قژبڕیـن یـان ڕیـش تاشـین یـان یـان پـرچ شـۆردن دڵبەنـدی و سەرسـامیی مـن بـە کچـی خەونەکانـم کـەم بکاتـەوە، بـەڵام ئەگـەر ئـەو پاکەتـە بکەیتـەوە لەوانەیـە بزانیـت بۆچـی سـەرەتا واتلێکـردم بـۆ ماوەیـەک بێـزار ببـم».

ئەوجـا پەنجـە سـپی و سـووکەڵەکان خێـرا پـەت و کاغـەزی پاکەتەکەیـان لێکـردەوە و لەپـڕ قیژەیەکـی ئەوپـەڕی خۆشـحاڵیی بـەدوادا هـات و دواتـر ئەفسـووس! وەرچەرخانێکـی خێـرای ژنانـە کێشـایەوە بـۆ فرمێسـک هەڵڕشـتن و گریانێکـی هیسـتێری و پێویسـتی بـەوە کـرد کـە ئاغـای مـاڵ هەمـوو هێـز و تواناییەکـی پێویسـت بەکاربێنێـت بـۆ دڵدانـەوە و هێورکردنـەوەی. ئەمانـە شـانەی نایـاب و گرانبەهـا بـوون، وەک خـۆی دەیزانـی و دڵـی بۆیـان لێیـدەدا و تامـەزرۆ و بەپـەرۆش بـوو بۆیـان. وا ئێسـتا بـوون بـە هـی خـۆی، بـەڵام تـاڵ تاڵـی ئـەو قـژ و پرچانـەی کـە دەبـوو بـەم شـانە نایابانـە دایانبهێنێـت و بیانڕازێنێتـەوە، نەمابـوون و لەدەسـتچووبوون.

بـەڵام دێڵـلا ماوەیەکـی درێـژ گرتنی بە سـینگیەوە و دواجار بـە زەردەخەنەیەکەوە چـاوی بـۆ سـەرەوە هەڵبـڕی و وتـی: "جیـم، قژم بە خێرایی و زوو دێتەوە!».

دێڵـلا وەک پشـیلەیەکی بچووکـی ڤـێ سـووتاو هەڵدەبەزییـەوە و هـاواری دەکـرد

«وای، وای!»

جیم هێشتا دیارییە جوانەکەی خۆیی نەبینیبوو. دێلّلا بە تامەزرۆییەوە لەسەر لەپی دەستی خۆی بۆی درێژ کرد. کانزا بەنرخە ڕەنگ ماتەکە وای دەنواند کە بە ڕۆحە گەشاوە و گەرم و گوڕەکەی دەدرەوشێتەوە.

«جیم ئەمە جوان و نایاب نییە؟ من تەواوی شارم کرد بە ژێر پێوە بۆ ئەوەی پەیدای بکەم. تۆ دەبێت ڕۆژانە سەد جار تەماشای کات بکەیت. ئادەی کاتژمێرەکەتم بدەرێ بزانم چۆن دەنوێنێت لەسەری».

جیم لەبری ئەوەی بە قسەی بکات لەسەر قەنەفەکە پاڵی دایەوە و دەستەکانی خستە پشتی سەری و بزەیەکی بۆ کرد و وتی: «دێڵ، با دیارییەکانی جەژنی کریسمەسمان بخەینە لاوە و ماوەیەک بیانهێڵینەوە. ئەمانە زۆر جوانن و ناکرێ ئێستا بەکاریانبێنین. من کاتژمێرەکەم فرۆشت بۆ ئەوەی پارەم دەست بکەوێت و ئەم شانانەی بۆ تۆ پێ بکڕم. ئێستاش وایدابنێ کە تۆ گۆشتەکە دەخەیتە سەر ئاگر».

جادووگەرەکان، وەک دەزانن، کەسانی دانا و ژیر بوون- بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەرانە ئاقڵ و ژیر بوون- کە دیارییان دەهێنا بۆ کۆرپەی ناوسک. ئەوان هونەری پێدانی دیاریی جەژنی کریسمەسیان داهێنا. ئەوجا لەو سۆنگەیەوە کە دانا و ژیر بوون، بێگومان دیارییەکانیان ژیرانە بوون و لەوانەیە لە ئەگەری دووبارەبوونەوەدا ئیمتیازی ئاڵوگۆڕکردنیان هەڵگرتبێت. لێرەشدا بە شێوەیەکی تەمومژانە مێژووی دوو منداڵی گەمژەتان بۆ دەگێڕمەوە لە ماڵێکدا کە بە شێوەیەکی لەئەقڵ بەدەر خۆیان بۆ یەکتر بەختکرد و گەورەترین گەنجینەی ماڵەکەیان بۆ یەکتر کردە قوربانی. بەڵام لە دوا قسەدا بۆ داناکانی ئەم ڕۆژگارە، دەڵێم: با بڵێین لە هەموو ئەوانەی کە دیاری دەبەخشن، ئەم دووانە ژیرترین و داناترینیان بوون. ئەی هەموو ئەوانەی دیاری دەبەخشن و وەریدەگرن، ژیرترینن. لە هەموو شوێنێک ژیرترینن و ئەوانەش جادووگەرەکانن.

# ماتۆڕی کارەبا



هەواڵنامەی کتێب

چیرۆکی: عەلی ئەشرەف دەروێشیان
وەرگێڕانی: خالید فاتیحی

مدیرناحیە گوتی: «فوو بە زووڕناکاندا بکەن و دەهۆڵەکان بکوتن!»

چاوەشەکان دەستییانکرد بە دەهۆڵ کوتان و زووڕنا لێدان.

بەیانی برووسکە هاتبوو کە لە کرماشانەوە بە دوو لۆری ماتۆڕەکە وەڕێکەوتووە. خەڵکەکە لە گۆڕەپانەکە کۆببوونەوە و هەڵدەپەڕین.

چەند مانگ بوو دارتێلە دارەکانیان لە تاکە شەقامی شارۆچکە چەقاندبوو کە هێشتا قیرتاو نەکرابوو. کرێکارێک بە پێڵاوی تایبەتەوە هەموو ڕۆژێ بەدارتێلەکاندا سەردەکەوت و دەهاتەوە خوارێ و تێلەکانی لە فنجانەکان دەبەست. شەوێک ڕەشەبایەک هات و هەموو دارتێلەکانی خستن، مانگێکی

دیکـە کارەکـە وەدواکـەوت. لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەوانـەی دەسـتییان دەگەیشـتە دەمیـان بەشـی (قسـت)ی سـەد تمەنییـان کڕیبـوون و لێـک لێـک گڵـۆپ یـان دەکـڕی و ژوورەکانیـان سـیم کێشـی دەکـرد.

ڕادیـۆی گـەورەی کارەبایـی بەقسـتی درێژخایـەن دەفرۆشـان. دارئانتێنییـان لەسـەربانی دەچەقانـد. خەڵکـە بێکارەکـە دەستەدەسـتە لـەدەوری دارتێڵـەکان کۆدەبوونـەوە و جەفەنگیـان لێـدەدا.

کارمەندێکـی ناحیـە و سـێ کـەس لـە پیاوماقوڵانـی شـار چووبـوون ماتـۆڕ بکـڕن. خانوویەکـی گەورەیـان بـە خشـتی سـوور و شـێروانی قایـم لـە خـوار شـارۆچکە دروسـتکردبوو، تـا ماتۆڕەکـەی لێدابنێـن. دەهـۆڵ کـوت و زووڕناژەنـەکان ئارەقەیـان لـە سـەرو دەم و چـاو دەچـۆڕا. سـەرچۆپی کێشـەکان جاربەجـار دەگـۆڕان. بەرەبـەرە دنیـا تاریـک دەبـوو. لـە پڕێکـدا هەواڵیـان هێنـا کـە لـە دوورەوە گڵۆپـی لۆریەکانیـان دیتـووە. خەڵکەکـە کردیانـە هەڵـڵا، چەپڵەیـان لێداو لەخۆشیان هاواریـان دەکرد. خانخانـی سـەروپێ فـرۆش کـە چرالالەکـەی بـە دەسـتەوە گرتبـوو بـۆ نـەوت کڕیـن، لەنـاو ئاپۆراکـە ڕاوەسـتابوو سـەری هێنابـووە پێـش. لەبەرئـەوەی زۆر ملـی هێنابـووە پێـش، ژاندرمەیـەک بـۆ دواوە پاڵـی پێوەنـا. خانخانـی خـۆی پێڕانەگیـرا، بەپێشـتدا کـەوت و چراکەشـی وردوخـاش بـوو. خانخانـی هەسـتایەوە سـەرپێ. کاتێـک چـاوی بـە پارچەکانـی چراکـەی کـەوت، دەهـری بـوو. چـاوی پـێ دەرپەڕیـن و زللەیەکـی تونـدی سـرەواندە بناگوێـی ژاندارمەکە! دوو ژاندارمـی دیکـە هاتنـە هانـای هاوکارەکەیـان و خانخانـی سـەروپێ فرۆشـیش کەوتـە بـن پێیـان. پاشـان وەک تەلیسـێکی پـڕ ئێسـک و پرووسـک ڕایانکێشـایە ناوەنـدی پۆلیـس.

مدیرناحیـە بـە ڕووخسـارێکی خـڕ و سـپی ڕاوەسـتابوو. لێکدالێکـدا فەرمانـی دەدا. دەنگـی لۆریـەکان دەبیسـترا. لۆریـەکان گەیشـتن و لـە گۆڕەپانـی شـارۆچکە ڕاوەسـتان. مدیرناحیـە چووەپێشـەوە. پیاوماقوڵانـی شـارو شـۆفێرەکە دابەزیـن و لەگـەڵ مدیرناحیـە تۆقەیـان کـرد و دووبـارە سـوار بوونـەوە. خەڵکەکـە خۆیـان بـە دەرگاو لاجامـەی لۆریەکانـەوە هەڵواسـی و بـۆ خـوار شـاری شـۆڕ بوونـەوە هەتـا

پەنـای خانووەکـە لەگـەڵ ماتۆڕەکـە ڕۆیشـتن. قەراربـوو سـبەینێ ماتۆڕەکـە دامەزرێنـن و هەفتـەی داهاتـوو وەکاری بخـەن.

دەورووبـەری وێسـتگەی کارەبـا قەرەباڵـغ بـوو. بـە ڕافیعـە (بەرزکـەرەوە) و باریـە (١) و هـاواری یـا عەلـی یـا عەلـی ماتۆڕەکەیـان لـە دەرگا گەورەکـە نزیککـردەوە. بەرەبـەرە ورتەورتێـک کەوتـە نـاو خەڵکەکـە: «لـەو دەرگایـەوە زەحمەتـە بچێتـە ژوور.»

«دەچێتە ژوور، دەچێتە ژوور، سەبرتان هەبێ.»

«ئاخـر کـوا دەچێتـە ژوور، ڕەحمـەت لـە بابـت؟! ئـەو لەندەهـۆرەو ئـەو دەرگایەیـان نەگوتـووە.»

دەنگـی یـا عەلـی یـا عەلـی کـپ بـوو. مدیرناحیـە پەنجـەی لـە دەمـی نابـوو و، ڕاوەسـتا بـوو. ئـەو ئەندازیـارەی لـە شـارەوە هێنابوویـان، سـەری بادەدا. ئـەو ئەندازیـارەی خانووەکـەی دروسـتکردبوو، لـە دەرگا تەنگەبەرەکـەوە ڕامـا بـوو.

ئەو ڕۆژە هیچیان بۆ نەکرا، هەر لەوێ ماتۆڕەکەیان بەجێهێشت.

لـە شـارۆچکە دەنگۆیـەک بڵاوبـۆوە کـە ماتۆڕەکـە ناچێتـە ژووری خانووەکـە. خەڵـک لەمـلاولا دانیشـتبوون و قسـەیان دەکـرد: «دەبـێ تەمەنێکـی دیکـەش لـە تاریکیـدا بیـن.»

«ئـەی بابـە تـۆش حەوسـەلەت هەیـە. چیمـان هەیـە تـا کارەبامـان هەبـێ؟ خـۆ کارەبـا نەبۆتـە نـان و ئـاو.»

«بۆیە دەڵێن نانی نیە و داوای تەڕە پیازان دەکات.»

«پارەکەشمان بە هەدەر دەچوو.»

«چەندمان وەیار کرێ!»

«گڵۆپەکان چ لێبکەین؟»

«خێزانـم دوێشـەو لـە داخـان ئانتێنەکـەی سـەربانی هەڵکەنـدو فڕێیـدا کۆڵانـێ. هێنـدەی نەمابـوو مەشـەدی یوسـفی بەقـاڵ بپلیشـێنێتەوە.»

«هەر دەبێ خودا ڕەحممان پێبکاو دەرگای خانوەکە والآ بکاتەوە.»

«یا کارسازی کاران، یا ئەڵلا.»



هەواڵنامەی کتێب

خەبــەر گەیشــتە گوندەکانــی دەورووبەریــش. دوو کەســی قۆڵبــڕ پەیدابــوون دەیانگوت هەرچۆنێکبێ ماتۆڕەکە دەبەنە ژووریَ، بێئـەوەی دەستکاری خانووەکە بکرێ. خەڵکەکـە خۆشـحاڵ بـوون. بەرێـزەوە پێشـوازییان لـە قۆڵبـڕەکان کـرد و سـەلاواتییان لێدا. ئـەو دووانـە پێشـتر لـە ماڵـی یەکێـک لـە پیاوماقولانـی شـار جێگیـر ببـوون و پێشـەکی سـەد تمەنیشـیان وەرگرتبـوو. قۆڵبـڕەکان هەمـوو ڕۆژێ دەهاتــن لــە پەنــای خانووەکــە ڕادەوەســتان، کەمێــک پێکــەوە قســەیان دەکـردو دیسـان دەچوونـەوە ماڵـی خانـە خوێیەکەیـان. دەرگایـان دادەخسـت، کـەس نەیدەزانـی چیدەکـەن. دواتـر دایکـە پیـرەی پیاوماقوڵەکـە گوتبـووی گوێـی لـە پـرخ و هۆڕێکـی زۆر بـووە. تـا ئـەوەی ڕۆژێـک هـەردووک قۆڵبڕەکـە بزربـوون.

ڕۆژی کردنــەوەی هــات، بــەڵام هێشــتا ماتۆڕەکــە هــەر لــە پەنــا خانووەکــە بــوو تەپوتــۆزی لێنیشــتبوو. مدیرناحیــە وتاریــدا، نوێنــەری پــەروەردە وتاریــدا، ســەرۆکی پۆســتەو گەیانــدن وتاریــدا، ســەرۆکی ژاندرمــە وتاریــدا، ســەرۆکی دایـرەی کشـتوکاڵ وتاریـدا، سـەرۆکی دایـرەی پـاوان و ژینگـە وتاریـدا، سـەرۆکی دایـرەی توتـن وتاریـدا، سـەرۆکی دایـرەی لۆکـە وتاریـدا، سـەرۆکی بانـک وتاریـدا، سـەرۆکی تەندروسـتی وتاریـداو هـەزار جـۆرە سـەرۆک وتاریـان خوێنـدەوە.

زووڕنـاژەن و دەهـۆڵ کـوت ئـاوازی خۆماڵییـان لێـدا. ژن و پیـاو هەڵپەریـن و منداڵیـش لـە دەوری وێسـتگەی کارەبـا چاوشـارکێیان دەکـرد. دەهـۆڵ کوتـەکان هــەر لێیانــدەداو خەڵکەکــەش بــە ماتــی و ڕق هەســتاوی هــەر هەڵدەپەڕیــن و هەڵدەپەڕیـن، لـە کۆتاییـدا شـیرینیان دابەشـکرد کارگوزاری دایـرەکان پاشـماوەی شـیرنییەکانیان بـۆ ماڵـی بەرپرسـەکانیان بردنـەوە و جێـژن تـەواو بـوو.

قــەراردرا رافیعــە یەکــی گەورەتــر بەکــرێ بگــرن، شــێروانی خانوەکــە هەڵبگــرن و ماتۆڕەکــە لــە ســەرێڕا بەرنــە ژووریَ. هەرواشــیان کــرد و خەڵکەکــەش هەناســـەیەکی ئاســـوودەیان هەڵکێشـــا. کابرایەکیشـــیان دیتـــەوە و کردیانـــە بەرپرســی ماتۆڕخانــە، کــە ســێ مانــگ شــۆفێری تراکتــۆر ببــوو.

شــەوی یەکــەم هەمــوو گڵۆپــەکان ســووتان، لەبەرئــەوەی کابــرای شــۆفێری

تراکتـۆر بـە خەیاڵـی ئـەوەی سـواری تراکتـۆر بـووە و دەیـەوێ قوڵتـر زەویەکـە بکێڵـێ، گازی ماتۆڕەکـەی زیـاد کردبـوو.

شـەوی دووەم سـێ کـەس کارەبـا گرتنـی. یەکێکیـان دەسـتی خسـتبووە جێـی گڵۆپەکـەو لەبەرخۆیـەوە گوتبـووی: «بزانـم چـی تێدایـە... ئـاااخ.»

ئـەوەی دیکـە لەبـەر ئـەوەی کارەبـا زیـادو کەمـی دەکـرد لەترسـی ئـەوەی وەک دوێشـەو گڵۆپـەکان نەسـووتێن، لەپڕێکـدا دەسـتەپاچەدەبێ و بـە مقەسـت وەیـاری سـەرەوەی کلیلەکـەی بڕیبـوو دەعەرزێـی کوتـا بـوو.

کابـرای سـێیەم مەسـینەیەکی مسـی کردبـووە ئانتێنـی ڕادیـۆ. بـەڵام مەسـینەکە تـەڕ بـوو شـۆرتی کـردوو کابـرای هەڵدابـووە سـووچێکی ژوورەکـە. کاتێـک کەوتبـوو دەنگێکـی لێهاتبـوو کـە هەمـوو شـارۆچکە زانییـان. ئەویـش لەشـەرمان بـە ناچـاری بـە مـاڵ و منداڵـەوە ئـاوارەی هەنـدەران بـوو.

شـەوی سـێیەم گڵۆپـەکان هەڵنەبـوون. شـەوی چـوارەم سـەعاتێک هەڵبـوون و کوژانـەوە و ئیـدی هەرگیـز هەڵنەبوونـەوە.

دیسـان دەنگـۆ بڵاوبوونـەوە کـە ماتۆڕەکـە کـۆن بـووە، مـاوەی پێنـج سـاڵ لـە شـارۆچکەیەکی ئیسـفەهان کاری کـردووە، پاشـان ڕەنگیـان کردۆتـەوە و بـە سـوێند بـە عەزرەتـی عەببـاس بەنـاوی ماتـۆڕی نـوێ بـە پیاوماقوڵانـی شـاریان فرۆشـتبوو. خەڵکەکـە دیسـان لـە بـن دیـواران و لـە دەوری دارتێلـەکان دانیشـتنەوە و کەوتنـەوە قسـان:

«چ شتیک خراپە ئەوەمان بۆ دێنن.»

«ئەوەش ماتۆڕی کارەبا، ئیدی حەساینەوە.»

«بە دەستی خۆمان ماڵی خۆمان خەراکرد!»

«سـاڵێک سـن لـە دەغـڵ و دانمـان دەدا، سـاڵێکیش بـاران نابـارێ، ئەمسـاڵیش ماتـۆری کارەبـا ماڵوێرانـی کردیـن.»

«چارەڕەش بووین.»

«خوایە پشت و پەنامان بەخۆت.»

«ئەو هەموو وەیار و گڵۆپەی چ لێبکەین؟»

«مەگەر بە وەیارەکان خۆمان بخنکێنین.»
«گڵۆپەکانیش بە گۆڕی بابی ساحێبیان!»
«ئەدی قستی ڕادیۆکان چ لێبکەین؟»
«ئاااخ ماڵوێران بووین.»
«شرینگ ها.»


تەنیا خانخانی سەروپێ فرۆش بوو کە بە تاوانی سووکایەتیکردن بە کارمەندێکی دەوڵەت لە کاتی بەجێ گەیاندنی ئەرکی خۆیدا، بە خەیاڵی ئاسوودە لە قوژبنی بەندیخانە کەوتبوو و، چاوەڕێ بوو بدرێتە دادگا.

**پەراوێز:**

(١) باریە: لۆسە، مەڵغە، باری، نوێڵ.

**سەرچاوە:**

لە کتێبی (یادگاری خشکسالی های باغ) وەرگیراوە. انتشارات نیلوفر- ١٣٧٦.



# خوێندنەوەیەک بۆ دیوانە شیعری

# (ئەو ڕۆژانەی لەباڵی پەپوولە دەچن)ی بەندی عەلی



هەواڵنامەی کتێب

پ. ی. د. سەعید محەمەد بەرزنجی

ئـەوەی مـرۆڤ بەجیهانـی دەرەوە گرێدەدا، تێڕامانـە لـەو دەرکەوتانـەی بەرکەوتن لەگـەڵ هەسـتدا دەکـەن .و جێکەوتـەی ئەزموونەکانیـش ڕەنگـی تێـدا دەدەنـەوە ، لەڕێگـەی چەنـد وێنەیەکـەوە کـە زمانـی شـیعریی تێـدا دێتـە بەرهـەم .. بەپێـی بنەمـاکان ، لەزەمـەن و شـوێن و کاتێکـی دیاریکـراودا.

ئەمـەش لـە دارشـتنەوەی ئـەو جیهانـەوە دەسـتپێدەکات کـە دەسـتی پێنـاگات و لـە خەیاڵگـەدا کاری بـۆ دەکات، بۆیـە هەمیشـە تامـەزرۆی ئـەو دۆخەیـەو خەونـی پێـوە دەبینێـت ، بـە پێـوەری حـەزو خولیـاو تێڕوانیـن لـە پێشـینەی مەعریفـەو ئەزموونەکانـی بەردەسـتیدا . . بـۆ ئـەوەی تـا ئاسـتێک بتوانێـت



بەندی عەلی

بیخاتە ڕوانگەیەکەوەو داکۆکی بۆ خواستەکانی بکات و بەرجەستەی ئەو ژیانە بکات کەبە ئاواتەوەیە بۆی و خەونی پێوەدەبینێت .

بەمەش لەگەڵ فاکتەرەکانی ڕیاڵدا جیاوازییەک فەراهەم دەکات ، هەر لەسۆنگەی ئەمەشە خەونی شاعیر ڕووبەرێکی فراوانتری هەیە ، فرەڕەنگییەکی جوانتری لەخۆگرتووە، پەلکەزێڕینە ئاسا بەسەر ئاسمانی دیاردەکاندا پەرش و بڵاو دەبێتەوەو چێژێکی ڕەنگی دی لەگەڵ خۆیدا ئاشنای شێعرەکانمان دەکات و دەستمان دەگرێت بەرەو تێکەڵ بوونی جیهانەکەی خۆی .

لێرەوە ، (بەندی عەلی) سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ بەرفراوانی خەیاڵ و ڕەهەندەکانی فەنتازیا ، لەسۆنگەی ئەوەی ئەدەب زمانی ڕاڤەو لێکدانەوەیە ، زمانی گریمانەیە بەوەی دەبێت پێکەوە سازان بخولقێنێت و جۆرێک لە روحییەتی هاوچەرخ پێڕەو بکات ، مەبەستمانە بڵێین دیدی نوێ و خەیاڵی نوێ و زمان و بیری دی خۆی دەردەخات ، هەر لەبەر ئەمەشە ئەگەر شیعرو هزر پێکەوە شیعرییەت بەرهەم نەهێنن ، ناتوانن ڕاستی بوون دەربخەن .

بەڵام شیعر ئەو دژە سیستەمەیە کە ناتوانرێت دەستەمۆ بکرێت و هەر بەو هۆیەشە شیعرو هزر پێکەوە ڕێدەکەن و بزر نابن ، بەڵکو هەردەم دیارو دەرخەری بوونەکانن .

خولقاندنی پەیوەندییەکانی بەندی عەلی لەنێوان واقیع و خەیاڵدا ، بەو پێیەی واقیع لە بنەڕەتدا دروستکەری خەیاڵە .. بۆیە شاعیر لە شیعری (کۆبوونەوەی پێنج قۆڵی) دا ، دەڵێت؛

**گوڵم .. من و**

**خۆم و هەست و هۆش و دڵم**

**کۆبووینەوە بە پێنج قۆڵی**
**تا ڕێکەوین لەسەر ماوەی مانەوەی تۆ**
**لەسەر کورسیی عەرشی ئەوین ..**
**تا ئەو ڕۆژەی**
**لەگەڵ پێدەشتی هەولێردا هاوتا دەبێ**
**کێوی سەفین ..**
**لەزیندانی شوشەی دڵی تۆیا ، گوڵم**
**ماسییەکی ..**
**بەندی هەتا مەرگە ، دڵم !**

توانای گواستنەوەی شیعری لە واقیعی هزری و سیاسییەوە بۆ خەیاڵی ڕۆمانسی بەهێزە ، چونکە بەشێوەیەکی ڕەها گوزارشت لەناخی خۆی دەکات ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاوازێکی ڕازاوەی بەرز بە دەقەکە دەبەخشێ و نرخ و بەهای بەرزدەکاتەوە ، زیاتریش کار لەخوێنەر دەکات و دەیوروژێنێت .

چونکە ترپەو مۆسیقا بنەمایەکن لە بنەماکانی شێعرو بەیەکەوە پێوەندیدارن ، بوونیان پێکەوە پێوەستەو نەبوونی هەریەکێکیان کەم و کورییەک بە واتاو شێوەو ناوەڕۆک وەکو پێکهاتەو دوو فاکتەری ستراتیژی نوێ لە شیعرەکەدا بەکارهێنراوە ..


هەموو ئەمانەو زیاتریش ئەوە دەگەیەنن ، شاعیر لەپاڵ بەهرە شعرییەکەیدا کەسێکی خاوەن هزرو هەڵوێستە و لەلایەکی دییەوە دەزانێت چۆن دەقە شیعرییەکانی دابڕێژێت و چۆنیش مەمەڵەیان لەگەڵدا بکات .

واتە بەهۆی ئاگایی و بەهرەکانییەوە ، ئاگادارە لە چۆنێتی دارشتنەوەی شیعرییدا ، جگە لەوەش بەدوای مەبەستی دەقدا دەگەڕێت ، لەڕێگەی چەمکی ماناو وروژاندنی بابەت و ڕەهەندە هزرییەکانییەوە .

هەروەها دەڵێت ؛

**شکۆی چ شاخێک دەگاتە**
**شکۆی هەردوو مەمانی ژن ..**
**بۆنی چ باخێک دەگاتە**
**بۆنی عەتری بن هەنگڵ و چرۆی دەم و**
**ئارەقەی لامل و نێوان**
**خەرەندی هەردوو ڕانی ژن ..**

لەم دەقەدا شاعیر پێماندەڵێت ؛ کە ڕۆمانسیزم ئایدۆلۆژیایەکی نوێ بوو ، بۆ نەوەیەکی نوێ کە تێیدا ڕەهەندەکانی شیعر فۆرمی نوێ و پەیامی نوێی لەخۆگرتووە ، کە سیماکانی شیعری ڕۆمانسی لە دەقەکاندا بەدیدەکرێت بە هزرو هەستی قوڵ یان دەقگەلێکی قوڵیان




نووسـیوە و
لەلایەکـی دییـەوە بـەو بوێرییەوەلـە ئێرۆتیـک قوڵدەبێتـەوەو بـەرەو جوانـی ڕێگـەی گرتـووە، رادیـکاڵ لەعـورف و نەریـت دەردەبـڕێ و بارودۆخێکـی نـوێ سـەر ڕێدەخـاو کارسـازی جـوان و شـەنگ دێنێتـە ئـاراوە ، لـە جوانـی جەسـتەیەک بـەرەو نـاو خـودی جوانـی ڕێگـە دەگـرێ و روح دەهێنێتـە ورووژان و هێنانـەدی خەڵقکـردن دێنێتـە نـاو جوانییـەوە .. ئەمـەش هێـزی بەرەنگاربوونـەوەی واقیعـە و شـاعیر
شـاعیر جارێکـی دی دەیەوێـت فەنتازیـا و خەیـاڵ کەڵەکـە بـکات ، واتـە لەپـاڵ ئەرکـە ئیسـتاتیکیەکەیدا دیـوە بایۆلۆجییەکـی مرۆڤیـش تێـر بـکات و خەیـاڵ و عەقڵێکـی پـاراو بـە سـۆز ئاوێتـە بـکات بـۆ بەرهەمهێنانـی بەختـەوەری مـرۆڤ ، بۆیـە دەکرێـت دنیـای خاڵـی لەهونـەری شـیعر بـە دنیایەکـی تـک ڕەهەنـد وەسـف بـکات و هەوڵئـەدات شـیعرو هونـەر بکاتـە بەشـێکی دانەبـڕاو لەژیـان . وەکـو دەڵێـت ؛

**کاتێ ناخم**
**پڕ دەبێ لە ژەهری سیاسەت**
**کوپێ شیری موحیبەتی**
**ژنێکم پێویستە بۆ ژین ..**
**سوپاس بۆ میهرەبانیت ئەی ژن**
**تۆ نەبوویتایە خۆ هەرگیز**
**ژەهراوی بوونی نێو خوێنمان**
**نەدەوەستا .**

بەوەی پرسی جەستە لە میتۆدی بونگەرایيدا بە ژیانەوە پەیوەستمان دەکات و کە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوومان بەیەکەوە دەلکێنێ .. بۆیە دەڵێت ؛

**حەز لەترێی چاوت دەکەم**
**ئیشتهای لالەنگی لێوت**
**باوەجو ، ئای لەو حەسرەتە ..**
**حەکیمانی شار بە کۆی دەنگ**
**مەنعی شیرینیم لێدەکەن**
**دەڵێن ، بەدبەخت .. تۆ شەکرەتە !**

(ڕێنیە دیکارت (١٥٨٦ – ١٦٥٠) ؛ جیاوازی لەنێوان جەستەو دەروون دادەنێ و هەریەک بە سەربەخۆ لەوی دیکە تەماشا دەکات ، هەر یەکێکیشیان جەوهەری خۆی هەیە کە لەوی دی جیا دەبێتەوە..) .

چونکە دەروون جەوهەری سەربەخۆی هەیەو ماهیەتەکەشی بیرکردنەوەیە ، جەستەش جەوهەری تایبەت بە خۆی هەیەو ماهیەتەکەشی درێژبوونەوەیە .. بۆیە شاعیر دەیەوێت لەڕێگەی واقیعەوە هەست و گرفتەکانی خۆی چارەسە بکات ، بەو مانایەی کەجەستە دەبێت خەیاڵ و کۆمەڵێک نواندنی عەقڵیی و وێنەیەکی نەستی ئامادە ، لەبیرکردنەوەی شاعیردا تاکە ڕێگەی ڕووبەڕوو بوونەوە بۆ بەرهەمهێنان و گەڕانەوەی ئەبەدی و ئیرادەی بەهێز دروستدەکات .. یاخود دەڵێت ؛

**تا چاوەکانم کز نەبوون .. وەرە با تێر**
**تەماشات کەم**
**تا گوێیەکانم کەڕ نەبوون .. پێبکەنە**
**تاکو دەتوانی ..**
**تا دڵم گرمەی تێدایە .. لێگەڕێ با تۆم**
**خۆشبووێ ..**
**تاکو لەزاریش نەکەوتووم .. با لە لێوت**
**بنەخشێنم**
**وشەی ماچی جاویدانی ..**
**من دەزانم .. بە عیشقی تۆ گەنج**
**دەبمەوە**
**لە موحتاجیی منیش بۆ ماچ .. تۆش**
**دەزانی !**

بۆیە زمان وەک هەڵگریماناو دەلالەتەکانی خۆی لە هەستی (ئاگایی) دا وێنا دەکات .. کەواتە پەیوەستی ئاگایی و نەست بەئەنجام دەگەیەنێ و وەک لەئاگاییدا خۆێ وێنا دەکات و نەست وەڵامدەرەوەو ڕاڤەکاری ئەو

هەواڵنامەی کتێب

پرسـیارە لەخـود دا فۆرمەلـە دەبێـت . .. کاتـێ دەڵێـت ؛

**من هیچی دی ناڵێم ، ئیتر**
**زۆرم وت و**
**شەماڵ بەلای گوێتا بردی**
**دڵم تا دوا دڵۆپی خوێن**
**نەزیفی عیشقی لێبەربوو**
**سەیلی ئەویش**
**دڵڕەقی و بێ خەمیی ، وەبەر پێتا بردی ..**
**من هیچی دی ناڵێم ، ئیتر !**

بۆیـە شـاعیر ، ڕەهەنـدە دەروونییەکان وا دەکات بەزمانێکـی ئاسـایی و قوڵبوونـەوەو تێڕامـان لـە ڕووداوەکان بەهـۆی گێڕانـەوەوە ، بەڵکـو لـە نێویـدا ڕەهەندگەلێـک هـەن کـە بەپێـی پێویسـتی بونیـادی دەق شـێوازی خۆیـان وەردەگرن و کاریگەریـی خۆیـان لەهەسـتی خوێنـەر دەکـەن ، بە ئامانجی تێڕامـان و تێگەییشـتن لـەو خەیاڵـەی شـاعیر ئەفراندویێتـی ، بـەو هەسـتە وا لەخوێنـەر دەکات بوونـی ڕاسـتەقینەی خـۆی لـە دەقـدا بدۆزێتـەوە .

کەواتـە بیرکردنـەوە یـان خەیاڵکـردن لای شـاعیر بـۆ خـۆی ئـەو هەسـتە بونیادییـە کـە زمـان ئامادەباشـی خـۆی تێـدا وێنـا دەکات و ڕاسـتی بوونیمـان نیشـاندەدات .

هـەر بۆیـە زمـان خـۆی لەوێناکردنـی شـتەکاندا دەردەخـات، کلـە ئاگامەندیمانـدا وێنـای هەمـوو ئـەو شـتانەمان بـۆ دەکات کەباسـی لێـوە دەکەیـن .

جگـە لـەوەش ئـەم خەسـڵەتەی زمانـی شـیعری هۆکارێکـە بـۆ دروسـتبوونی خەیاڵێکـی ئـازادو قـوڵ لـە تێرامانـی خـودەوە بـۆ دەق ، چونکـە زمانـی شـیعر پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆی بـە بیرکردنـەوەوە هەیـە و هەمـوو ناکۆکیەکـی بونیـادی شـیعریی دەگەڕێتـەوە بـۆ جـۆری زمانـی وێنـە .. چونکـە وێنـە ڕەگەزێکـی بنەڕەتییـە لەزمانـی شـیعریدا .

جگـە لـەوەش هەمـوو وشـەکان لەشەققەی باڵ دەدەن و هەموو ئاسمانی بەریـن لەبـەردەم فڕینـدا ئاوالآیـەو شـاعیر هەڵگـری پێناسـەی شـاعیرێتی خۆیەتـی ، چاونەترسانە گەمـە بەزمـان دەکات لەنێـو شـیعرەکانیدا ، ئەمـەش لەلایـەن شـاعیر فەراهەمکـراوە .

Kurd Writer's Union

General Center

یەکێتیی نووسەرانی کورد

مەڵبەندی گشتی

بەیاننامەی یەکێتیی نووسەرانی کورد سەبارەت
به پێشێلکارییەکی وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی عێراق بە بڕیاری ٦٤٩٦ لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی١٦/٧/٢٠٢٥ خوێندکارانی کوردی لە شارەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ناچار کرووە لە تاقیکردنەوەکاندا دەبێ بە زمانی عەرەبی یان ئینگلیزی وەڵام بدەنەوە. زۆر بە توندی ئەم بڕیارە شەرمەزار دەکەین و داوا لە سەرکردایەتی کورد و دەزگا پەیوەندیدارەکان بە تایبەتی بەڕێز وەزیری دادی عێراق کاک خالید شوانی و ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنەی پەروەردەی پەرلەمانی عێراق دەکەین بەدواداچوون بۆ ئەم بڕیارە بکەن.

لە کاتێدا لە عێراقی نوێ بانگەشەی دادپەروەری و یەکسانی هاووڵاتیان دەکرێت ناشێ مەسەلەیەکی ناوا هەستیار کە لەگەڵ ماددەی ٤ی دەستوری عێراقدا ناکۆنجێ، کە بە پێی زمانە فەرمییەکان دان بە یەکسانی زمانەکانی کوردی و عەرەبی لە دەزگاکان و شوێنە فەرمییەکاندا دەنێت.بڕیاری لەم شێوەیە بەزۆر بسەپێندرێت.

هەموو ئەوە دەزانین بۆ ئێمە زمان ناسنامەی نەتەوەییمانە و بە درێژایی مێژوو هۆکاری مانەوەی ئێمە بووە لە مێژوودا.بۆیە هەرگیز ئەم هەنگاوە جێگەی قبوڵ نییە و بەشێکە لە دووبارە تەعریب لە کوردستادا.هەروەها بە درێژایی تەمەنی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق لەپاڵ شاڵاوی سەربازی و ئابووریدا شاڵاوی رۆشنبیریش سەرکەوتنیان لە بەرامبەر ئیرادەو خۆڕاگریی خەڵکی کوردستادا سەری نەگرتووە. بۆیە بە ناوی یەکێتیی نووسەرانی کورد،کە رێکخراوێکی ئەدەبی و کلتووریی تەمەن زیاتر لە ٥٥ ساڵی پڕ لە خەبات و تێکۆشان و خاوەن چەندین نووسەری دیار و زیندانی و قوربانی زمانی کوردییە، ئەم پێشێلکارییە شەرمەزار دەکەین و داوادەکەین وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پاشگەز بێتەوەو بڕیارەکەی رەت بکاتەوە.

د.هیمداد حوسێن

سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد

وێنەیەك بۆ/

- دۆسیەی تایبەت.

ناونیشان: هەولێر - جووت سایدی فولکەی زراعە.

هەواڵنامەی کتێب